# ● جەنگ

ڕۆمان

## ● سەڵاح عومەر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

رۆمان

# جەنگ

سەڵاح عومەر



ناوی کتێب: جەنگ – ڕۆمان
نووسەر: سەڵاح عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٠٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل – لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## -١-

بەرلەوەی دایکم دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانی دڵی بەڕووی جیهاندا بکاتەوە و نهێنی ئاوارەبوونی خۆی و تەلیسمی شمشاڵ و نووسینی سەر ئەو کاغەزەی لەناو گۆڕەکەی باوکم جێ مابوون بدرکێنێ. من خۆم بەدەیان جار ئەو پرسیارانەم ڕووبەڕووی خۆم و ئەو کردبۆوە: من کێم، باوکم کێیە و ئێمە خەڵکی کام وڵاتین، دایکم لە کوێ هاتۆتە ئێرە، بۆ لە زێدی باووباپیرانی پەڕاگەندە بووە و، لێرە و لەم شارە گیرساوەتەوە، ئەگەر باوکم ماوە، کوا لە کوێیە و چی لێ هاتووە، ئەگەر نەماوە یا کوژراوە، کوا گۆڕەکەی لە کوێیە، یا ئەگەر کوژراوە کێ کوشتوویەتی و لەبەرچی کوژراوە، دایکم لە چ شار و وڵاتێ شاردوویەتییەوە و گۆڕستانەکە کەوتۆتە کوێ، ئەی بۆ لەو ماوە دوورودرێژەدا کە ڕەنگە چل ساڵێک بێ، تاقە یەک جار نەچوو سەردانێکی گۆڕەکەی بکات و منی نائومێد و کەسیرە لەگەڵ خۆی ببات، نەیهێشت وەک خەڵکانی دی، وەک بەچکەیەکی ئەو پیاوە لەسەر گۆڕەکەی دوو فرمێسکی گەرم بڕێژم و خۆم لە خەم و ئێش و ئازاری بێ باوکی بەتاڵ کەم، ئاسوودە لەسەر سنگیدا پاڵ بکەوم و سەرنج بدەمە کێلەکانی، ئارام ئارام لە باوەشی ساردوسڕی چاو لێک بنێم و خەون بەڕوخسار و وێنەکەی ببینم، ئاخر چۆن وا کفتی دڵم دادەمرکێتەوە، چۆن بەم شێوەیە ئاسوودە دەبم، وێنەکەیشم نەبینیوە تا بەخەیاڵ بیهێنمە بەرچاوم و بیدوێنم و دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، باسی ئەوەی بۆ بکەم چۆن لە نازی باوکایەتی بێ بەش بووم و کەسێ نەبوو دەست بەسەرمدا بهێنێ و نازم بکێشێ، وەک منداڵانی دی دەستم بگرێ و بۆ بازاڕم ببات، بەجادە و شەقامەکاندا بمسووڕێنێتەوە، جلوبەرگی جوانم بۆ بکڕێ، یا بمباتە یاریگای منداڵان و سواری شەمەندەفەر و چەرخوفەلەک و جۆللانەکانم بکات، ئینجا وەک باوکی خەڵکی، شەوان لەتەک خۆیدا بمنوێنێ و لە کاتی نانخواردندا لەتەنیشت خۆیم دانێ، ئەگەرچی دایکم درێغی لە پەروەردەکردن و نازکێشانم نەکردووە، بەڵام ئەوێکی بێ کەسی هەژار، کە ڕۆژ تا ئێوارە لە ماڵان بەخزمەتکردنی خەڵک و جلشۆرین و نانکردنەوە خەریک بوو، بواری نەبوو و نەیدەتوانی ئەم جێ و ئەو جێم پێ بکات، وە کاتێ گەورە بووم پێی نەگوتم باوکم چی لێهات، ماوە یا مردووە، ڕازیش نەبوو نهێنییەکانم بۆ بدرکێنێ و لە مێردەزمە و تارمایی و بیرکردنەوەی شەوان ڕزگارم کات، یا وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە و نەهێڵێ هێندە بیر لە بەژن و باڵا و سەر و کەللە و دەموچاو و ڕوخساری باوکم بکەمەوە، هەروەها پێی نەگوتم: باوکت پیاوێکی درێژ یا کورت، لاواز یا قەڵەو، تێکسمڕاو یا باریکێکی ڕەقەڵە بوو. نەیگوت بنیادەمێکی ئازا یا ترسنۆک، دڵڕەق و تووڕە و توندوتیژ یا نەرم و میهرەبان و بە بەزەیی بوو، ئەمە سیفات و ئەدگاری بوو،





مرۆڤ و خزم و هاوڕێی دۆست بوو، خەڵکی خۆشدەویست یا ڕقی لە خەڵک دەبۆوە، ئەمە کاروکاسبی بوو و هەژار یا دەوڵەمەند بوو، چیمان هەبوو، خاوەن زەویوزار یا هەژار و پاڵەیەک بوو، وەک ئەو هەموو خەڵکەی ڕۆژانە بەدوای کاروکاسبیدا دەگەڕێن... لەبارەی ژیانی خۆشی شتێکی وای نەدەدرکاند کە بۆ تەنیایە و خزمێکی نییە، ئەگەر خزمی هەن کوان لە کوێن، ئاخر ماقووڵ نییە مرۆڤ لە شارێکی قەڵەباڵغ و جەنجاڵی وەک ئەم شارە کەسێکی دوور یا نزیکی نەبێ، پوورێک، ئامۆزایەک، مامێک، خاڵێک، لەوەتەی هەم برایەک، کچی پوور و خاڵ و ئامۆزای ئامۆزایەکیم نەبینی ڕۆژێک بێت سەردانی بکات و هەواڵی بپرسێ، ئەویش بەهەمان شێوە سەردانی بکات و هەواڵی بپرسێ. خۆ وەک زیندەوەرێک لە کونی دیوارێ نەهاتۆتە دەرێ، کەسیش باوەڕ بەوە ناکات بڵێین خزمەکانی هەموویان پێکەوە سەفەریان کردووە و لێرە نەماون، یا هەموویان مردوون و کوژراون و کەسێکیان لە پاش بەجێ نەماوە، دیارە سەرلەبەری خێزانەکەیان وەجاغکوێر بوون، دایک و باوکیان، باپیرە و داپیرەگەورەیان منداڵیان نەبووە و هەر بەڕەچەڵەک وابوون، تاقانە بوون.

یا وەک دانیشتوانی هیرۆشیما بەر بۆمبێکی ئەتۆمی کەوتوون و کۆمەڵکوژ و ڕیشەکێش کراون، شتێکی سەیرە، خێزانێک کەسێکیان نەمێنێ، من گەلێ جار بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە کەسوکار و باپیرە گەورەم لە ترسی لافاو لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنەی پێشتر لێی ژیاون، سواری بەلەمێک یا کەشتییەکی وەک کەشتییەکەی نووح پێغەمبەر کراون و لە زێدی خۆیان وەدەرنراون، نەوەکا لافاو بیانبات و نقوومی ژێر ئاو بن، بەڵام دواتر هەموویان بەیەکجار تووشی هەلاکەت هاتوون و خنکاون.

ئەمانە کۆمەڵێ پرسیار بوون و بەردەوام بیرم لێیان دەکردەوە و بەردەوام وەک گێژاوێکی هاروهاج لەناو خۆیاندا لوولیان دەدام، دەیانسووڕاندم، دەیانبردمە دوورترین شوێنی دەریا، شەوان لەناو نوێندا گینگڵیان پێدەدام، دەهاتنە وێزەم و ئەزیەتیان دەدام، دەرمانێ نەبوو ببێتە مەرهەمی برینەکانم، لە دەستیان ڕزگارم کات، مەشخەڵ و کوورەی ئاگرەکەیان لە ناخم دامرکێنێتەوە، دەتگوت کۆمەڵێ شتی بڤەن و کەس ناوێری توخنیان کەوێ، نەوەکا دەست و پەنجەیان داغ ببێ، بۆیە ناچار بووم هەندێ جار ماوەیەک لە بیر خۆمیان بەرمەوە، یا خۆم لە ئاستیان گێل بکەم و، وا نیشان بدەم کە لەبیرم چوونەتەوە، بەڵکو ئێ لە داهاتوویەکی دوور یا نزیکدا دایکم لە کەلی شەیتان دابەزێ و پەردەیان لەسەر لابەرێ. کە پووریشم مرد هەر بەجارێ نائومێدی باڵی بەسەر ژیانمدا کێشا و هێندەی دی دڵ و دەروونم تاریک بوو، تەمێکی خەست، سەراپا ئاسمانی ڕۆحمی گرتەوە، مێشکم جەنجاڵتر بوو، شتەکانم لا ئاڵۆزتر بوون، دەمی خۆمم گرت و قوروقەپ لێ کرد، بڕیارم دا جارێکی دی نێمەوە سەریان، بەلایاندا ڕانەبوورم و

لێیان دوورکەومەوە، کەچی نەمتوانی ئەوە لەبیر خۆم ببەمەوە کە من کێم و باوکم کێیە و دایکم بۆ ئاوارەی ئەم شارە بووە، بۆ لە شوێنی خۆی ڕیشەکێش کراوە، بۆ نهێنییەکانیشم نادرکێنێ، مەبەست لە نەدرکاندنی چییە، تۆ بڵێی شتێکی لەکەدار لە گۆڕێدا نەبێ، لەکەیەکی ناشیرین یا پچڕانێکی بەئەنقەست لەنێوان بزربوونی باوکم و ئاوارەبوونی دایکم هەبوو، بەڵام نەمدەدۆزیەوە، مێژووی لەدایکبوون و مێژووی کۆچی دوایی یا مردن و کوژرانی باوکم لا گرنگ نەبوو، مەبەستیشم نەبوو بزانم دایکم چ ساڵێ هاتۆتە ئێرە، بەڵکو ئەوەی مەبەستم بوو ئەوەبوو بزانم ئەو ناوەی لە ڕەگەزنامەکەمدا بەدوای ناوی منەوە نووسراوە کێیە و چی لێ هاتووە و خەڵکی کام وڵاتە، بەچ ڕووداوێ لەناوچووە، کێ لەناوی بردووە و بۆ لەناویان بردووە، کێن ئەوانەی لەناویان بردووە، دایکم بۆ پێم ناڵێ و ئەو هەموو ساڵە دوورودرێژە بۆ لێمی دەشارێتەوە، یا نایەوێ ئاشکرایان بکات.

جارێ بەمەسەلەی شمشاڵ و کاغەزەکەم نەدەزانی، ئاگام لەوە نەبوو دایکم لە ژوورێکی چۆڵوهۆڵدا بەتەنیا سێ شەو ئێشکی بەسەر تەرمی باوکمەوە گرتووە و شەوی چوارەم شمشاڵێک و کاغەزێک لەناو ئەو چاڵەی کە دایکم بۆ شاردنەوەی باوکم هەڵیکەندبوو بەجێماوە، پاش هەڵکێشانی تەرمەکەشی شتەکانیان لەژێر سەری داناوە پاشان بەتەنێکی ڕەش بردوویانە و لەوساوە نازانێ چی لێهاتووە، بەهەمان شێوە ئەوەشم نەدەزانی برایەکم هەیە بەناوی عەلی و ئەویش لەلایەن جەندرمەوە ڕفێنراوە و لەوساوە سەروسۆراغی نییە، بەر لە ئێمشەویش لە دەمی ئەوەوە نەمبیستبوو کە لە بنەڕەتدا ئێمە خەڵکی گوندێکی کوردستانی ئەودیوین و برسیەتی و ترس و گرانی و شەڕی یەکەمی جیهانیی دایکم و پوورمی ئاوارە کردووە و پاش ڕفاندنی عەلی برام و مردنی باوکم ئەوێیان جێهێشتووە و لێرە گیرساونەتەوە، هاتوون بەکۆڵەمەرگی لە خانووێکی لە قوڕ دروستکراوی گەڕەکێکی هەژارنشین باروبنەیان خستووە، ئەمەشی بۆ نەدرکاند بووم کە باوکم خاوەن زەویوزار و باغ و باغاتێکی زۆر بووە و پاش خۆیان لەوێ جێیان هێشتووە، نازانن ئێستا چییان لێهاتووە و کێ داگیری کردوون، چونکە دایکم تا ئەمڕۆ پێی وابوو کە ئەگەر ئەو نهێنییەکان نەدرکێنێ کەسێکی دی نییە بیاندرکێنێ، لەپاش مردنی پووریشم تەواو دڵنیا بوو. بەڵام لەوە بێ ئاگا بوو پوورم هەندێک لە نهێنییەکانی بۆ نازی کچی باس کردووە، ئینجا لە ڕێی ئەوەوە منیش پێم زانیون و دەمەوێ پتریان لێ بزانم، ئەگەرچی ئەوەی ناز پێمی گوتبوو هێندە لام گرنگ نەبوون و ئەوە نەبوون تینوویەتی دڵم بشکێنن، چونکە لام شتی ئاسایی بوون و وەڵام نەبوون بۆ ئەو پرسیارانەی کە ژیانمیان تاڵ کرد بوو وەک ڕەشەبا دەهاتن، ڕایاندەماڵیم، بۆ دووریان دەبردم.





من و دایکم و نازی هاوسەرم کە کچی پوورم بوو، لە کەلاوەیەکی نیمچە گەورەی بێ حەوشە دەژیایین کە ڕووەو ڕۆژئاوا دەیڕوانی و کەوتبووە ناو کۆڵانێکی تەنگەبەری دوورە شار، شوێنەکەی پیس و بێزارکەر بوو، ڕۆژ کەم لێی دەدا و زۆربەی کات سێبەر باڵی بەسەردا دەکێشاو، دیواری حەوشەکەمان لە سیلەی قەبرستانێکی گوندەکانی سەرووی دەکرد کە بەبەرد هەڵچنرا بوو، کۆڵانەکەش وەک دایکم نهێنی دەیان ساڵی پڕ گومان و حەسرەت و دووری و دابڕانی لە کۆڵ نابوو، کەسێ نەبوو بزانێ لەژێرەوەیدا چی لە پەنا خۆی حەشارداوە، ڕەنگە ئەویش وەک من ساڵانێکی دوورودرێژ بێ پرسیاری چارەنووسساز ئۆقرەی لێ هەڵگرتبێ و کۆمەڵێ یادگاری تاڵ تاڵی خستبێتە ناو دەفەی سنگی و نەیگوتبێ ئاخ، جا کێ هەیە بەنرکە و ناڵەی بەرد و دار و زەوی و چیا و ئەشکەوت و دیوار بزانێ.

***

ئیمشەو دایکم بێ ئەوەی داوای لێ بکەم هەر لە خۆیەوە کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و یەک یەک پەردەی لەسەر تەلیسم و نهێنییەکان لابرد، دەتگوت شتێ لە ناخەوە پاڵی پێوەدەنێ تا خۆی بەتاڵ بکات و شتەکان بداتە بەر با و بەبایان بکات. منیش زارەترەک دەمڕوانییە دەمی و سەرسام گوێم بۆ دەگرت، نهێنییەکان وەک هەورە تریشقە و بروسک بەر گیانم دەکەوتن و چەشنی دار بییەک دەهەژامەوە، پرسیارە کۆنەکانیشم چەشنی برینی کۆنەساڵە قەتماغەیان بەردەدا و لە مێشک و دڵ و دەروونمدا دەکەوتنە جووڵە، وەک جاران شاڵاو و هوڕووژمیان بۆ دێنام، بەڵام ئەمجارە لە خۆشییان بوو نەک نائومێدی. مرۆڤ کە منداڵێکی لەدایک دەبێ یا هەواڵێکی خۆشی پاش ساڵانێکی دوورودرێژی پڕ چاوەڕوانی پێ دەگات لە خۆشییان دەکەوێتە هەلەکە سەما و نازانێ بەچی ئەو خۆشییە دەربڕێ. ڕەنگە هەندێ جار وەک باڵندە باڵ بگرێ، یا وەک دارێ ببووژێتەوە و وەک گەریدەیەک بەناو شارەکەیدا بسووڕێتەوە و هاوار بکات:

– خەڵکینە وا بەمراز گەیشتم و تازە ئەگەر بشمرم باکم بەمردن نییە، بەڵام هەر زوو ڕووداوی مردنی باوکم و ڕفاندنی عەلی برام و شمشاڵ و کاغەزەکە گرفتێکی گەورەتریان بۆ دەخوڵقاندم. چونکە کاغەز و شمشاڵەکە تەلیسمێک بوون پێویستیان بەشیکردنەوە هەبوو، ڕفاندنی و گیرانی عەلی براشم بەهەمان شێوە تووشی هەژان و ڕامان و بیرکردنەوەیەکی زۆریان کردم. پێشتر نەمدەزانی برایەکم هەبووە بەناوی عەلی و لە لایەن جەندرمەکانەوە ڕفێندراوە، تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە و بێ سەروشوێنە. هەروەها کوشتنی باوکم گرفتێک بوو و بیرکردنەوەی زۆری هەڵدەگرت. دەمویست بزانم تەنە ڕەشەکە و هەڵکێشانی تەرمەکەی لە لایەن ڕەشپۆشەکان چی

دەگەیینێ. لەمەدا مێژووی ڕووداوەکانم لا گرنگ نەبوو بەقەد ئەوەی دەمویست بزانم هۆیان چی بوو و چۆن ڕوویانداوە، باشە ئەدی کاغەز و شمشاڵەکە گوزارشت لە چی دەکەن... بۆیە کاتێ دایکم ئەو هەموو شتە ئاڵۆز و تێکەڵوپێکەڵانەی بۆ درکاندم، ماوەیەک دۆشدامام و بۆم لێک نەدرانەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو هێندەی دی شتەکانم لا ئاڵۆز بوون کە لام ڕوون بوون. وە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی دایکم لە نەدرکاندنیان لەسەر حەق بووە، چونکە بەبۆچوونی خۆی باری سەرشانم بەئاشکرا کردنیان قورستر دەبێ، کێچ دەکەوێتە کەوڵم و هەوڵدەدەم لە هۆی ڕووداوەکان بکۆڵمەوە. یا بڕیاری ئەوە دەدەم بەدوای نهێنییەکاندا بچم، لەمەشدا یا دەگەڕێمەوە یا سەرم تێدەچێ. کاتێ دایکم ڕووداوەکانی گێڕایەوە وەک ئەوەی لەشم بەر تەوژمی کارەبا بکەوێ یا مگناتیز ڕام بکێشێ، پەلکێشی ناو بازنەی هۆکار و شوێن و زانینی وردودرشتی ڕووداوەکانی ساڵانێکی دوورودرێژی بەر لە ئەمڕۆ بووم. پەلە بووم سەرلەبەریان بزانم.

دایکم مافی خۆی بوو کە پێشتر نهێنییەکانم بۆ نەدرکێنێ و بیانشارێتەوە. چونکە شارەزای هەڵسوکەوتم بوو و دەیزانی بێ بیرکردنەوە بڕیار دەدەم بڕۆم. لە هەڵەشەییم ئاگادار بوو و دەترسا منیش وەک عەلی برام لێی دابڕێم و لێی دوورکەومەوە. ئەوسا هەر بەجارێ کۆستی دەکەوێ و پەشیمانی دادی نادا. بەڵام من وام لێک نەدەدایەوە و بۆ ئەم لایەنەم نەدەبرد، نەمدەزانی دایکم بیر لە شتێ دەکاتەوە من نایزانم و بیرم لێ نەکردۆتەوە، ئەوەم نەدەزانی ڕابردووی دایکم ئێستا و داهاتووی من دەکەوێتە بەرمەترسی و ئەویش دەبێتە لکە پووشێکی سووک و ناخی گڕ دەگرێ. یا وەک شووشەیەک دەشکێ و دەبێتە پارچەی بچووک بچووک. ئەوسا هێزی جارانی نامێنێ و لەبەردەم ڕەشەبای ڕۆژگاردا هەر زوو دەچەمێتەوە.

نازی هاوسەرم بەر لە مردنی پوورم بەچەند مانگێ دایکم لێی مارە کردم و بوو بەهاوسەرم. بەڵام بێ ئاگا بوو لەوەی ڕۆژگار چی بەدایکم و دایکی ئەو کردووە. نەشیدەزانی چ نهێنی و ڕووداوێک لەبن سەریان هەیە. لە خۆی نەپرسی بوو بۆ لەم شارە تەنیان و کەسیان نییە. ڕەنگە ئەو هەر بیری لەو مەسەلانە نەکردبێتەوە و پرسیاری وای لەخۆ نەکردبێ کە دەبووایە لەخۆی بیانکات. ئەو پرسیارانەی منیان خستبووە گومانێکی هەمیشەیی و بایی تۆزقاڵێ هەستی ئەویان نەوروژاند بوو، تەنیا ئەو شتە ڕووکەشانەی دەزانی کە دایکی بۆی گێڕابۆوە و بریتی بوون لە مەسەلەی ئاوارەبوونی دایکم و دایکی و بەس، لەمە پتر شتێ نەبوو بیزانێ، ڕەشەبای نهێنییەک نەبوو بیهەژێنێ و خەو و خۆراکی لێ حەرام بکات. ئەو وەک من لە لەدایکبوونی خۆی بەگومان نەبوو. بەڵکو وەک هەر منداڵێکی ئاسایی لە ماڵ و ژوورێکی نەخۆشخانە لەدایک ببوو. وە لە ساتی لەدایکبوون باوکی لە حەوشە یا لە هەیوانی نەخۆشخانەکە





بەدیار دەرگاوە وەستابوو، چاوەڕێی چرکەی لەدایکبوونی کردبوو. پاشان دواتر کە ساڵ بەساڵ گەورە بوو دایک و باوکی سەرپەرشتییان کرد و بەپێی توانا توانیی ئارەزووەکانی جێبەجێ بکات. وەک منداڵێکی ئاسایش خرایە بەرخوێندن و تا قۆناغی دواناوەندی لە خوێندن بەردەوام بوو. بەڵام دواتر بەئارەزووی خۆی قوتابخانەی جێهێشت. کە باوکی مرد ناز خۆی و دایکی بەدیارییەوە بوون. بردیانە گۆڕستان و پاشان تازیەیان بۆ دانا و حەفتانە دەچوون سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد. کەواتە ئەو دەزانێ گۆڕی باوکی لە کوێیە و بەچی سەری ناوەتەوە.

دایکی ناز پیاوێکی دیارکراو مێردی بوو و تەمەنێکی چاکی لەگەڵدا بردەسەر. خۆ وەک دایکم مردنی باوکم نەبۆتە کەسەرێ لەسەر دڵی. مردنەکەشی هیچ لوغزێکی تێدا نییە و دایکی ئەو سێ شەو ئێشکی بەسەر تەرمەکەیەوە نەگرتووە، ئینجا کۆمەڵێک ڕەشپۆش نەهاتوون بیڕفێنن. هەروەها وەک من برایەکی بزربووی بۆ پەیدا نەبوو و دایکی ئازاری بۆ دوورکەوتنەوە و بزربوونی نەچەشت. ئەمەم بۆ قووت نەدەدرا کە لە بەندیخانە لە دایک بووبم. چۆن دەبێ منداڵ لە گرتووخانە لەدایک ببێ، ئەگەر نهێنییەک لە ئارادا نەبێ. منێک کە لە شەوێکی ئەنگوستەچاو و سارد و تەماوییدا لەدایک بووبم، چۆن گەورە بووم و چۆن گەیشتمە ئەمڕۆ. دیار نییە چەند ساڵ لە بەندیخانە ماومەتەوە و ئەو ماوەیە کێ مەسرەفی کردووین و کێ بەخێوی کردم. یا چۆن ژیانمان لەگەڵ ئافرەتە گیراوەکاندا بردسەر. دواتر کە دایکم ئازاد کرا بۆ کوێ چووین و کێ داڵدەی داین، کێ دەستی بەزەیی بەسەرماندا هێنا و باوەشی میهری بۆ کردینەوە. کێ بوو ئەو کەسەی ماڵ و خانووی بۆ پەیدا کردین و دایکم چۆن ئەو خانووەی هەر لە کەلاوەیەک دەکات دروست کرد و کێ بۆمانی کڕی و کێ پارەی دایە دایکم. ژنێکی هەژاری نەناسراوی ئاوارەی بێ کەس و تەنیای بێ کار و پیشە بەچی دەژی، پاشان کێ لای خۆی گلی دایەوە و کێ کاری کارەکەری و جلشۆرین و نانکردنی بۆ پەیدا کرد، ئەمانە هەموویان پێشتر و ئێستاش خەو و خۆراکیان لە من حەرام کردووە و حەرامی دەکەن، ماوە ماوە دێنە وێزەم و ژیانم لێ دەکەنە قوزەڵقورت، وەک زێروو دەم دەنێتە هەناو و خوێنم دەمژن، گەرووم دەگوشن و دەمدۆشن و دەمنۆشن.

پوورم بەر لەوەی ماڵئاوایی لە دنیا بکات کوێر و نابیناش ببوو، بەتەنیا لەو خانووە دەژیا کە مێردەکەی دوای خۆی بۆی بەجێهێشت، ئامادەش نەبوو جێی بێڵێ و بێت لای دایکم و لای ئێمە بژی، چونکە پێی وابوو لەوێ دوورکەوێتەوە دەمرێ، یا لە کاتی خواردن و دانیشتنندا ئێمە سەیری دەکەین و ئەو شەرم دەکات، بێ گەرد و دڵپاکیش قەشمەری پێ دەکەن و هێندە خولقی نادەنێ، پێی وابوو لە ماڵەکەی خۆی نەبێ هەست بەئاسوودەیی و ئارامی ناکات، دەیگوت:

مرۆڤ ماڵی نەبێ، مرۆڤ نییە، هەست بەئاسایش ناکات، من لە ماڵەکەی خۆم خۆم بەگەورە دەزانم، بچمە شوێنێکی دی بچووک دەبمەوە، من خووم بەدار و دیوار و کەلوپەلەکانمەوە گرتووە و ناتوانم لێیان جیا ببمەوە، ئەو قاد ڕایەخ و لێفانە وەک منداڵ لە باوەشم دەگرن و وا دەزانم بەشێکن لە ژیانم، بۆیە هەر چ کاتێ لێیان دوورکەومەوە دەمرم، ئەو قاپ و کۆنەتەباخ و کەوچک و پەرداخانە جێ پەنجەی منیان بەسەرەوەیە کە خۆم پاکیان نەکەمەوە کەسێکی دی وەک من پاکیان ناکاتەوە و نایانپارێزێ. ئەوەی هەیبوو تەنیا کۆنە سندووقێک، ڕایەخێکی دڕاو، لێفێکی قرێژاوی زەرد هەڵگەڕاو، دۆشەگێکی بەرگ خۆڵەمێشی کۆن و یەک دوو قاپ و قەرەوێڵەیەکی پا شکاو بوون، هەر خۆشی چێشتی بۆ خۆی لێدەنا و جلی دەشۆرد و گەسکی لە ماڵەکەی دەدا، ماڵەکە و شتەکانی وەک گوڵ پاک دەکردنەوە، ئەگەر ناز بۆی پاک بکردایەتەوە، ئەوا پاشی ئەو هەمدیسان ئەو خۆی پاکی دەکردنەوە، چونکە بەکاری ئەو دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، تا ڕۆژێک لەسەرمان لە ژوورێ ڕەق بۆوە و دوا هەناسەی لەسەر سەرینی تەنیایی و گۆشەگیری دا.

پوورم بەهەژاری ژیا و بەهەژاری گیانی سپارد، جگە لە منیش کەسێ نەبوو لە مزگەوت تازیەی بۆ دانێ و دانیشێ، کەسێ نەبوو بۆ سەرقەبران بەدوای تەرمەکەی بڕوات، هەر خۆم کفن و دفنم بۆ کڕی و پارەی قەبرلێدانم بۆ ژمارد.

مردنی پوورم وەک گوێزان کەوتە بڕینەوەم و برینەکانمی قووڵتر کرد، هەموو ئەو شتانەیش کە لە ناخمدا گلم دابوونەوە، وەک دومەڵ تەقینەوە و بۆ جاری هەزارەمین گەرایان دانایەوە.

پێم سەیر بوو ئیمشەو دایکم پاش ئەو هەموو ساڵە بڕیار بدا نهێنییەکان، تەلیسمی کاغەز و شمشاڵ و شتەکانی دیم بۆ بدرکێنێ، ئەی چۆن توانی چل ساڵ لە دەفەی سنگی خۆیدا تەقەتیان کات و بیانپارێزێ، بەڵام لەناکاو بێ ئەوەی داوای لێ بکەم دەستی کرد بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان و لە نووکەوە، ورد و درشتی بۆ هەڵڕشتم، ژیان و مردنی باوکم و ڕفاندنی عەلی برامی کردە سەر دەستەی بەسەرهاتەکان و پێداهات، گوتی و گوتی، ئەوەی گرنگ بوو گێڕایەوە و نەیبوارد، گوێی نەدایە سەرسامی و گومان و ترسەکانی من، بیری لە هۆی نەدرکاندنی لەوەوپێشتری نەکردەوە ترس و گومان و هەستەکانی پێشووی وەلانا و دەستی پێکرد.

لەو بەیانییەی کە لە بەیانییەکی ئاسایی نەدەکرد و هێشتا تاریک و ڕوون بوو، جارێ تیشکی خۆر نەببووە میوانی ماڵ و ژوورە خامۆشەکەمان و سڵاوی لە هەر چوار کەناری دنیا و کۆڵان و گەڕەک و گوندەکەمان نەکردبوو، هێشتا باڵندە برسی و ڕەقەڵەکان و منداڵە چاوگەشەکان گەرم نەببوونەوە، ئافرەتە کۆستکەوتووەکان و پیرە





بەساڵاچووەکانی کوچە تاریکەکان لە خەو هەڵنەستابوون و دڵیان ڕۆشن نەببووەوە، لەو بەیانییەی کە هێشتان دڵ و دەروونی پاکیزەکان کەلەپچە نەکرابوون کەزی شۆڕەژنەکان بەسەر بانێژە و بالکۆنەکان شۆڕ نەببۆوە کۆشکی نەرمینی شۆخ و شەنگ، نەرمینی باڵابەرزی قژ ئەرخەوانی، بەیانی باشی لە پەپوولە و گوڵ و درەختەکانی حەوشەکەیان و لە باخچە و چیمەن و کوکوختی سەر گڵۆپەکان نەکرد بوو، هێشتاش مێردەکەی دەموچاوە ترشاوەکەی لەژێر پەردەی چوارپایەکە دەرنەهێنا بوو، جارێ سەیری ڕوخساری گەشی نەرمینی نەکرد بوو، تا پێی بڵێ: بەیانی باش، گوڵەکەم. ئەویش باسکی شل و نەرمی بەسەر دیوار و پەنجەرەکان شۆڕ نەکردبۆوە و پرچی خاوی شانە نەکردبوو، جادە و کۆڵان و گەڕەک و باخچەکان، خەواڵوو بوون، چۆلەکەکان خەواڵوو بوون و نەیانکردبووە جریوە جریو، نەکەوتبوونە باڵەفڕە و ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ کردن، من خۆشم سڕ بووم و لەژێر بەتانیەدا خەوم لێکەوتبوو و نەچووبووم دەرگا و پەنجەرەکان بەڕووی خۆر بکەمەوە. ئا لەم کاتەدا دەنگی هەنسکدان و لرفە لرف و گریانی دایکم بەخەبەری هێنام و ڕاپەڕاندم، لە ترسا وامزانی شتێ ڕوویداوە، بۆیە بەپەلە لەناو نوێن هاتمە دەرەوە و بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ژوورەکەی دایکم و چوارپایە شڕووڕەکەی و بەسەرسەریەوە سەرسام وەستام، گوێم دایە کروزانەوەی دایکم. گوتم بزانم چی دەڵێ، ئەو دەنگ و پرتەوبۆڵەیەی دەیکرد چییە، کەچی هیچی لێ تێنەگەیشتم و نەمزانی چی دەڵێ، دایکم بەتانیەکەی تا سەر دەموچاوی هێنا بوو و منی نەدەبینی، ئاگای لەوە نەبوو بەسەر سەرییەوە وەستاوم و گوێم لە کروزانەوە و گریانی گرتووە، بۆیە ناچار بووم بەتانیەکەی لەسەری لابەم و دەموچاوە پڕ فرمێسک و چرچ و پڕ لۆچەکانی ببینم، لێی ورد ببمەوە، یەکەم جار بوو دایکم وا نائومێد و غەریب و خەمبار ببینم و هەست بەو هەموو داتەپینە ڕۆحیەی سەر ڕوخساری بکەم. هەستم کرد مردن چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە سەری و عیزرائیل زۆر لێیەوە نزیکە، هاکا گەیشتە سەری و ڕۆحی فریشتەیی و جەستەی ماندوو و شەکەت و پڕ ئازاری کەلاواژ کردەوە، بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەم دنیا قەحپەیە کرد، هاکا مردن بینی بەشادەماری دڵیەوە کرد و خوێنی هەڵمژی.

ڕەنگە خۆشی هەستی بەنزیک بوونەوەی مردن کرد بێ، یا ڕووداوێکی زۆر ناخۆش و کاریگەری بیر هاتبێتەوە، بۆ نا، هەموو شتێ دەبێ، ماوەیەک لێی وردبوومەوە و بێ دەنگ سەیریم کرد، نەمتوانی بەخەبەری بێنم، بەڵام ڕێکەوت وای کرد بکۆخم و ئەو چاوی بکاتەوە و ببینێ، کە منیشی بینی یەکسەر بێ ئەوەی شتێ بڵێ دەستمی گرت و لە چوارپایەکە نزیکی خستمەوە، ئینجا بەئیشارەت داوای لێ کردم لای قاچەکانی دانیشم، منیش وەک ئەو چۆنی ویست وام کرد، ئەوسا ئەو بەنرکە نرک و بەگرانی

ڕاست بووەوە و بالیفەکەی لەسەر دۆشەگەکە دەرهێنا، خستیە ژێر هەنیشکەکانی و خۆی بەلای مندا شۆڕ کردەوە، بەڵام کە ویستم قسەیەک بکەم و هەندێ پرسیاری ئاراستە بکەم نەیهێشت و یەکسەر دەستی پێکرد:

– شەو خەونم بینیوە و دڵم خەبەرم پێدەدا، عەلی برات بەڕێوەیە و ڕەنگە تا چەند سەعاتێکی دی بگاتە جێ و لە هێکڕا خۆی بەماڵێدا بکات.

– سەعات چەندە و چەندی بۆ مەلابانگدان ماوە؟

کە وای گوت من بەتیکە چاوێ، بەڵام گوماناوی سەیری چاوەکانیم کرد و بێ دەنگ ڕوانیمە دەربڕینەکانی ڕەنگ و ڕوخساری، وامزانی وڕێنە دەکات، عەلی کێیە، برای چی، من کوا برام هەیە، پاشان لە کوێ دێتەوە، بۆ بۆکوێ چووە تا بگەڕێتەوە؟ ئەی بۆ تا ئێستا پێمی نەگوتبوو برایەکت هەیە بەناوی عەلی و لە فلانە شوێنە؟. کەچی ئەو بێ ئەوەی گوێ بەگومانەکانی من بدات درێژەی پێدا و گوتی: عەلی لە خەونمدا سواری بوراقێ ببوو و بۆ ئێرە دەهات، جلێکی سپی ئاوریشمی نەرمی پۆشی بوو و عەباکەی لەبەر شنەبا دەشنایەوە و جار جارە دەموچاوی لەژێر لێچەگەکەی دەردەکەوت، چەپکێ تیشکی پیرۆز لە ڕوخسارییەوە بەرز دەبۆوە و دەوروبەری ڕووناک دەکردەوە، ئاڵا سپی و سەوز و زەردەکەی دەستیشی هەنگاو بەهەنگاو و پتر دەردەکەوت و بۆ پێشەوە دەهات، جووڵەی دەستی، سەری، قاچەکانیم لەسەر پشتی ئەسپەکەوە دەبینی، ئەسپەکە تیژ ڕێی دەبڕی و سمکۆڵی دەدا و دەیحیلاند، سمی ئەسپەکە بەزەوییەوە نەبوو، دەتگوت بەسەر زەوییەوە دەفڕێ، عەلیش ئاڵا بەدەست توند خۆی بەئەسپەکەوە گرتبوو و پێی لە زگی دەکوتی، بینیم لە شاخە بەرزەکەوە وەک مەشخەڵی ئاگر دەردەکەوت و بۆ ناو دۆڵەکان شۆڕ دەبۆوە، ئینجا بەلای دەستە ڕاستدا بەرەو گوندێکی چۆڵ و خاپوور کراودا ڕەت بوو، لەوێشەوە بۆ ناو چەم و ڕووبارەکان، چەند سەعاتێکی دی نابا، دەگاتە جێ و بێ لە دەرگادان خۆی بەژوورێدا دەکات، خۆی و ئەسپەکەی، خۆی و ئاڵاکەی دەستی، خۆی و عەباکەی بەری، خۆی و بۆنی بخوور و گوڵ و گوڵزاری باخچەکانی بەهەشت دێن و خۆ دەخەنە باوەشم، تێر تێر بۆنم دەکەن و بۆنیان دەکەم، تێر تێر ماچیان دەکەم و ماچم دەکەن، سەریان دەخەمە سەر باسکم و گۆرانی لایلایەیان بۆ دەڵێم، هێدی هێدی پەنجە بەناو قژە تۆزاوییەکەی عەلی دەگێڕم، هێدی هێدی شان و مل و پشتی دەشێلم و نەرم نەرم دەیدوێنم، شل شل گوێی بۆ دەگرم، بزانم چۆن بەسەرهاتەکانی خۆیم بۆ دەگێڕێتەوە، لە کوێ دەست پێدەکات و چی دەگێڕێتەوە، بزانم ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە لە کوێ بوو و کوێی کردبووە مەنزڵگا، بۆ نەدەهاتەوە، پێی دەڵێم لە نووکەوە پێدا بێت و شتێ نەبوێرێ، هەموو شتێ بەوردودرشتەوە باس بکات، پێی دەڵێم خەمی بێزاربوون و گوێگرتنی منی نەبێ، چونکە دەمەوێ بزانم ئەو دوا





بڕاوانەی گرتنیان بۆ کوێیان برد، ئاوارەی کام وڵات و ناوچەیان کرد، هاوڕێکانی کێ بوون و خەڵکی کام شار و گوند و دەڤەر بوون، هەڵسوکەوتی ئەوانەی لەگەڵیان دەژیا چۆن بوو، چی دەخوارد و چۆنی ڕادەبوارد، لەسەر چی دەخەوت. سەرین و دۆشەگ و بەتانیەیان هەبوو یا لەو گۆڕە پاڵ دەکەوتن و سەریان بەتاشە بەرد دەکرد، ئەو شوێنەیش کە لێی دەژیان خانوو و ماڵ و ژوور بوو یا سەنگەری چۆڵەوانی.

زستانان کاتێ بەفر و باران و ڕەهێلە و با و بۆران بووایە بۆ کوێ دەچوون، چرا و گڵۆپ لە ژوورەکاندا هەبوو یا لە تاریکیدا لەژێر خێمە دادەنیشتن و لەبەر قرچەی گەرمای هاوین ڕادەکشان، هاوین لەژێر سابات و سێبەردا پاڵ دەکەوتن، عەلی تۆ ناناسێ و تۆی نەدیوە، نازانێ برای هەیە یا خوشک. چونکە کاتێ ئەویان ڕفاند تۆ هێشتا لەدایک نەبووبووی و یەک دوو مانگ بوو کەوتبوویە زگم و جارێ دەڵەمە بووی، چاوت بەدنیا ڕۆشەن نەکرد بۆوە. ڕەبی موویان لێ بێ و کوێر بن ئەوانەی نەیانهێشت ئێوە یەکتر ببینن و پێکەوە بژین، ئەو چاودێریت بکات و فێرە ڕاووشکارت بکات، فێرە خۆشەویستی و پیاوەتی و ئازایەتیت بکات، لەگەڵ خۆی بۆ ئەو شوێن و ئەو شوێنت ببات و تۆش وەک خۆی شەیدای ئاسک و کەڵەکێوی و کەو بکات، ڕووبار و چەم و چیات خۆش بوێ، بەدەوری داربەڕوو و دارچنار و دارهەنجیر و دارهەڵووژە و دارمێوەکان بسووڕێتەوە و وەک عابیدێکی سروشتپەرست، جوانیپەرست، حەقپەرست بژی...

ئەوانەی عەلییان بەدەست و پێی کەلەپچە کراوەوە ڕاپێچا و بردیان، مرۆڤ نەبوون، گورگ و دڕندە بوون، نازانم لە کوێ هاتن و لە چ کونێک لێمان پەیدا بوون، ئەو سەگباوکانەی کەس نازانێ ڕەچەڵەکیان هی کوێیە و کوڕی کێن، خەڵکی کام وڵاتن، تەتەر و مەغۆلن یا لە بنەچەی دێوودرنجن، بەنوێژی نیوەڕۆ گەمارۆی عەلی و لاوەکانی دیکەی گوندیان دا، گوایە بۆ سەربازییان دەبەن و دەبێ بۆ پاراستنی شەرەف و بەرز ڕاگرتنی ناوی وڵات و ئایین بجەنگن، بەرامبەر کافر و دوژمنان ئازایەتی بنوێنن. بەقسەی هەندێ لە خەڵکانی گوندیش ئەو لاوانەی دەیانبردن، ماوەی سێ مانگ لە سەربازگەیەکی سەر دەریا مەشقیان پێ دەکردن و پاشان دەیاننارنە سەنگەرێ لەو سەنگەرانەی کەوتبوونە ڕۆژئاوای وڵات، جا یا دەهاتنەوە یا دەبوونە قوربانی جەنگە ناڕەواکەیان، بەڵام عەلی ئازا و نەبەرد و مەرد بوو و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا و، وەک ئیسماعیل گێڕایەوە، هەفتەیەک لێیان یاخی بوو، هەفتەیەک بەتاقی تەنیا سەنگەری لێ گرتن و لە شەڕێکی بێ وێنەدا بەرگری کرد و یەک دووانێکی لێ بریندار کردن. کە فیشەگیشی نەما ئەوان فورسەتیان لێ بینی، هەڵیان کوتایە ناو سەنگەرەکە و هەر چۆنی بوو دەست و قاچیان شەتەک دا، نامەردانەش لەگەڵی جووڵانەوە و

گرتیان. ئینجا بەقۆڵ بەستراوی بەچوار کەس ڕایان پێچا، بردیان و بەباریکە ڕێگاکەی ئەودیوی گوند، بێ ئەوەی بهێڵن دوا نیگای تێ ببڕم، یا دوا حافیزبوونی لێ بخوازم و ببمە شاهیدعەیانی ئازایەتی و نەبەردایەتیی و خۆڕاگری شێرەسوارێکی عەگید کە من بەخێوم کرد بوو، دووریان خستەوە.

نەیانهێشت گوێم لەو جوێنانە بێ کە لەکاتی هەنگاوناندا پێی دەدان، یا بەچاوی خۆم ببینم چۆن تووڕەیی غەزەبیان بەسەردا دەڕژێنێ و چۆن سەربەرزانە لەناویاندا دەڕوا و گوێ بەتفەنگ و چەک و جبەخانەکەیان نادا، ئیسماعیل وای گوت و وای گێڕایەوە: عەلی لەکاتی هەنگاوناندا سنگی دەرپەڕاند بوو و گۆرانی دەگوت، وەک جەنگاوەرێکی ئازا و سەرکەوتوو دەیڕوانیە چیا سەرکەشەکانی بەرامبەری، بۆ دوور دەیڕوانی و هیچ پایەییێکی بۆ سەربازەکانی دەوروپشتی دانەنابوو، هەنگاوی دەنا و دەنگی بەرزتر دەکردەوە، گۆرانی سەرکەوتنی دەچڕی، کە لە گۆرانیەکەش بۆوە، کەوتە جوێندان و سووکایەتی پێکردنی گەورە و بچووکیان، ئەوانیش نەدەوێران لێی نزیک بکەونەوە و توخنی بکەون، ئەگەر وایان نەکردبایە ئاگر بەسەردا دەبارا.

***

شەو هێدی هێدی لوولم دەدا و تاریکی هەڵم دەلووشێ، هێدی هێدیش وێنەی باوکت لەسەرەمەرگدا لەبەرچاوم ڕوونتر، گەشتر، گەورەتر خۆیم نیشان دەدا، وێنەیەک کە گەورەتر لە وێنە ئاساییەکان، کاریگەرترە لە وێنەکانی دی، بەئازارتر و ئەزیەتترە لە هەموو ئەو وێنانەی تا ئێستا دیومە و دەیانبینم، یا دێنە بەرچاوم و ئەزیەتم دەدەن، وەک چۆڕێ ئاو دەمخۆنەوە و دەیانەوێ وشکم کەن، ئەگەر چۆم و ڕووبارێک بوومایە ئێستا چکم دەکرد، خلتوخاڵی بنەوەم دەردەکەوت، ماسییەکانی ناوم دەمردن و لەناودەچوون، کێ هەیە وەک من خۆڕاگر و نهێنی پارێز بووبێ و لەبەردەم ڕەشەبای گوماندا نەچەمابێتەوە، قامیشیش بوومایە تا ئەمڕۆ دەشکام و دەکەوتمە ژێر پۆستاڵی ڕۆژگاری زاڵمەوە، ئەو ڕۆژگارەی دۆزەخی نیشاندام و ڕێی پێگرتم، خستمیە بەر وەیشوومەی شەپۆلێکی هار و شێتەوە و ڕایماڵیم، نەیهێشت لە زێدی باووباپیرانم، تۆ و عەلی برات و باوکت لەپەنا خۆم حەشار دەبم و بۆ پێشەوە بڕۆم، دڕ بەتاریکی و نەهامەتی ژیان بدەم و بگەمە ترۆپکی شادمانی، تازە تەواو چیتر لە توانامدا نەماوە هەنگاو بنێم و بەردەوام بم، وا ئالآکەی بەتۆ دەبەخشم و ئیتر تۆ و ویژدانت، چی دەکەی چی ناکەی کەیفی خۆتە، چۆن وەریان دەگری و چۆن بیریان لێ دەکەیەوە و ڕەفتاری ئایندەکەت لەگەڵ ئەو شتانەی بۆتم باس کرد و لەمەودوا بۆتی باس دەکەم چۆن دەبێ ئەوا خۆت دەزانی، بڕیاری خۆتە و من هیچ حەقێکم بەسەرەوە نییە...

ئەوەتا ورد ورد وێنەی مردنی باوکت دێتە پێش و لەبەردەمم دێت و دەچێ، هەموو





شتێکی ناو وێنەکە وەک ئەو ساتەی ڕوویانداوە لەبەرچاوم بەرجەستە دەبن، یەک یەک بەهەموو کاریگەری و قێزەوەنی خۆیانەوە دێتە ناو کەللەسەرم و هوڕژوم بۆ ناو مێشکم دێنن. دێن و دەبنە لەپێکی زۆر گەورەی ئاژەڵێکی قێزەوەن و ڕوودەبێتە ناو قەدم و دەیەوێ بمشکێنێ، وەک ئەوەی کەلاشووشە بم وردوخاشم دەکات، وەک ئەوسا ڕامدەژەنێ، بزمار ئاسا دەمکوتێ، دەمخاتە ناو بازنەیەک و گەمارۆم دەدا... ئێستا وا دەزانم هەمان شەوە کە باوکتی تێدا مردبوو بەلاشەیەکی ساردوسڕی بێ گیان و بەبەرچاومەوە چاوی بۆ هەمیشە نوقاند، وا دەزانم ڕووبەڕووی هەمان ژان و ناسۆر و چاوەڕوانی دەبم، ئەو شەوەی دنیا لەناو تاریکی و ترسێکی ئەبەدی و تەنیاییەکی تۆقێنەر سەری دانەواند بوو و نەعامەئاسا دەیڕوانییە بەردەمی خۆی و هیچ شتێکی دیکەی نەدەبینی، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و خەم هاتن و لوولیان دام، کردمیانە لوولەک و باروتیان تێخستم و لەناو خۆمدا تەقیمەوە، ئاوێ نەبوو بمکوژێنێتەوە، چرایێ نەبوو ژووری تاریکی دڵم و هۆڵی ناخم ڕووناک بکاتەوە، ئاگرێ نەبوو گەرمی بەخوێنی مەییووی ناو جەستەی باوکت ببەخشێ و جووڵەی پێ بخات.

ئەو شەوەی مێردەزمە و دێو و درنج و تارمایی و شەبەنگ پێکەوە شاڵاویان هێنا و خەریک بوو منیش بکوژن یا شێتم بکەن، پیاوچاک و باپیرە گەورەی محیەدین خەنجەر نەبوونایە بەوڕۆ نەدەگەیشتم و تۆش نەدەبووی، ئەوسا ئەو کات کەسێ نەبوو لەدوا دوا ساتەکانی تەمەنیدا نهێنییەکانی شمشاڵ و کاغەز و ڕفاندنی عەلی برات و بزر بوونی تەرمی باوکتت بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو بەیانییەش کە عەلی برات تێدا لەدایکبوو، بەیانییەکی ئاسایی نەبوو، بەیانییەک بوو گشت خەڵقەندەکانی دەوروبەر بەرزەپێ لەبەردەم دەرگای ماڵەکەمان وەستابوون و چاوەڕێی تەشریف هێنانی بوون، سەمایان دەکرد و گۆرانییان دەگوت، لە پێشوازی لەدایکبوونی ئازاترین منداڵی سەر ئەم زەمینە بوون، حەوت ڕۆژ و حەفت شەو دەهۆڵ و زوڕنا لە گۆڕەپانەکەی بەرماڵمان لەلایەن خەڵکی گوندەوە کوترا و لێدرا، چەندین قوربانیش لەژێر پێی میوانەکان کوژرایەوە و بەسەر گوندەکانی دەوروبەر دابەش کران، ئەو بەیانییەی عەلی لەدایکبوو بەهارێکی خۆش بوو و گوڵ و گولزار لە دەرێ بوون. تا چاو بڕ دەکات سەوزایی دنیای داگرتبوو، شاخەکان، پێدەشتان جێ تەڕانتێنی ئاسک و کەڵەکێوی بوون، چیمەنەکان، باخچەکان، چەم و ڕووبارەکان، دۆڵە عاسێ و قووڵەکان هاتبوونە سەر چۆک و پێدەکەنین، پۆڕ و کەو و سوێسکە لەو بەهەشتەی خوا خولقاندوویەتی دەنگییان لێوە دەهات. قاسپە قاسپ و جریوەی بولبول، ورشەی با، دەنگی گەڵا و دار و درەخت ئاوازێکی خەمڕەوێن بوون و هێدی هێدی دەماری مرۆڤیان شل دەکردەوە، نەرم دەچوونە ناو مۆخی بنیادەم، لەو چۆڵ و چۆڵەوانییە دەنگیان

دەدایەوە، جار جارە باڵندەکان تا سنووری گوندەکەمان. تا سنووری حەوشەکەمان دەهاتن، ماوەیەک دەمانەوە و سەیری ژوورەوەیان دەکرد، دەیانویست دەموچاوی عەلی ببینن، یا عەلی بیاندوێنێ و دوعایان بۆ بکات.

ئاسمان ساف و بێ گەرد بوو، هەور بارگەی کردبووە کۆڵ و بۆ دوور دوور دەڕۆیشت، ئەگەر بارانیش بباریبایە ئەوا بۆ خۆشکردنی کەشوهەوا و جوانکردنی سروشت بوو، بۆ شۆردنەوەی دەموچاوی دار و درەخت و گوڵە حاجیلە و گولیکان بوو، بۆ نەرمکردنەوەی لەشی گیاندارەکان بوو، کوا بۆ ئەو ڕۆژەی عەلی لەدایکبوو، کەسێ نەبوو بڵێ خەمبارم و دڵم تەنگە، یا هەست بەناخۆشی دەکەم. سێ مانگ پاش لەدایکبوونیشی، کاتێ نەخۆش کەوت، بەیانییەکی زوو لە بێشکە دەرمهێنا و بەپەلە من و باوکت گەیاندمانە ئەشکەوتی محیەدین خەنجەر کە لەو دیو چیای سپی بوو، ئەو ئەشکەوتەی لانەی دەیان ئازای وەک باوکت بوو، باپیری باپیریشت پێشتر سەردانیان دەکرد و خەڵک بەپیرۆزیان دەزانی، ئەشکەوتی محیەدین خەنجەر ئەشکەوتێک بوو دەیان چیرۆک و ئەفسانەیان لە بارەیەوە دەگێڕایەوە، دەیانگوت لەوێ شەوان باپیرە گەورەی محیەدین خەنجەر زیندوو دەبێتەوە و دەست بەسەری ڕێبوارەکان دادەهێنێ، دەیانگوت محیەدین خەنجەر خۆشی بەسەر ئەسپێکەوە لەناوەندی ئەشکەوتەکە بەتیر و شمشێر و خەنجەرێکی دەسک زێڕەوە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاسک و کەڵەکێوی شایی دەکەن و ئینجا پێکەوە بۆ چیای سەرکەشی سپی دەچن و بەیانی زوو دەگەڕێتەوە.

دیواری ئەشکەوتەکە هەموو بەردی سەیر سەیر بوون، دیمەنی سەیر و سەمەرەیان لەسەر نەخشێنرابوو و بەکەوڵی جۆرەها گیاندار ڕازابوونەوە، دیوارەکان شایەت عەیانی ئازایەتی و نەبەردایەتی و پیرۆزی محیەدین خەنجەر بوون، بۆیەش ناوبانگی بەوناوە دەرکردبوو، چونکە ئەو خواپەرستەی لەوێ دەژیا تا دوا هەناسە لەسەر بەرماڵ نەهاتبووە خوارێ، دەیانگوت محیەدین خەنجەر کاتی خۆی شەو و ڕۆژ ڕوو لە خوا سوجدەی بردووە و پاڕاوەتەوە. نان و ئاویشی هەر لەسەر بەرماڵەوە خواردووە، جلگۆڕین و خۆشۆرینیشی هەر لەوێ ئەنجام داوە، ئەو سەرشۆرکەی لە پێشەوەی ئەشکەوتەکە بوو، ئەو ئاگردانەیش کە لە نزیک دەرگاکەوە بوو ئاگردانی چالێنانی بووە و تەنیا چای لێناوە، چونکە خواردنی تەنیا گەڵای دار و بەری درەختەکان بوو و گۆشتی نەخواردووە، لە پیرۆزیشدا کەسێ نەبووە شان لە شانی بدا. خەڵک بۆ مراز حاسڵبوون و نەخۆشی و منداڵبوون چوونەتە حزووری و بەبەرچاوی ئەوەوە بەردیان بەدیوارەکانەوە نووساندووە، ئەویش دەستی بەپشتیان داهێناوە و فووی لە دەمیان کردووە، ئینجا کە گەڕاونەتەوە هێندەی پێ نەچووە، مرازیان حاسڵ بووە و نەخۆشەکان چاک بوونەتەوە، ئەو شێت و گێلانەیش کە براونەتە ئەوێ بەیەک دوو حەفتە بەئاقڵی گەڕاونەتە ماڵی خۆیان،.





کاتێ عەلیمان گەیاندە ئەشکەوتی محیەدین خەنجەر یەکسەر بردمە سەر ئاگردانەکە، لەسەریم ڕاگرت و بەخۆڵەمێشەکەی چەورم کرد، ئینجا دەخاڵەتی شوێنی بەرماڵەکەیم کرد و هەندێ خۆڵی ئەوێشم بەسەر پرچ و دەموچاوی داکرد، پاشان دەست و قاچیم بەخۆڵ شۆرد، پاش پێنج دەقە هەستم کرد عەلی لە باوەشمدا دەجووڵێ و پێدەکەنێ و چاک دەبێتەوە، عەلی نیوە مردووبوو، بەباوەش بردمە ئەوێ، بەڵام باپیرە گەورەی محیەدین خەنجەر دەمودەست چاکی کردەوە. دواتر کە گەڕاینەوە گوندەکەمان، گوێرەکەیم بۆ کردە قوربانی، تا ئەو کاتەیش لەوێ مابووین و باوکت هێشتا نەمرد بوو، عەلیش بەو دەردە نەچووبوو، ساڵانە لەگەڵ باوکت عەلیمان دەبردە ئەشکەوتەکە و سەردانیمان دەکرد، هەندێ جار حەفتەیەک لەوێ دەماینەوە و هەر لەوێش قوربانیمان بۆ دەکرد، ئەوەی سەریشمان دەبڕی، گۆشتەکەیمان بەتەیر و گیاندارەکانی دەوروبەری ئەشکەوتەکە دەبەخشی.

ماوەی ئەو حەفتەیەش کە لە ئەشکەوتەکەدا دەنووستین شەوان ئەو کەوڵانەی بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون هەر لە خۆیانەوە دادەبەزین و دەهاتنە سەر لەشمان، بۆمان دەبوونە لێف و بەتانیە و لە سەرما دەیانپاراستین، ئێمە لەبەر پیرۆزی دەستمان بۆ نەدەبردن، بەڵام ئەوان بێ ئەوەی ئاگامان لێیان بێ دەهاتنە سەر قاچمان و هێدی هێدی بۆ سەر سنگ و دەموچاومان هەڵدەکشان.

بەیانیش پێش ئەوەی بەخەبەر بێین و چاو بکەینەوە کەوڵەئاسک و کەوڵەکێوی و کەوڵەنەهەنگەکان دەچوونەوە شوێنی خۆیان و بەدیوارەکانەوە هەڵدەواسرانەوە. تا ئەو کاتەی لەدواسەردان باوکت ڕێڕەوی ژیانی گۆڕا و عەشق و پیرۆزی ئەشکەوتەکە لە کەللەی دا، دەستی محیەدین خەنجەر پیرۆزی کرد، پەنجە پیرۆزەکانی کە هەر لە نەرمی ئاوریشمی دەکرد، شەوێ هاتە سەرپشتی و نیشانەیەکی پڕی نووری لەسەر جێهێشت... ئینجا خەنجەرێکی دەسکزێڕی لەو خەنجەرانەی بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون پێشکەش کرد و گوتی: ئەم خەنجەرە خەنجەری باپیرە گەورەمە و وا من لەجیاتی ئەو بەدیاری پێشکەشتی دەکەم، بۆیە دەبێ چاک بیپارێزێ و بەردەوام لەناو پشدێنەکەت داینێی، چونکە لە کاتی هەنگاونانتدا وەک چرایەک ڕێت بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و پێ بەپێ لەگەڵتدا دەچێتە پێش و لە هەموو کارەسات و ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا دەتپارێزێ، لە شەوە تاریکەکاندا وەک دوو چاوی گەش ژوورە تاریکەکانی ڕۆحت ڕووناک دەکاتەوە.

پاشان کە گەڕاینەوە ماڵەوە، کێچ کەوتە کەوڵی و هەر زوو بڕیاری دا بچێتەوە ئەشکەوتەکە و ئەوێ بکاتە مەنزڵگای هەمیشەیی، وای لێهات ڕۆژێک لە ماڵەوە بوو و مانگێ لەوێ بوو، ئەوێ بووە ماڵی هەمیشەیی و ماوەیەکی زۆر لە من و لە عەلی برات دابڕا، ئاگای لە زەوی و کشتوکاڵ و باخچەکانی نەما و چیتر بەتەنگ گوزەرانی

ئێمەوە نەهات، بەشی زۆری ژیانی خۆی و کاتی خۆی بۆ ڕاوە ئاسک و کەڵەکێوی و کەروێشک تەرخان کرد... ئەوەی ڕاویشی دەکرد دەیکردە قوربانی بۆ ڕۆحی پاک و پیرۆزی محیەدین خەنجەر و باوک و باپیرانی، ئینجا کەوڵەکانی دەبردەوە ناو ئەشکەوت و لەوێ بەتەنیشت ئەوانی دی بەدیوارەوە هەڵی دەواسین... ساڵێک و دووان باوکت وا ژیا و ژیانی وا بەڕێوەچوو.

تا ئەو ڕۆژەی کەوڵەئاسکێکی زۆر نایابی هێنایە ماڵەوە و لە ژووری عەلی براتی هەڵواسی، ئەوە یەکەم جار بوو کەوڵێ بهێنێتەوە ماڵ و هێندە بایەخی پێبدات، بڕوانێتە کەوڵێ و هێندە بەتەنگ جۆری هەڵواسین و پاکی و خاوێنییەوەی بێ، یا ئەوەندە بەدیارییەوە بوەستێ، دواتر لای بووە خوویێکی ڕۆژانە و ڕۆژانە دەچووە ژوورەکەی عەلی برات و ماوەیەک بەدیارییەوە دۆش دادەما، دەیهێنایە خوارێ و بەفلچە دەیشۆرد و بۆنی گوڵاوی بەسەردا دەکرد...

بۆنی گوڵاو ڕێ ڕێ بەژوورەکەدا دەهات و مێشکی مرۆڤی کاس دەکرد، سەراپا کەلوپەلەکانی ژوورەوەش لە بۆنی خۆش خۆش وەدەرهاتن و بەدەوروبەری ماڵەکەماندا پەرتوبڵاو دەبۆوە، بۆنی گوڵ و بۆنی ئاسک لە دوورەوە مرۆڤ و گیانلەبەر و زیندەوەری پەلکێشی دەوری ماڵەکەمان دەکرد، شەوانە دەنگی گیانلەبەری سەیر سەیر دەهاتنە بەر گوێمان، تا شەوێک لە شەوان بەدەنگی ئاسکێکی بچکۆلە بەخەبەر هاتین، دەنگێکی کاریگەر و خەفەهێن، مەرگ پڕژێن، دەنگێکی تێکەڵ بەنائومێدی و پڕ سووتان و عەشق و دووری، پڕ دابڕان، کە هەر لە پاڕانەوە و گریانی دەکرد و، تا دەهات کاریگەرتر و خەمبارتر دەبوو، ئاسکەکە وەک بنێشت بەدەوروبەری ماڵەکەمان وەنووسا و ڕۆژێک و دووان و سێیان، جار نا جارێ خۆشی بەدەرگای حەوشەکەماندا دەکێشا و تەقەی لێوە دەهێنا، پاشان هەمدیسان دەستی بەگریان و نووزانەوە دەکردەوە و خوولی بەدەوری ماڵەکەمان دەخواردەوە، دەتگوت منداڵێکە و بۆ دایکی دەگری، من و باوکت سەرمان سوڕما بوو و نەمان دەزانی بۆ وا دەکات و بۆ واز لە ماڵەکەی ئێمە ناهێنێ، نەمان دەزانی لە پای چییە ئەو هەموو ئێش و ئازارە بەڕۆحمان دەگەیینێ و جەرگ و هەناومان خوێناوی دەکات، ئەو دەنگە بەسۆ و پڕ حەسرەتەی ئاگر لە هەناوی هەر کەسێ بەردەدات کە گوێی بۆ بگرێ، بۆمب ئاسا بەر دڵمان دەکەوت و سەراپا جەستەمانی دەهەژاند، ئەو نووزانەوەیەی دوژمنی دێنایە گریان و دار و بەردی شەق دەکرد، ڕۆژێک و دووان و سێیان بەردەوام بوو، تا ڕۆژی چوارەم بڕیارمان دا بیهێنینە ژوورەوە و دەرگاکە بکەینەوە، کە چووینە دەرەوە ماوەیەک بەدیارییەوە وەستاین و بینیمان مات و مەلوول، لە سووچێکی نزیک دەرگاکە وەستاوە، دەنگی لێوە دێ و بەئاستەم هەناسە دەدا و بەئاستەم دەجووڵێ، جار نا جارێکیش لموزی لە دیوارەکەوە دەخشێنێ و چاو دەبڕێتە





دەرگا، ئاسکەکە لە ئێمەی دەڕوانی، سەیری ئێمەی دەکرد و خەمبارانە چاوی بەڕوخسارماندا دەگێڕا و تەماشای دووڕچاومانی دەکرد، دەتگوت مرۆڤێکە و دەیەوێ شتێکمان بەئیشارەت و بەچاو تێبگەینێ یا شتێکمان پێ بڵێ. یا تەتەرێکە و هاتووە نامەیەکمان پێبدات و نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا بکات وەک ڕێبوارێ بوو و هاتبوو داڵدەی بدەین و بیحەوێنینەوە، لە سەرما ڕزگاری کەین، پاروە نانێکی پێبدەین و لە ژوورێکی گەرم بیخەوێنین. بۆیە باوکت بێ سێ و دوو چوو باوەشی تێهەڵێنا و بەرزی کردەوە، هێنای لە حەوشە بەرەڵڵای کرد، بەڵام ئێمە هێشتا نەگەیشتبووینە بەردەرگای ژوورەوە ئەو هەمدیسان دەستی بەنووزانەوە و گریان کرد و یەکسەر هاتە بەر پەنجەرەکانی ژوورەکە، لموزی خستە سەر جامەکان و بەزمان کەوتە لستنەوەیان، وێنەیەکی چەند کاریگەر بوو، کە وامان بینی هەر لە شوێنی خۆمان بووین بەپەیکەر و لە شوێنی خۆمان چەقین، بۆیە ئاوڕێکمان بۆ لای یەک دایەوە و سەیرێکی یەکترمان کرد، لەوێوە بۆمان دەرکەوت ئەم ئاسکە بەستەزمانە لە دەرەوە ئۆقرە ناگرێ و ناهێڵێ ئێمەش ئیسراحەت بکەین، ناچار باوکت هەمدیسان چوو لە حەوشە باوەشی پێدا کردەوە، ئەمجارە هێنایە ژوورێ، دەرگاکەی داخست و لەتەنیشت خۆی ڕایگرت، ماوەیەک بێ دەنگ ڕوانیمانە ئەو لەشە نەرم و نیان و جوانەی چاوەکانی پڕ فرمێسکی گەرم ببوون و وەک دوو ئەستێرەی خەمبار و تەم لەسەر نیشتوو لە تاقی ئاسمانێکی هەوراوی خۆیان نیشان دەدا. دوو ئەستێرەی نهێنی هەڵگر و بریندار بەچەقۆیەکی ژەهراوی، کە لە دوورەوە هاوار و فیغانیان دەبیسترا و لەژێرەوە بەئاستەم دیار بوون.

ئاسکێکی وا بچکۆلەی خرپن، جوان وەک پەیکەری ئەفرۆدیت، لەبەردەمماندا مات و مەلوول وەستا بوو و چاوی بەهەر چوار دەوری ژوورەکە دەگێڕا، بۆنی هەر چوارگۆشەی دەکرد، لە شتێ دەگەڕا، هەندێ جار بۆ بەردەرگای ژوورەکەی عەلی دەچوو، ئینجا کە دەوەستا لموزی لێ دەخشاند و ڕوومەتی تەڕبووی تێ هەڵدەسوو، بەقاچەکانیشی پاڵی دەدا و دەیویست بیکاتەوە، کە دەرگاکەی پێ نەدەکرایەوە، دەهاتە لای باوکت و ددانی لە شەڵوارەکەی گیر دەکرد، ڕایدەکێشا و ڕووەو دەرگاکە دەڕۆیشتەوە، کە باوکتی تا بەردەرگای ژوورەکەی عەلی دەبرد، ئینجا سەری بەرز دەکردەوە و دەیڕوانیە کیلۆنەکە و دەپاڕایەوە تا باوکت دەرگاکەی بۆ بکاتەوە. بەڵام کە من ئەم دیمەنەم بینی، یەکسەر چووم دەرگاکەم بۆ کردەوە، ئەوە بوو ئاسکەکە بەر لە من خۆی بەژووریدا کرد، یەکسەر بەرەو ئەو شوێنە چوو کە کەوڵی ئاسکەکەی لێ هەڵواسرا بوو، لەژێرەوە دەکەوتە جووڵە و خۆهەڵدان، کەوتە هەڵبەز و دابەزین...

دەتگوت تەماشاکەری تابلۆی هونەرمەندێکە، ورد ورد، قووڵ قووڵ دەیڕوانییە کەوڵەکە و کەوڵەکەش تابلۆکەیە، لەژێرەوە لێی ڕادەما و لە ڕەنگەکانی ورد دەبۆوە،

بۆنی گوڵاوەکەی دەکرد، لە هێڵ و دووریەکانی ورد دەبۆوە، بەیەکەوەی گرێ دەدان و دەیویست مانایەک بدۆزێتەوە، دەیڕوانی و فرمێسکی دەڕشت، بەرامبەری دەگریا و هاواری دەکرد، بەخەیاڵدا دەچوو و بیری دەکردەوە، دەتگوت بیر لە یادگاری شیرین دەکاتەوە، لەمەوە بۆمان دەرکەوت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم کەوڵ و ئاسکەکەدا هەیە، پەیوەندییەکی ئەزەلی، کە ڕۆژگار نەیتوانیوە بەتەواوی بیپچڕێ، ئەگەرچی ماوەیەکە پچڕاوە و ڕووداوێ وای لێکردوون لە یەک داببڕێن، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ وا جارێکی دی لێرە لە ژوورێکی بچکۆلەدا بەجۆرێکی دی پەیوەندییەکە نوێ دەکەنەوە، ئەوەتا خەریکە وەک جاران دەچنەوە باوەشی یەکتر و پێک شاد دەبنەوە،.

وەک ئەوەی ئاسکە بچکۆلە جوانەکە قسە لەگەڵ کەوڵەکە بکات، دەمی دەجووڵایەوە، دەنگێکی کزی باریکی لێوە دەهات، دەیویست پێی بڵێ: ئەوا هاتووم و نەمهێشت هیچ شتێ ڕێ لە هاتنم بگرێ، وا هاتووم ئەسەف و حوزنی هاوڕێکانت پێ بگەینم و سوێندت بۆ بخۆم کە جارێکی دی بەتەنیا جێت ناهێڵم، لێت دوور ناکەومەوە، تۆ دایکمی و پارێزەری ڕۆحمی، هاتووم لە باوەشتا گەورە بم و درێژە بەڕەوتی ژیانم بدەم،... دڵۆپ دڵۆپ ئەسرینی ئەشق و دووری بوو بەڕووبارێک و بۆ ناو کێڵگەی ناخی دایکی دابەزییە خوارێ و ڕژایە سەر زەوی ژوورەکە، تنۆک تنۆک ڕژان و خەم و تاریکیمان لە دڵدا ڕامالّی، شتێ نەبوو ئاسکەکە لەم بارودۆخە ناهەموارە بکات، ڕێ لە دەربڕینی ئازارەکانی بگرێ. شتێ لە توانایدا نەبوو ڕێ لە ڕژانیان بگرێ و نەهێڵێ بەسەر کەوڵەکە دانەبارێن، من و باوکت مردین و سووتاین نەمانتوانی هێوری بکەینەوە و لەبن شوێنی هەڵواسینی کەوڵەکە دووری خەینەوە، چونکە بەردەوام لمۆزی لە دیوارەکە دەخشاند و خۆی هەڵدەدا، باڵی هەبوایە دەفڕی و دەچوو کەوڵەکەی دادەبەزاند، دەتگوت ڕەوڕەوەیە و بەدەست منداڵێکەوە بەدەوری خۆیدا دەسووڕێ، ئەم سەر و ئەو سەری دەکرد، نەختێ دوور دەکەوتەوە و هەمدیسان دەهاتەوە شوێنی خۆی،... کە زانیم ئاسکەکە واز لەم هەڵبەز و دابەزە ناهێنێ، دەستم درێژ کرد و کەوڵەکەم لە بزمارەکە کردەوە و بۆیم دابەزاند، بەڵام هێشتا بەدەستیشمەوە بوو ئاسکەکە پڕی دایێ و بەددان گرتی و لێمی وەرگرت. ئەوسا بەبەرچاوی من و باوکتەوە وەک ئادەمیزادێک لەبەردەمی خۆی ڕاخست و قاچەکانی نووقاندەوە، پاشان لەسەری پاڵکەوت و ڕاکشا، بینی پێوەنا و کەوتە بۆنکردنی، دیمەنێکی سەیر لەبەرچاوماندا بەرجەستە دەبوو، دیمەنێک کە بەخەیاڵیش نەمان دەبینی و بیرمان لێ نەدەکردەوە. ئاخر ئەوەی ئەو ئاسکە بچکۆلەیە دەیکرد ئادەمیزاد و بنیادەمی ئاسایش نەی دەکرد، بەم شێوەیە بەرامبەر کەوڵێکی بێ گیان نەدەجووڵایەوە، وا بۆنی نەدەکرد و خۆی تێوەرنەدەدا. ئەمەی ئەو دەیکرد جێی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و سەرسوڕمان بوو، من و باوکت بەم نیوە شەوە





دیمەنێ دەمانیهێنا و دیمەنێ دەمانیبرد، کەوڵێ ڕای دەماڵین و ئاسکێ دەیگرتینەوە. شەپۆلێ لە دەریاوە، ڕەشەبایێ لە چیاوە دەهاتن و لوولمانیان دەدا.

ئاسکێ تا بڵێی جوان، دیمەنێ تا بڵێی کاریگەر لە بەردەمماندا دەهات و دەچوو، بزمار ئاسا لەشمانی دەکوتی و کون کونمانی دەکرد، من و باوکت تا بەیانی بەدیار ئاسکەکەوە خەومان لێ نەکەوت و بووین بەئێشکگر، ئێمەش وەک ئەو گریاین و فرمێسکی گەرممان ڕشت، بەتایبەتی باوکت کە بۆی دەرکەوت و زانی ئەو کەوڵە کەوڵی دایکی ئاسکەکەیە و بەکوشتنی ئەو دایکە گوناهێکی گەلێ گەورەی کردووە و تا ئەبەد لە خۆی نابوورێ، تازە پەشیمان بوونەوە دادی نادا، خەمێکی زۆر گەورە ناخی داگرت، تەمێکی ڕەش، تارایەکی ڕەش بەسەر دڵ و دەروونیدا هات و هەستی کرد، دادەڕمێ، لەناو ئارەقەیەکی خەستدا مەلە دەکات، کە سەیری باوکتم کرد ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، لە شوێنی خۆیەوە دانیشتبوو و دەلەرزی، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد و لە چۆکی خۆی دەدا. دەیگوت نەک هەر خۆم، بەڵکو خواش لێم نابوورێ، دەموچاوی لەناو لەپی دەستیدا دیار نەمابوون، نەمدەزانی دەگری یا وڕێنە دەکات، هێندەشم زانی بەپرتاو خۆی بەسەر ئاسکەکە دادا و گرتیە باوەش و دانیشت، وەک منداڵێ بۆی گریا و سەردوولکەی گوت، هەندێ جاریش دەمی بەلمۆزی ئاسکەکەوە دەکرد و ماچی دەکرد، پەنجەی بەسەر دادەهێنا، وەک ئەوەی پیاو خراپێ دەستی لێوەشاند بێ، دەستی هەڵدەبڕی، قسەی سەیری دەکرد، بەڵام من لە هیچیان نەدەگەیشتم. هێندەی دڵم دایەوە و هەوڵمدا هێوری بکەمەوە، بێ سوود بوو.

گوتم: تۆ چوزانی تووشی حاڵەتێکی وا دەبی، کوشتنی دایکی ئەو ئاسکە بچکۆلەیە تاوانی تۆ نییە، تۆ نەتزانیوە ئاسک بەمردنی دایکی هێندە تێکدەچێ و بەدوای بکوژەکەی دادێ، خۆ تۆ بەئەنقەست دایکیت نەکووشتوە. بارودۆخی باوکت تا چەند ڕۆژێ وا بەردەوام بوو و کەوتە ناو جێگا، هەم خەم و خۆراکی لە خۆی حەرام کرد و هەم لە من نیگەران و خەیاڵاوی شەو و ڕۆژ دەکشا... بیری دەکردەوە، وڕێنەی دەکرد، داوای لێبوردنی لە ئاسکەکە دەکرد، شتی سەیروسەمەرەی دەگوت و دەیگێڕایەوە، دەیگوت و دەیگێڕایەوە، ڕێکەوتێکی سەیر بوو ئەو ئاسکە کوژراوەی باوکت لەدوا ڕاوکردندا کە گۆشتەکەی کردبووە قوربانی بۆ باپیرە گەورەی محیەدین خەنجەر، دایکی ئەو خەڵقەندە جوانە بچکۆلە خرپنە بێ، ئەو ئاسکەکەی بەدوای کەوڵی دایکی کوژراویدا چیا و زورگ و دەشت و گرد و ڕووباری بڕی، هات لێرە دۆزییەوە، لە دۆڵ و هەوراز و نشێوەکان تووشی هەزارەها مەترسی بوو، ڕاوچی بێ ویژدان کەوتنە دوای، بەسەر ئاو و ئاگردا بازی دا و پەڕییەوە، گوێی نەدایە ماندووبوون و شەکەتی و مەترسی و مردن، هات لێرە لەسەر کەوڵی دایکی کوژراوی ئارامی گرت، خەوی لێ کەوت، بەچاوی پڕ فرمێسک و

جەستەی پڕ برینی، بەڕوخساری زەرد هەڵگەڕاوی، سەری نایە سەر سەرینی ڕۆحی بەپەپوولەبووی دایکی و کپ کەوت، خۆی فڕێدایە بەرپێی، باوەشی دایکی بووە مەرهەمی سارێژبوونی برینەکانی، لەسەر سنگی دایکی ئارامی گرت و بەچۆک داهات، هات و بەبۆن کردن دایکی دۆزیەوە، بوو بەشون هەڵگر و بۆنی خاکی بەرپێی باوکتی کرد، بۆنی گەڵا و گەردیلە و گیا و خاک و خۆڵی کرد و بەڕێ کەوت.

هەنگاو بەهەنگاو پێداهات و شوێنەواری پێڵاوەکەی دۆزییەوە، تا باوکیشت چاک بۆوە و هاتەوە سەر دۆخی جارانی، سێ جار بردمە ئەشکەوتی شێمحیەدین خەنجەر و دەخاڵەتی ڕۆحی باپیرە گەورەیم کرد، پاڕامەوە سوجدەم برد. پاشان ئاسکە بچکۆلەکە بەرە بەرە لە ماڵەکەمان ڕاهات و مەتوی عەلی برات بوو، وەک منداڵێکی کارەکۆرپە لە ژووری عەلیدا دەستی کرد بەهاتوچۆ، بوو بەدۆستی گیانی بەگیانی عەلی و ئەو لە باوکت زۆرتر خۆشیدەویست، پەیوەندییەکی سەیر لە نێوانیاندا دروست بوو، وای لێهات بەیەکەوە نەبوایە نەدەحەوانەوە و نەدەچوونە هیچ شوێنێ، شەوان ئاسکەکە لە باوەشی عەلی دەخەوت، لە دەرەوەش لەم گرد و پێدەشتەی بەردەم گوندەکەمان ڕۆژ تا ئێوارە ئەوبەر و ئەم بەریان دەکرد، وەک گیانێک و دوو جەستەی پیرۆز یەکتریان دەگەوزاند، تەراتێنیان دەکرد و، پێکەوە یارییان دەکرد، خۆشی و ناخۆشییان بەیەکەوە بوو، عەلی برات بەشیری مانگا ئاسکەکەی گەورە کرد، بەلای لایە و لاواندنەوە مەرگی ناوەختەی دایکی لە بیر بردەوە، لە کاتی بێداریشدا لەسەر سنگ و لەسەر قاچی عەلی بوو، عەلی وا جوامێر و ئاسکی وا جوانکیلە بەیانیان زوو دەچوونە باوەشی سروشت و لەژێر تاڤگە و لە ڕۆخ چۆم و ڕووبارەکان خۆیان دەدایە بەر هەتاو، خۆیان دەشۆرد، عەلی بەپەنجە لەشی دەشێلا، لە پووشوپەڵاش پاکی دەکردەوە، ئەگەر شوێنێکی بریندار بوایە بەگیا و دەرمان بۆی تیمار دەکرد. تا ئەو ڕۆژەی لەشکری جەندرمان بەگوند وەربوون و ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، لە ماوەی چاوترووکانێکدا عەلی و ئاسکەکەیان لە یەک جیا کردەوە، لە یەکیان دابڕاندن، عەلییان بۆ دوور برد و بزریان کرد، کە تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە، من و عەلی و ئاسکەکەیان لە باوەشی یەک دابڕاند، داد و فیغان و فرمێسکڕشتن دادیان نەدام، ئاسکەکەش بەرگەی نەگرت و پاش نیوەڕۆیەکی تەماوی گیانی پیرۆزی بەڕۆحی عەلی و خاکی پیرۆزی گوندەکەمان سپارد.

***

ڕفاندنی عەلی و گیانسپاردنی ئاسکە جوان و خرپنەکە، تەواو کاری لە ژیانمان کرد و حەوانەوەمان بەزەحمەت کەوت. نەمانزانی بۆ کوێ بچین و سەر بەکام مەرقەد و مەزارگادا بکەین، ئەو مانگا و مەڕ و بزنانەی مابوون، یەک بەدوای یەک سەریانمان بڕی و کردمانە قوربانی بۆ ڕۆحی محیەدین خەنجەر و ڕۆحی ئاسکەکە و دایکی،





ئەوانەی عەلییان گرت و قۆڵبەستیان کرد، بەبەرچاوی ئاسکەکە بچکۆلەکە ڕایانکێشا، مرۆڤ نەبوون، بەڵکو دڕندە بوون، چوار کەسی کەللە گەورەی ڕوخسار ناشیرین بوون و کەس نەیدەزانی کێن و خەڵکی کام وڵات و ناوچەن، بەبەردەم و بەبەرچاوی خەڵکی گوند، بێ ڕەزامەندی دایک و باوکی بردیان و ئاسکەکەیان بەتەنیا جێهێشت، عەلی و ئاسکەکە دوو گیانداری پیرۆز بوون و بۆ یەکتر خولقابوون و یەک ڕۆحیان هەبوو، کەوڵەکە بوو بەپارێزەری گیانی عەلی، ئەویش وەک ئاسکەکە لەبەری دەکرد و بۆنی دەکرد و تێیدا دەخەوت، کە دەچوونە چیا و پێدەشتەکان بەخۆیان دادەدا.

لە ماڵەوەش بەسێ قۆڵی لە ژوورێ لەسەر چوارپایەکە لە باوەشی یەکتردا دەخەوتن ئەوان فریشتە بوون و لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابەزیبوون، پاشان هەمدیسان بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە، ڕەنگە لەدایکبوونی ئاسکە بچکۆلەکە و دایکیشی هەمان ژان و هەمان دەردەسەری و هەمان نزا و پاڕانەوەی لەخۆ گرتبێ، ڕەنگە ئەوانیش وەک عەلی لە پیاوچاک و مەزارانی خوازرابن، کێ نالێ ئاسکە بچکۆلەکەش لە خواناسێکی وەک محیەدین خەنجەر داوا نەکراوە، لەوانەیە شای ئاسکان لە خواوەندی خواستبێ، بۆیە وا جوان و پیرۆز هەڵکەوتبوو. کۆستیان کەوێ ئەوانەی دوو فریشتەیان لە یەک کرد، دوو کۆتریان هەڵەتەی کێوان کرد و پەڕ و باڵیان شکاندن، ڕووتوقووتیان کردتەوە. بەر گوللەی وێڵ کەون ئەوانەی منیان لە عەلی و عەلییان لە ئاسکەکە کرد، ماڵیان لافاو بیا و بەر ڕەشەبا کەون، لەژێر ڕەنووەبەفردا عاسێ بن و گورگ دەوریان بدا، بەقاچی شکاوەوە پڵنگ بکەوێتە دوایان و بواری هەڵاتنیان نەبێ، ئەوانەی عەلییان گرت ئەوانە بوون کە باوکتیان دارکاری کرد و حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لەسەر جێ خستیان، بەقونداخە تفەنگ و دار لەشیان ئەنجن ئەنجن کرد، ئەندامێکی ساغیان لە لەشدا نەهێشت، ئێسکیان وردوخاش کرد، هاتن و لەناو جێگا باوکتیان برد و لە کەلاوەیەک دەست و قاچیان شەتەک دا و بەربوونە گیانی، کە بەڕەڵڵاشیان کرد و هاتەوە ماڵەوە، لەشی هەموو برینی بەسووێ بوو و شەبەقی گەورە گەورەی تێبوو. بەزەییان بەئافرەتێکی بێ کەسی وەک دایکت نەهاتەوە، گوێیان نەدایە پرچ ڕنینەوە و سنگ کوتان و داد و فیغانی من، پاڕانەوە دادیان نەدام، منیش تەنیا ئەوەم پێکرا تف و نەعلەتیان بۆ بنێرم و هەرچی جوێنێ لە دنیادا هەیە پێیان بدەم.

حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لە کەلاوەکە دارکارییان کرد و ئەزیەتیان دا، ڕۆژی هەشتەم کە باوکت بەلەشی ئەنجن کراو و دەموچاوی بەخوێن خۆی بەژووریدا کرد، هەر ئەوەتا مابوو، هەر ئەوەتا دەیتوانی هەناسە بدا... نازانم بەچ عەزابێکەوە خۆی گەیاندبۆوە ماڵەوە، کە لەسەر جێگا درێژم کرد، باوکت ڕۆحێکی نیوە مردوو بوو لەناو جەستەیەکی خوێناوی زامداری کوتراودا. لەسەر جێگاش نە بەدانیشتن، نە بەڕاکشان و پاڵکەوتن

خۆی نەدەگرت. نەیدەتوانی بجولێ و خۆی وەرگێڕی و دەست درێژکات و... تەنیا چاوی دەجوولا و هەناسەی دەدا. ناڵەیەکی بێ دەنگی لێوە دەهات، منیش نەمدەزانی چی بکەم و چی لێ بکەم و هاوار بۆ کوێ ببەم، کە وڕێنەی دەکرد، لە هیچ وشەیەکی نەدەگەیشتم، هەموو شتەکانی بێ مانا بوون، خواردن و ئاو و هەر هیچ، لەم ماوەیەدا بۆ دەرمان شتێ نەچووە هەناوی، تەنیا بەلۆکە ئاوم بەدەمی وەدەکرد و بەس.

منیش نەمدەزانی نە بگریم نە داد و فیغانم بێ، جوێنم دەدا و نەمدەزانی بەکێی دەدەم، نەمدەزانی ڕقی خۆم بەکێ دەرببڕم و کۆڵی دڵی خۆم بەچی هەڵڕێژم، دەمگوت و دەمگوت، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەدیارییەوە، گوتم و گوتم ئەوەی بیریشم لێ کردەوە و بەچاکم زانی بۆم کرد، هەر لە چەورکردنی بەدەرمانی خۆمانە و گیا و پەلکە داری کوێستانان بگرە تا پێچانی لە پێستی مەڕ و مانگا و کەوڵی ئاسک، هەموویانم تاقی کردەوە، برینەکانیم بۆ تیمار کردن و بەپەڕۆک و لۆکە توند بۆم گرێ دا، ئەوسا ماوەی دە ڕۆژ لەناو پێست هێشتمەوە و نوێژی چاکبوونەوەم بۆ کرد، لە خوا و پێغەمبەر و محیەدین خەنجەر پاڕامەوە، هانام بۆ ڕۆحی ئاسکە بچکۆلە برد، بەڵکو ئێ بەزەییان پێی بێتەوە و چاکی بکەنەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی چوو، تا دەهات ڕەنگی زەردتر و هەناسەی کەمتر و نووزەی کزتر دەبوون، ڕۆژ بەڕۆژیش کپتر و هەناسەی زەحمەتتر دەدا، بۆیە دواجار پەنام بۆ کەوڵی ئاسکە کوژراوەکە برد و لەسەر سنگی دامنا، کەچی ئەویش سوودی نەبوو، پاشان ئێوارەیەکی درەنگ هەناسەی بڕا و گیانی سپارد.

کە باوکت خەریک بوو ڕۆحی بۆ لای ئاسکە بچکۆلەکە بچێ، کەسێ نەبوو پەنای بۆ ببەم، کەسێکم لا نەبوو و تەنیا بووم، تەنیا من و باوکت مابووینەوە، دکتۆرێکم شک نەبینی بیهێنم چارەی بکات، جا لەو گوندە دوورە شارە دکتۆر چی دەکرد، تاق و تەنیا بەچی دەگەیشتمە شار و کێ منی دەگەیاندە حەکیمێ... لوقمانێ تا بیهێنم چارەی دەردی باوکت بکات و برینە قووڵەکانی سارێژ بکات. ئەو برینانەی هێندە قووڵ و کاریگەر بوون، بەزەحمەت چاک دەبوونەوە و هیچ مرۆڤێ نەکەوتبووە بەدەنی، باوکت بەمردنی خۆی نەمرد، بەڵکو کوشتیان، هێندە دارکارییان کرد تا ڕۆحی لە جەستەی دەرچوو، بەڵام نازانم بۆ کوشتیان، یا ئەوانەی کوشتیان کێ بوون، کەسێکی دیارکراو نییە بڵێ، من کوشتوومە، چونکە وای کرد بوو و لەبری ئەو هەڵە و کردەوەیە، لە تۆڵەی ئەم کارە کوشتوومە، جا کێ هەبوو بڵێ باوکت ئەم هەڵەیە یا ئەم خراپەیەی بەرامبەرم کردووە؟ پیاوێکی وەک ئەوی دڵنەرم و بەبەزەیی و میهرەبان کە لە چاکە زیاتر شتێکی دیکەی بۆ خەڵک نەبوو. نە دوژمنی هەبوو و نە کەسێکی ئەزیەت دابوو، بیرم نایێ مێروولەیەکی ئەزیەت دابێ، پەپوولەیەک بوو بۆ خۆی و هەمیشە بەدەوری





گوڵ و هەڵمژینی شیلەکەی دەسووڕایەوە، ئەم دەشت و ئەو باخچەی دەکرد، ئەو ئاسک و کەڵەکێوی و کەروێشک و کەوانەیش کە ڕاوی دەکردن گۆشتەکانیانی نەدەخوارد، بەڵکو دەیکردنە قوربانی بۆ ڕۆحی محیەدین خەنجەر و ڕۆحی باپیرە گەورەی ئەو، نەشیدەزانی دایکی ئاسکێکی بچکۆلەی خرپن ڕاو دەکات، لەمە پتر باوکت شتێکی دیکەی نەکردبوو، کەسێ نەبوو لە گوندەکەمان بڵێ، لە ڕۆژی ئەوەندە و لە سەعات ئەوەندە ئەم تاوانەی دەرحەق بەمن کردووە.

ئەی بۆ ئازایەتی باوکت ناڵێیی، کێ هەبوو بڵێ من باوکتم، باوکت لە ئازایەتیدا پیاوێکی کەم وێنە بوو و کەسێ نەبوو وەک ئەو لە شەڕدا ئازایەتی بنوێنێ، مەگەر هەر ئیسماعیل باس لە ڕووداوی شەڕەکان بکات و بیانگێڕێتەوە، عەلی براشت بەهەمان شێوە شێرەسوارێ بوو بۆ خۆی و لە ئازایەتیدا تاکی نەبوو، ئەوانەی دەیانناسی و هاوڕێی بوون، لە شەڕدا بینیبوویان چ میرخاسێ بوو، لە میهرەبانی و بەزەییشدا هێندەی ئاسکێ، هێندەی پەپوولەیەک، وەک پەڕەی گوڵ سوور و سپی و پاک و بێ گەرد بوو. عەلی چۆلەکەیەک بوو و پەڕ و باڵیان کرد، بەباڵ شکاوی خستیانە ناو گۆمە ئاوێکی لێخن و لە بەردەم وەیشوومەی بەفر و ڕەهێڵە ڕووتوقووتیان کردەوە.

حەوت ڕۆژ و حەوت شەو بای سەر بەفر لە جەستەی دا حەوت ڕۆژ و حەوت شەو بای سارد لێی دا و سەرما بردەڵە بوو، ڕەشەبا لوولی دا و سمی چەند تفەنگێ تا سەر ئێسقانی ڕۆچوونە خوارێ، ماوەی حەوت ڕۆژیش پرچی ئاوریشمینی لە چۆڵەوانی چەشنی ئالایەکی تەنک، چەشنی پەڕۆی سەوزی سەر گۆڕ و مەزاری پیاوچاکێ لە سەنگەردا شەکایەوە ماوەی حەوت ڕۆژ وەک ئالای دەستی جەنەڕاڵێکی ئازای سەرکەوتوو، وەک ئالای دەستی سەرکردەیەکی ئەفسانەیی میللی بەئەزموون، بەسەر پردی پەڕینەوەدا شەکایەوە، لە سەنگەردا جەستەی کون کون بووی، پەنجەی بڕاوی، پێی خوێن تێزاوی دە ڕۆژ خوێنی لێ چۆڕایەوە، ڕژایە سەر خاک و خۆڵی سەنگەرەکە و بوو بەجۆگەڵەیەک خوێنی سووری ئاڵ، شوێن سەری بوو بەمەزارگەی ئاشقان، ئافرەتی بێ منداڵ بۆ مراز حاسڵبوون زیارەتیان دەکرد، بەردی لووسیان بەدیوارەکانییەوە دەنووساند، تاڵە مووی پرچیان کۆ دەکردەوە و دەیانبرد پارچەیەک لەو ئالایەی دەستیشی وەک متفەڕک قۆڵ و باسکی ئافرەتەکانی ڕازاندەوە.

باخەڵیشیان پڕ کرد لە خاکوخۆڵی ژێر جەستەی خوێناوی پاکیزەکان لە هەرچوار کەناری دنیا هاتنە سەردانی، شەوان لە جێ دەستی، قاچی، پشتی ڕاکشان و خەوتن، خاکوخۆڵ و گەردیلەکانی ژێر پشتیان بەسەر جەستەی شل و بلوورینی خۆیان پژاند... قاز و قولێنگ لەسەر سەنگەرەکەدا کردیانە جریوە جریو، بەسەر تاشەبەردەکانی دەوروبەری هەڵنیشتن، لە شەڕدا باسکی لەسەر تاشەبەردێک دانابوو و تەقەی دەکرد،

گۆرانی دەگوت.

منداڵە ڕەنگ پەڕیوەکان، ئەوانەی باوکیان بەناحەق کوژرا بوو ئەوانەی دایکیان جەرگیان بۆ لاوە ئازاکان پارە پارە بووبوو لەودیو، لەژێر داربەڕوویێک، سنگیان دەکوتایەوە و دەیانقیژاند، دەبوورانەوە، هاکا عەلی گەیشتە جێ و بەژوور کەوت، ئەوەتا گوێم لە حیلەی ئەسپەکەیەتی، نەعرەتەی شێرانەی ئەویش دنیای هێناوەتە هەژان.

هاکا گەیشتە یەکەمین وێستگەی شار و پێی نایە سەر خاک و خۆڵەکەی، هاکا لە دەرگای دا، عەلی ماندووە و لە دوورڕا هاتووە، جێی بۆ ڕاخەن، کامە دۆشەگ تازەیە ئەوی بۆ دانێن، چونکە دەمێکە نەخەوتووە و چاوی لێک نەناوە. تامەزرۆی ئەوەیە لەسەر باسکی مندا چاو بنووقێنێ و خەو ببینێ، ئەوەتا گوێم لە دەنگی هەناسەیەتی و دێتە پێش، بۆنی عەلی ڕێ ڕێ دێ... ڕێ ڕێ دەڕوا، دۆڵاو دۆڵ، ڕووبارە و ڕووبار، چیا و چیا، بۆنی عەلی دەڕوا... دێ و لە کونی کۆنەخانووەکەمان دێتە ژوورێ، بۆنێکی زۆر خۆش بەهەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم دنیایە بڵاوبۆتەوە، کە مرۆڤ لێی تێر نابێ مرۆڤ کاس دەکات.

ئاسکە بچکۆلەکەشی لەپێش خۆی و لەسەر ئەسپەکە داناوە دیارە ئاسکە بچکۆلەکەش نەمردووە و ماوە هەردووکیان ئەسپێ لەسەر پشتی خۆی داناون. دەریا و زەریاکان دەبڕن و دەگەنە چیای سپی. هاکا گەیشتنە ئەشکەوتەکەی محیەدین خەنجەر و چوونە ژوورێ، تا لەوێ خۆیان لە خاکوخۆڵی جێ درێژبوونی ئەو وەردەن هاکا درێژ بوون و جێ پشتی محیەدین خەنجەریان ماچ کرد و مستێ خۆڵیان هەڵگرت، ئەو خاک و خۆڵەی، لە هەموو شتێکی ئەم ژیانە پیرۆزترە، سەرچاوەی بوون و ژیان و لەدایکبوونی ئەوە، ئەگەر ئەو نەبووایە ئەو لە مردن ڕزگاری نەدەبوو، نەدەژیا دەزانم ئەو مستە خاکوخۆڵە بۆ ئەوە دێنێ، بۆ ئەوە هەڵی دەگرێ تا هەر کە هاتە ژوورەوە وەک نوقڵ و چوکلات بەسەر مندا، بەسەر دەرگا و پەنجەرە و خانووەکەماندا بیپژێنێ، عەلی دەیەوێ حەوشە و ماڵەکەشمان پیرۆز بن و بۆنی ئەشکەوتەکە بگرن، عەلی و ئاسکەکە بۆنی مسک و عەنبەریان لێ دێ.

بۆنی محیەدین خەنجەریان هەڵگرتووە... کەوڵی ئاسک کوژراوەکەش نابوێرن، چونکە کەوڵی گیاندارێکی پیرۆزە. عەلی دێتەوە و ئەوسا منیش بۆ خۆم بەیەکجاری چاو لێک دەنێم، تێر تێر دەنووم و تا ئەبەد لە خەو ڕانابم.

***

دایکم کە قسەی دەکرد من سەرم بۆ دەلەقاندەوە و چاو ئەبلەق دەمڕوانیە دەمی،





سەرم لەوە سوڕمابوو چۆن وا بێ گرێ و ڕەوان وشەکان لە دەمی دێنە دەرێ، ئەوێکی بێ تاقەتی ماندوو، چۆن دەیتوانی ئەو هەموو ڕووداو و سەربووردانە بگێڕێتەوە، ئەوێکی بەساڵاچووی نەخۆش کە زەمانێکە لەسەر جێ ڕاکشاوە، توانای ئەوەی نییە بجووڵێ، بدوێ، بکۆخێ، ئەمێستاکە بێ ئەوەی لێوی تەتەڵە بکات، یا وشەیەک بەهەڵە لە دەمی بێتە دەرێ، دەدوێ و درێژە بەقسەکانی دەدا و بزەیەکی مانادار لێوەکانی دەنەخشێنێ، ئەگەرچی هەستم دەکرد نائومێدییەک لە ڕوخساریدا، لە دەربڕینەکانیدا خۆ دەنوێنێ، بەڵام تا درەنگی شەو لە گێڕانەوەدا بێزار نەبوو، نەیگوت بەسە با هەندێکیان بۆ سبەینێ بمێنێتەوە، بەڵام من لەوە دڵنیا بووم کە هێشتا زۆر نهێنی دی ماون و پێویستە خۆم پرسیاریان لەبارەوە بکەم و خۆم شییان بکەمەوە، وەک کردنەوەی لوغزی شمشاڵەکە و تەلیسمی وێنەکانی سەر کاغەزەکە و ئەو خەنجەرەی محیەدین خەنجەر پێشکەشی باوکمی کردبوو، عەلی براشم لوغزێک بوو بۆ خۆی. لەوەش دڵنیابووم کە دایکم ئەگەر نهێنییەکانی بۆ منیش نەگێڕابایەوە بۆ یەکێکی دی دەیگێڕایەوە، یا هەر نەبێ بۆ بێ گەرد و دڵپاکی دەگێڕایەوە، کێ نالێ بۆ پەنجەرە و دەرگا و دار و دیوارەکانی نەدەگێڕانەوە، چونکە پێم وابوو وەختی ئەوە هاتبوو خۆی بەتاڵ بکات و خۆی لەم بارە قورسە ڕزگار بکات کە شەو و ڕۆژ پێوەی دەتلایەوە، گینگڵی پێ دەدا و پاڵی پێوەدەنا تا زوو بیاندرکێنێ و چیتر لە دەفەی سنگی خۆی حەشاریان نەدا، چیتر خوێنی هەناوی نەخۆنەوە، ئەو کاتەیش کە هەڵیبژاردبوو، کاتێکی چاک بوو، چونکە ڕەنگە هەستی بەنزیکبوونەوەی مەرگی خۆی کردبێ، بۆیە خۆ بەتاڵکردن باشترین چارەیە بۆ ئاسوودەیی و ئۆقرەگرتن، بۆ سووکبوونی مێشک و دڵ و دەروون و دوورکەوتنەوە لە ئەزیەت و بیرکردنەوە و گومانکردن، ئینجا کە خۆی خوار کردەوە و دەستی بۆ ژێر چوارپایەکە درێژ کرد، زانیم دەیەوێ نهێنییەکی دیکەم بۆ باس بکات، یا شتێکم نیشان بدات پەیوەندی بەباوکم یا عەلی برامەوە هەیە، مەزەندەکەشم ڕاست دەرچوو و لەژێر چوارپایەکە جانتایەکی سووری هەناری نەختێ کۆنی دەرهێنا و بەدەستە لەرزۆک و پەنجە زبر و پووچبووەکانی کەوتە کردنەوەی زنجیرە ژەنگاوییەکەی کە تۆز و گەردی لەسەر نیشتبوو، جانتاکەش بەهەمان شێوە تۆزاوی بوو و لە هەندێ شوێندا وەک لەکەی گەورە گەورە دەهاتە بەرچاو، پاشان چەند دەستە جلێکی کۆنی دایە دەستم کە لە کورتەکوشەڵوارێکی مرادخانی ڕەنگتێر و دوو کراسی خەت خەتی شین و قاوەیی پێکهاتبوون، تا ئەو کاتەی گەیشتە پشدێنێکی گوڵ گوڵی خۆڵەمێشی، ئەویشی دەرهێنا و دایە دەستم، پشدێنەکە پشدێنێکی لوول دراوی قەد کراو بوو و هێندە قەدەکانی بەسەریەکەوە مابوونەوە کە بەزەحمەت ڕاست دەکرانەوە، لەناو پشدێنەکەش هەستم کرد شتێ هەیە و تۆزێک گرانە، ئینجا یەکسەر گوتی: ئەوە پشدێنی باوکتە کە

هاوڕێیـەکی لە حەج بۆی هێنابوو و لە هەموو شتەکانی دی پتر خۆشدەویست و لای بەبەهاتر بوو، بۆیەش هەڵم گرتووە، چونکە لەو کاتەی عەلی برات نەخۆش کەوت خستبوومە سەر دەموچاوی و لە ئەشکەوتی محیەدین خەنجەریش لەژێر خۆمان ڕامانخست و خۆمان پێپاراست، ئەو شتەی لە ناوقەدەکانی لە دوو قەفی گەورەدا گرێدرابوو، ئەویتر لە خودی پشدێنەکە لام گرنگ بوو، بۆیە دایکم کەزانی ئەو شتەی ناوی زۆر تامەزرۆی کردووم، سەرم سوڕماوە و دەمەوێ زوو دەریبێنم، درێژەی پێدا و گوتی: گرێیەکانی بکەوە و ئەو شمشاڵ و کاغەزەی لەناو دەربێنە، منیش هەر زوو وەک ئەو گوتی وام کرد و لەناو قەفەکانیدا جانتایەکی بچکۆلەی ڕەشی دەبغ بووم دۆزییەوە، بەپەلە دەرمهێنا و بەپەلەتر زنجیرە ژەنگاوییەکەیم کردەوە، پاشان بەپەنجە مۆر و پەنجەی شایەتمان شمشاڵێک و پارچە کاغەزێکی تەنکی زۆر کۆنم گرتە دەست و بەشێنەیی دەرمهێنان، هەر زوو کاغەزەکە سەرنجی ڕاکێشام و گوتم بزانم چی تێدا نووسراوە، شمشاڵەم وەلانا و کەوتمە کردنەوەی قەدەکانی. کاغەزەکە خەریک بوو لەبەر پەنجەکانم هەڵوەرێ و ورد بێ و ڕیسەکەم لێ ببێتە خوری، کە کاغەزەکەم تەواو کردەوە یەکسەر لەسەر بەتانییەکەی لای قاچی دایکم، لەبەردەمی خۆمم دانا و سەرم بەسەردا شۆڕ کردەوە... دەمێک و دووان خەریکی بووم، کەچی نە توانیم بیخوێنمەوە و نە توانیم بزانم ئەو وێنە هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشانەی سەری چین، کۆمەڵێ شتی سەیر و عەنتیکە لەگەڵ بیناییم کەوتنە چاوشارکێ، ئەو پیتانەیش کە لەژێر وێنەکان نووسرا بوون ئەوەندە بچووک و کۆن بوون. بەچاکی لێم دیار نەبوون، لە کۆنیدا هەندێکیان کاڵ ببوونەوە، هەندێکیشیان لەناوەڕاست یا لە کۆتایی ڕەش ببوونەوە، خۆ ئەگەر واشیان لێ نەهاتبا نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە و نەمدەزانی چ جۆرە پیتێکن، من لەوەتەی فێری خوێندەواری بووم، پیتی وام نەبینیبوو.

دەم نا دەم سەرم پتر بەسەردا شۆڕ دەکردنەوە و دەمویست نزیکتر سەیریان بکەم، هەندێ جار کاغەزەکەم هەڵدەگرت و دەچوومە بەر پەنجەرە، یا لە فانۆسەکە نزیک دەکەوتمەوە و دەمدایە بەر ڕووناکی، دایکم کاتێ زانی ناتوانم شتێک لە کاغەزەکە هەڵکرێنم، پێمی گوت: واز لە خوێندنەوەی بێنە، وەرە با باسی مەسەلەی کاغەزەکەت بۆ بکەم نەک ئەوەی لێی نووسراوە، کە دوایین شتە لە باوکتەوە بۆم بەجێ مابێ، چونکە باوکت هیچ سەروەت و سامانێکی لەپاش مردنی بەجێ نەهێشتووە، باوکت کە مرد نە زەوی مابوو، نە مەڕومالاَت، ئەوەی هەیبوو نەیبوو سووتا یا تالاَنیان کرد، ئەوە جگە لەو وشکەساڵییەی حەوت ساڵان گوندەکەمانی داگرت و شتێکی ئەوتۆی بەپێوە نەهێشت، ئەو وشکە ساڵی و برسیەتی و تالاَنکردنە و شەڕە ماڵی زۆرانی کاول کرد و زۆرانیش لە برسان مردن، تالاَنکردن و شەڕ و وشکەساڵی پێکەوە کەوتنە وێزەی





خەڵکی گوند و کەم کەس بەسەلامەتی دەرچوون.

کاغەزەکە بەدەست و قەڵەمی ئەو نەنووسراوە، ڕەنگە ئەو ئاگاشی لە نووسین و هاتنی نەبێ و نەزانێ کێ نووسیویەتی و بۆچی نووسراوە یا چی تێدا نووسراوە. منیش وەک ئەو ئاگام لێ نییە و نازانم، تەنیا ئەوەی دەیزانم و ئاگام لێیە، پاش بردنی تەرمی باوکت لەناو چاڵەکە لەشوێن سەری دانرابوو، کە چوومە سەر چاڵەکە و هەڵمگرتەوە، لەگەڵ شمشاڵ و شتەکانی دی لەناو ئەو جانتایە دامنان و تا ئێستا پاراستوومن.

لەو شەوە شوومەی دنیا لەناو سامی بێ دەنگی و لەناو دەریای تاریکیدا نقوم ببوو شتێ نەبوو سێبوریم بدات و ئەو ترس و سامەی ناخم بڕەوێنێتەوە. کاغەزێک و شمشاڵێک لەناو گۆڕی باوکت جێمابوون و بەسەریەکەوە دانرابوون، ئەو شەوەی شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو و کەسێ نەک لە حەوشەکەی ماڵی ئێمە، بەڵکو لە سەرجەم گوند و ماڵەکانی دەوروپشتمان دیار نەبوو، خەڵقەندەیەک نەبوو هاواری بۆ ببەم و بیدوێنم، ئاسمان ساف و ساماڵ و ئەستێرە لە ئاسمانەوە دەیانجریواند، ئاگادار بوون و هەموو شتێکیان لەسەر زەوی دەبینی، بەڵام سەرمایەکی تۆقێنەر شالاَوی دێنا و دار و بەردی دەخستە لەرزین، تفت هەڵدابایە دەیبەست، سەر دیوار و دەرگا و پەنجەرەکان خوسیان لەسەر نیشتبوو و چاوەڕێ بوون شەختە دەرکەن، دەنگێ نەدەهات، تەنیا لوورەی گورگ و چەقەڵ لە دوورەوە دەهات و هێندەی دی سامیان لە ماڵە چۆڵەکان، لە خانووەکانی دەوروبەرمان، لە کۆڵانە لەرزیوەکەمان دەڕواند... هەموو شتێ چاوەڕێی مەرگێکی ئەبەدی بوو، مەرگ بەڕێوەبوو و هێدی هێدی دەهاتە پێش، منیش بەدیار تەرمی باوکتەوە چاوەڕێی مەرگی خۆمم دەکرد، لە ترسان خەریک بوو دیق بکەم، شەوی یەکەم تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت و لەناو گومان و سامی دەموچاوی ساردوسڕی باوکت و تەنیاییدا خولامەوە، نەمدەزانی چی لە باوکی مردووت بکەم، لە کوێ بیشارمەوە و کێ بۆ گۆڕلێدان بانگ بکەم، بۆیە ناچاربووم لە حەوشە خۆم هەر چۆنێ بێ گۆڕێک هەڵکەنم و هەروا بیشارمەوە، ئەی چیم بکردایە، لەمە پترم پێ نەدەکرا، چونکە نە کەسێ هەبوو هاواری بۆ ببەم و نە کەسێ هەبوو بانگی بکەم و داوای گۆڕلێدانی لێ بکەم، گوندەکەمان وەک ماڵەکەی خۆمان، وەک حەوشەکەمان چۆڵوهۆڵ بوو و کەم کەس تێدا مابوو، ئەوەی مابوو یا ئافرەت بوو یا منداڵ بوو یا پیر بوو، ئەوانی دیش پۆل پۆل سەریان هەڵگرتبوو و بۆ نادیار ڕۆیشتبوون، ئەوەی دەشڕۆیی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ کێ پێشوازی دەکات و لە کوێ دەگیرسێتەوە، تەنیا مەبەستیان بوو لێرە دوور کەونەوە و خۆ لە ترس و برسیەتی ڕزگار بکەن، ماڵ و سەروەتیش بەدۆزەخ، باخچە و ڕەز و پاوان و مەڕومالاَت گرنگ نەبوون. بەقەد ئەوەی پاراستنی ژیان و مانەوە گرنگ بوون، باوکیشت بەگوێی منی بکردبایە وای لێ

نەدەهات و عەلی براشت بەم دەردە نەدەڕۆیشت و ئێستا بۆ خۆمان هەمووومان سەرمان بەیەک دەکرد، باوکت وەک ئەوەی بەزنجیر بەخاکی ئەوێوە نووسابێ نەبزوت، دواتر ئەوەی بەسەرمان هات هات، خۆی وای بەسەرهات و منیشی تووشی ئەو هەموو دەردەسەری و ئەزیەت و ئاوارەبوونە کرد، لەو حەوشە شەوی یەکەم کە دەستم بەلێدانی گۆڕەکەی باوکت کرد، جگە لە پیشەقانێ شتێکی دیکە نەبوو زەوی پێ هەڵکۆڵم، ئەو پیشەقانەی پێشتر بۆ کەنگر دەمبردە ئاقار و کەنگرم پێ لە زەوی دەردێنا، بۆم بوو بەقازمە و خاکەناس و پێمەڕە و بەکەڵکم هات، بۆ قەبرلێدانی ئازیزێکی زۆر خۆشەویستم بەکارم هێنا... بەڵام حەوشەکەمان هێندە ڕەق بوو. دەتگوت بەردەڵانی بەردەم چیاکانە، هەڵنەدەکۆڵدرا، ڕەنگە بەقازمە و پێمەڕەش نەمتوانیبایە ڕووبەرێک بەقەد گۆڕێکی ئاسایی هەڵکەنم، شەوی دووەمیش بەهەمان بارودۆخی شەوی یەکەم تێپەڕیم، تووشی هەمان ترس و گومان و تۆقێن بووم، تا بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم خەریکی پاسکردنی تارمایی و ئەجندەکانی ژوورەکەم بووم، ئەو تارمایی و ئەجندانەی خەریک بوو شێتم بکەن، ئینجا ڕۆژی دووەم بەهەمان شێوە کەوتمەوە پیشەقان وەشاندن و خۆڵ لابردن، ئێوارەکە ماندوو و شەکەت دەستم لە کار هەڵگرت و چوومەوە ژوورێ پێم وابوو زوو خەوم لێ دەکەوێ و لە دەست تارمایی و ئەجندەکان ڕزگارم دەبێ، بەڵام خەیاڵم خاو بوو، لە شەوی دووەم پتر ئەزیەتم کێشا، پتر بەدەستیانەوە گیرم خوارد، لەبەر ئێش و ئازاری لەشم خەوم لێ نەکەوت، خراپتر بووم، ڕۆژی سێیەمیش هەمدیسان دەست بەکار بووم و چارەگە گۆڕێکم لێدا و چیتر نەمتوانی قووڵی کەم، ئەو گۆڕەش کە ئامادەم کردبوو، لە گۆڕی منداڵێکی ساوای ڕووبەر بچووکی دەکرد نەک هی پیاوێکی زرتەزەلام، تاقەتم بڕا و نەمتوانی پتر قووڵی کەم و بەرین و درێژی کەم، ئەگەر بەمەتر و سانتیمەتر و ملیمەتر پێوانە بکرایە لە (٥ – ٦) سانتیمەتر پتر نەدەبوو، ئینجا بەهەزار ناڵی عەلی تەرمەکەی باوکتم لە ژوورەوە دەرهێنا و بەڕاکێشان بردمە حەوشە و لە چاڵە بەناو گۆڕەکەم دانا، لەوێ جوان ڕێکم خست و دەست و قاچیم درێژ کرد و بەدەست کەوتمە خۆڵ پێداکردنی کە لە دەوروبەری گۆڕەکە کۆم کردبۆوە، بەڵام تا شوێنێکی بزر دەبوو ئەندامێکی دیکەی بەدەرەوە دەما، کە دەموچاوی بزر دەبوو، لای قاچی بەدەرەوە دەما، کە قاچیشم دەشاردەوە، سەر سنگ و مل و دەموچاوی نەدەشاردرانەوە، نەمدەزانی چی بکەم و چۆن جەستەکەی بەخۆڵ داپۆشم، جا خۆڵم لە کوێ دێنا و لە کوێ پەیدام بکردایە، ئەو بەردەڵانەی بەسێ شەو ئەوەندەم لێی هەڵکۆڵی لێم ببوو بەزەوییەکی ئاسنین و ڕەق و بەزەحمەت ورد دەبوو، بەزەحمەت دەشکا و بەزەحمەت دەبوو بەخۆڵ، حەوشەکە چیایەک بوو ڕەنجی فەرهادی دەویست تا دەبوو بەگەردیلەی بچووک بچووک، منێکی بێ تاقەتی دەروون داتەپیوی ماندوو و شەکەت





کەلەشم لەناو ئارەقەی بۆگەندا مەلەی دەکرد، لەوە پترم پێ نەکرا و لە سەرمان، لە بێزارییان، لە ترسان هەر زوو دەمویست لەم گرفتە گەورەیە ڕزگاریم بێ و بچم لە ژوورەوە سەر بەکۆشی خەمەکانم بکەم و چاو لێک بنێم و بخەوم...

مەیتەکەی باوکیشت پتر بمابایە بۆگەنی دەکرد، دەگۆڕا و تێکدەچوو، بۆیە ناچار بووم وازی لێ بهێنم و ئەرکی پۆشینی بۆ سبەینێ و ڕۆژی دواتر هەڵگرم، گوتم بەیانی زووی سبەینێ لە خەو هەڵدەستم و ڕەنجی فەرهاد دەدەم، بەڵکو ئێ ئەمجارە بتوانم تەواو دایپۆشم. خۆشم چوومەوە ژوورە نیمچە شڕ و سام لەسەر نیشتووەکە و ماوەیەک لە بەر پەنجەرە بەدیار چاڵەکەوە دانیشتم و چاودێری باوکتم کرد...

دنیاش بەرە بەرە تاریکتر دەبوو و پتر بێ دەنگ و خامۆش دەبوو، چاوەڕێ بووم پێڵووەکانم گران بن و چاوم بنووقێ، چاوەڕێ بووم، لە دەست ژان و ئازاری دەست و قاچم ڕزگارم بێ، بەڵام لە پڕ ترەتڕ و گڕەگڕی شتێ لە حەوشە چاوی پێ بەرز کردمەوە و سەرنجی ڕاکێشام، ڕێک بەرامبەر تەرمەکەی باوکت تەنێکی ڕەشی لاکێشەیی لە ئاسمان دابەزی و هەموو ئەو شتانەی لە حەوشەکە دانرابوون کەوتنە جووڵە و تەپوتۆزێ پەیدا بوو، تۆز و خۆڵ تا بەر پەنجەرەکە کە منی لێ دانیشتبووم هات، بۆنی تۆز و خۆڵ لە کونی دەرگا و پەنجەرە هاتنە ژوورێ و بەکونە لووتمدا چوونە خوارێ. زارەترەک بووم و نەمزانی بەم شەوە تاریکە ئەم تەنە ڕەشە لاکێشەییە چییە، لە کوێ هات و بۆ لە حەوشەکەی ماڵی ئێمە هەڵنیشت، کێ ناردوویەتی و بۆچی هاتووە، ئەی ناوی چییە و کێ دروستی کردووە، چی تێیدایە، ئەو ئامێرەی بەدرێژایی تەمەنم شتی وام نەبینیبوو و نەبیستبوو، ڕەنگە لە هەموو شار و وڵاتێکیش شتی وا نەبێ و شتی وا دروست نەکرا بێ، ئەوەی زیاتر لام سەیر بوو و پتر سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کاتێ بینیم دوو کەسی لێ دادەبەزێ و بۆ سەر گۆڕەکەی باوکت دەچن، ئینجا پاش ماوەیەک خۆیان خوار کردەوە و ڕوو بوونە دەست و شان و قاچەکانی. یەکێکیان هەردوو شانی گرت و ئەوی دی قاچەکانی، بەبەر چاومەوە تەرمەکەیان هەڵگرت و ڕایانکێشایە ناو تەنە ڕەشەکە و بەدوای خۆشیان دەرگاکەیان داخست، زۆری نەبرد گڕەگڕ بێ دەنگی حەوشەکەی خستەوە هەژان و بایەکی توند ئەوێی گرتەوە. هەتا کۆڵەکەی ماڵەکەشمان لەگەڵ بایەکە و هەژانی حەوشەکە کەوتە شرقە شرق و شووشەی پەنجەرەکان خەریک بوو لەبەر هێزی هەژانەوە بشکێن، دڵی منیش، قاچی منیش وەک شووشە و کۆڵەکەکان کەوتنەوە لەرزین و هەژانەوە وەک بێ ناو ئاو لەشم لەرزی، دەتگوت ڕەشەبا دەمهەژێنێتەوە و شتێ بەر گیانم و جەستەم کەوتووە لە شوێنی خۆم متەقم لێ بڕا و هێندەشی پێنەچوو دەستم کرد بەوڕێنە کردن و لە شوێنی خۆمەوە مزراح ئاسا کەوتمە خولانەوە، هەرچی ئایەتێکی کە دەمزانین و بەسەر زارمدا هاتن لە بەر خۆمەوە گوتم، دواتر بەدەنگی بەرز

خوێندمەوە، ئەوەی دەمزانی و نەمدەزانی بەدروستی یا نادروستی بەزارمدا هاتن و دەرمبڕین، بەڕاست و هەڵە، لە سەرەتا یا لە ناوەڕاست پێدا هاتم گوێم نەدایە ڕاستی و نادروستییان، بەمە هەندێ فەرامۆشی کەوتە دڵم و لەو ترس و تۆقینەی گەمارۆی ناخ و جەستەیان دابووم نەختێ دوورکەوتمەوە، ددانم لە ترسان وەک کۆڵەگە و پەنجەرەکان سیڕە سیڕیان لێوە دەهات، سەرم، دەستم، قاچم، پشتم، ئەو ڕایەخەی لەسەری دانیشتبووم یەکتریان نەدەگرتە خۆ، لەیەک ترازابوون و لە جووڵە نەدەکەوتن، منیش نەمدەزانی بەکوێی خۆمدا دەکێشم و دەستم بۆ کوێ دەبەم و قاچم لە کوێ دادەنێم، هەر پەنجەم بوو لە کراس و ڕایەخەکە گیر دەبوو و ڕام دەکێشان، هەر پشتم بوو بەر دیوارەکەی پشتم دەکەوت، دەمڕوانی و نەمدەزانی لە چی ڕادەمێنم، لە چی ورد دەبمەوە، ئەوەی دەمبینی کۆمەڵێک وێنەی تێکەڵوپێکەڵبوون، ئەوەی بەردەستم دەکەوت وردە شووشە بوو پەنجەکانمیان زامدار دەکرد، خوێن لە بەشی زۆری ئەندامەکانی لەشمدا دەچۆڕایەوە، سەرم، هەنیەم، لە چەند شوێنێکەوە شکابوون.

ئارەقەی ڕەش و شینم دەردەدا و هەناسەم سوار دەبوو، بەزەحمەت دەمتوانی خۆم بسووڕێنم و بجووڵێم.

کە باوکتیان سواری تەنە ڕەشە تۆقێنەرە ناشیرینەکە کرد، دەمودەست کەوتە گڕە گڕ و ماڵ و حەوشە و کۆڵان و گوندەکەمانی جێهێشت، بێ دەنگییەکی تۆقێنەر دایگرتم، بێ دەنگییەک کە پێشبینی کارەساتێکی لێ دەکرا، ڕووداوێکی لە ئەقڵ بەدەر بوو، لە بەردەمم ڕوویدا و تووشی ڕامان و بیرکردنەوە و سەرسوڕمانی کردم، خەیاڵم بۆ زۆر شت چوو، بیرم لە زۆر شت کردەوە، بەڵام لەسەر یەکێکیان لەنگەرم نەگرت، کە تەنە ڕەشەکە هەڵفڕی و بەئاسماندا بەرزبۆوە، وەک کەرتە شاخێ هاتبێتە بەرچاوم و لابچێ، بەرچاوم ڕوون بۆوە و هەموو شتێ بەچاکی دەرکەوت، بۆیە بەپەلە خۆم گەیاندە ناوەندی حەوشەکە و چاوم هەڵبڕی و سەیرێکی ئاسمانم کرد، ئاسمان وەک جاران ساماڵ و ساف و بێ گەرد بوو و ئەستێرەکان لەناو باوەشی گەرمیدا دەدرەوشانەوە و ئاگایان نە لە من بوو نە بەڕووداوی بردنی تەرمەکەی باوکتیان دەزانی، کە لە شوێن تەرمی باوکت نزیک بوومەوە و چوومە سەر گۆڕەکە، کە ڕوانیمە ناوی و بەدوای تەرمەکەدا گەڕام، جگە لە شمشاڵێک و سبیلێکی جگەرەکێشان پترم نەبینی، شمشاڵەکەش پارچە کاغەزێکی نوشتاوەی لەژێردا دانرا بوو، کە ئەو کاغەزەیە وا ئێستا لەبەر دەستدایە و ڕۆژگار زەردی کردووە و هێندە کۆن بووە ڕەنگی لە ڕەنگی ئەو کات ناکات. ئەو کات ڕەنگی پیت و نەخشە و نووسینەکانی کراوە بوون و وا کاڵ نەبووبوونەوە، شینێکی ئاسمانییان هەبوو، هێڵ و لاکێشە و چوارگۆشەکانی سەری بەقەڵەمی ڕەش کێشرابوون. کاغەز و شمشاڵ و سبیلەکەم لەناو گۆڕەکە دەرهێنا و خۆم خوار کردەوە و ڕوانیمە هەرسێکیان،





نووسینی سەر پەڕە کاغەزەکە زۆر سەیر هاتە بەرچاوم و نەمزانی چی لێ نووسراوە و بەچ زمانێ نووسراوە، چونکە پیتەکانی لە پیتی هیچ زمانێ نەدەچوو، وەک پیتی زمانەکەی خۆشمان بوو، نەشم بینی بوو شتی وا لەم ئان و ساتەدا بەکار بێ، بۆیە هێندەی هەوڵم دا نەمزانی مانای نووسینەکە چییە، وەک کەڕوڵاڵێ بەرامبەری دۆشدامام، مەگەر تۆ بزانی مانای چییە و چی دەگەینێ، جوان لە وشە و پیت و وێنەکان وردبەرەوە، بزانە ئەو هەموو خەت خەتۆکانە مانایان چییە و بەچ زمانێ نووسراون، ئەو هێڵ و بازنە و چوارگۆشە و لاکێشانەی سەرووی نووسینەکان نەخشە و وێنەی چ شتێکن، من پاشتریش وازم لە کاغەزەکە نەهێنا و تا لەوێ مابووم شەوانە دەرم دێنا و لەبەر چرا خەریکی لێکدانەوەی پیتەکان و وێنەکان بووم، گەلێکم هێنان و گەلێکم بردن و زۆر بەدیاریانەوە بەخەیاڵدا چووم و بیرم لێیان کردەوە، بەدەیان شەو بەدیاریانەوە ڕۆژم کردەوە و ماندوو و شەکەت بووم خەریک بوو کوێرایی چاوم دا بێ. بەڵام بەهیچ نەگەیشتم، چاو ئەبڵەق بەدیارییەوە خولانەوە و نەمزانی چی بکەم و چۆن لە مەبەستی نووسین و ئەو نەخشە ئاڵۆز و تێک چرژاوە سەیرە بکەم، بەڵکو ئێ تۆ شتێکیان لێ هەڵکرێنی. ئاخر من بەچی لێیان بگەم. هێندە خوێندەوارێکی باش نەبووم تا پیتەکان بەیەکەوە گرێ بدەم و بیانخوێنمەوە، ئەگەرچی وێنەی هەندێ پیتی زمانەکەی خۆمانم لە مێشکدا چەقی بوو و لە کتێبەکەی عەلی برات سەیرم کردبوون، ئەو کتێبەی عەلی براتی فێری خوێندەواری کرد و پاشان کردی بەڕاوچی. بەڵام تۆ خوێندەواری و بەردەوام کتێب دەخوێنیتەوە، شیعر دەنووسی، ساڵ دوانزەی مانگ بەکاغەز و قەڵەمەوە خەریکی... بێ گومان تۆ دەزانی بیانخوێنیەوە و لێکیان بدەیەوە، ئەوە چل ساڵێکە ئەم کاغەز و شمشاڵ و سبیلەم هەڵگرتوون، نیشانی کەسم نەداوە، کەسێ نازانێ شتێ وام لای خۆم گلداوەتەوە، هەتا پووریشت بەم شتانەی نەزانیوە، ئەوا تۆ یەکەمین کەسی پێیان دەزانی و دەیانبینی...

جوان لە خەت و وێنەکان وردبەرەوە و تێم بگەینە چی تێدا نووسراوە و مانایان چییە و بزانە ئەم خاڵە شینانەی هەر لە ئاو دەکات بۆ بەناو چوارگۆشەکاندا تێدەپەڕن، تۆ بڵێی دەریا یا ڕووبار نەبن و دوو کۆڵان و دوو گەڕەکیان نەکرد بێتە دوو کەرت، یا دوو شار و دوو گوند یان بۆ دوو بەش دابەش نەکردبێ. کێ ناڵێ ئەو چوارگۆشانە ماڵ و خانوو نین و بەتەک یەکەوە دروست نەکراون، لە کەرتە شاخی گەورە گەورەش دەچن کە دۆڵێک بەناویاندا تێپەڕی بێ، چونکە بەرزاییەکان لە قوچەک و ترۆپکی چیا دەکەن. ئەو هێڵ و ستوونانەیش وەک دار تەلی کارەبا و ڕیزە درەختێ، شۆڕ بوونەتەوە و بەرز بەرز، یەک بەدوای یەک تا ئەوسەر هەڵکشاون، خاڵە ڕەشەکانیش پێدەچێ شوێن دەرگا و پەنجەرە بن و لاکێشە بچووکەکان دەرگای دوودەری بن، ڕەنگە ئەو دەرگایە دەرگای

باخچە و قوتابخانە و یاریگا و دەزگای میری بن، ئەو قەرەباڵغییەی نەخشەکەی داگرتووە نیشانەیە بۆ قەڵەباڵغی شەقامی شارێک، کە تا ئێستا کەس نەیدیوە و نازانێ کەوتۆتە کام کیشوەر و سەر بەکام وڵاتی دنیایە، لەسەر زەوی یا لە ئاسمان دروست کراوە، خوا دەزانێ، ناوی چییە و بەچی بەناوبانگە و ژمارەی دانیشتوانی چەندە، ڕووبەری چەند کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، چ نەتەوەیەکی تێدا دەژی و بەچ زمانێ قسە دەکەن، چی دەچێنن و چی بەرهەم دێنن، ئەمیش هەر خوا دەزانێ، تۆ چاک لە هێڵ و خەتەکان وردبەوە، ئەوەتا کۆمەڵێ دارتەل و ئاریەلی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، ئێستا یەکێ هەبووایە لێکیان بداتەوە و ئەو نووسینەی ژێرەوەیان بخوێنێتەوە، یەک یەک تەلیسمەکان دەکرانەوە، هەموو شتێ وەک گوێزی پاک کراوە دەردەکەوت، لە مانا و مەبەستەکان دەگەیشتین و دەمانزانی باوکت لە کوێیە و بۆ کوێیان بردووە، دڵم خەبەرم پێدەدا نووسینەکان کلیلی دەرگای کردنەوەی نهێنی و وێنەکانن و لە ماناکانیاندا نهێنی کوژران و بردنی تەرمی باوکت دەردەکەوێ و دەزانی کێ باوکتی کوشتووە.



٢

هەرکە شمشاڵەکەم هێنایە ژوورەکەم و گرتمە دەست هەستم کرد ڕۆحی هەیە و لەناو پەنجەکانم هەناسە دەدات و دەجووڵێ، دەنوزێتەوە و هاوار دەکات، دەنگێکی نزم و کاریگەری لێ بەرز دەبێتەوە، دەتگوت ڕۆحی مرۆڤێکی چۆتە ناو و لە کونەکانەوە ئەو ڕۆحە فووی پێوە دەکات، شمشاڵەکە لە ڕووی قەوارە و درێژی و ژمارەی کونەکانی شمشاڵێکی ئاسایی بوو و ڕەنگە بەدەیان شمشاڵی وا ڕۆژانە لە بازاڕ بفرۆشێ و مۆسیقاژەن و هەوادارانی مۆسیقا دەستی پیابخشێنن و فوو بەکونەکانیدا بکەن، بەڵام ئەو دەنگە خەمبار و کاریگەرەی لەو شمشاڵەوە دەهات دەنگێکی ئاسایی و هی مرۆڤێکی زیندوو نەبوو، لەوپەڕی دنیاوە، لە ئەزەلەوە، لە شاخەکانەوە، لە پێدەشت و دەریا و ڕووبارەکانەوە دەهات، نە لە دەنگی بولبول، نە لە دەنگی خوڕەی تاڤگە و ڕووبار و شەپۆلی دەریا و قاسپەی کەو و جریوە جریوێ دەچوو و نە لە دەنگی مرۆڤ، بەڵکو تێکەڵ بوو لە هەموو ئەو دەنگانەی مرۆڤ کاس دەکەن و دەمار و ئەندامەکانی شل دەکەن و سەرخۆش و مەستی دەکەن. وەک دایکیشم گێڕایەوە؛ ڕەنگە هەمان ئەو دەنگە بێ کە پاش ڕفاندن و هەڵکێشانی تەرمەکەی باوکم لە گۆڕەکەی بەرز بووبێتەوە. هەمان ئاوازی کەمەرشکێن و خەمبار بوو کە لە کونە بچکۆلەکانی دار و بەرد و خاکوخۆڵ و کەلوپەلەکانی حەوشە و ماڵەکەمانی بەر لە چل ساڵ خستبووە گریان و داد و فیغان، بەناو گەردیلە و هەموو قوژبنێکی خانووە لە قوڕ دروستکراوەکەمان پەرشوبڵاو ببۆوە، دایکم وای گێڕایەوە و وای گوت کە یەکسەر ئەو کاتەی دەستی داوەتە شمشاڵەکە و لە گۆڕەکە دەریهێناوە هەر لەخۆیەوە بێ ئەوەی فووی تێ بکات دەستی بەژەنین کردووە، دەنگێکی بەسۆز و میهرەبان، پڕ عەشق و دابڕان و دووری و دەردەسەری لە کونەکانییەوە بەرز بۆتەوە.

دایکم وای گوت: بێ ئەوەی کەسێ لە حەوشەکەمان هەبێ فوو بەشمشاڵەکە بکات، بێ دەنگی و تاریکی شەو بڕەوێنێتەوە، دەنگێ، ئاوازێ سەرسامی کردم، وەک بۆنێکی خۆش لە کەللەی دام و بەناو دەمارەکانمدا شۆڕ بووەوە، دەستم، قاچم، سەراپای لەشمی خاو کردەوە، هەر لە خۆیەوە ئاوازێکی بەسۆی لە حەوشە و ماڵەکەماندا بەرز بۆوە بەردەوام و بێ پسانەوە بەرز و نزم دەبۆوە، کەسێ نەبوو پەنجە بەسەر کونەکانیدا بهێنێ یا پەنجەی بەسەردا بهێنێ و ببات، شمشاڵەکە دنیای هێنایە هەژان، لەناو ئەو تاریکییەی لە چرکەیەکدا دەیان تارمایی شاڵاوی بۆ دێنام و وەک گەردەلوولێ جەستەی پاکیزەکانی لوول دەدا و گومان و ترس بەهەر چوار کەناری دنیا بڵاودەبۆوە، هێدی هێدی، نەرم نەرم، شل شل شمشاڵەکە دەژەنرا و جەستەی ماندوو و شەکەتی منی

مەرهەم ئاژەن دەکرد، وەک مەرهەمێکی گران بەها دەهاتە سەر برینەکانم و ئێش و ئازارمی کەم دەکردەوە، خەریک بوو پێڵووەکانم گران بکات و چاوم پێ لێک بنێ، بەخەیاڵدا دەمی برد و بەهەموو دنیادا دەیگێڕام. باڵندە ئاسا بەئاسمانەوە لە شەقەی باڵم دەدا و بەناو ئەستێرەکاندا دەسووڕامەوە، دەچوومە باوەشێکی بەسۆز و نەرم و میهرەبان، لە کۆشک و تەلارێکی زۆر جوان و قەشەنگدا دەخەوتم و خەونم دەبینی، بەناو باخچە و گوڵ و گوڵزاری وادا پیاسەم دەکرد کە پێشتر شتی وام نەبینی بوون و گوێشم لێیان نەببوو.

لەو چرکە ساتەی خەریک بوو ڕۆحم، دڵ و دەروونم، مێشک کەرت کەرت دەبوون دەبوونە چەند کەرتێ و هەر کەرتێکم بۆ لایێ دەڕۆیشت، هەموو شتێ لە حەوشەکەمان، لە ماڵەکەمان، لە گوندەکەمان نائومێد دەبوون و لە جووڵە دەکەوتن، لەو ساتە شوومەی دەنگی فڕەی باڵی چۆلەکە نەدەهات و مێرووڵەش نەدەجووڵایەوە و مریشک و قاز و قەلەکانی باوکت، ئەوانەی هێشتا مردار نەببوونەوە و جارێ لە پەلوپۆ نەکەوتبوون، خەریک بوو لەبەر سەرما پەڕ و باڵیان هەڵوەرێ... ورشەی با نەدەهات، خشپەی پێ و شەقەی باڵی پەپوولە بڕابوو، دەنگێ لە قووڵایی ناخەوە دەهات و ئاوازێ شپرزەیی و جەرگسووتانی منی کۆ دەکردەوە و نەرم نەرم بەگوێمدا دەچرپا و برینی کۆنە ساڵەی لە دڵمدا سارێژ دەکرد، وەک پڕوشکی باران و شەپۆڵ و تاڤگە بەسەر قژ و سەرمدا دەپژا و تەڕی دەکردم، ئاوازێ بەهەموو قوژبنێکی ژوور و حەوشە و ماڵەکانی دەوروبەرم دەگەڕا، یەک یەک خەڵقەندە زیندووەکانی بەخەبەر دێنا و هەواڵی ڕفاندنی باوکتی پێدەگەیاندن و بردنی عەلی براتی بۆ سەر زەمینی دوور دەبرد، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەوەی لە گوند مابوو و پەڕاگەندەی هەردوو کێوان نەببوو، بەهەواڵەکەیان زانی، منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووەکان، ئەوانەی لە گوند مابوونەوە و بواریان نەبوو هەڵبێن یا لە هەڵاتن دواکەوتبوون، بەکوژرانی باوکتیان زانی و لە ڕفاندنی عەلی برات ئاگادار بوونەوە... ئاوازەکە هەتا تێکەڵ بەڕۆحی زیندەوەر و ڕۆحی بێ گیانە بێ پەرواکانیش بوو، دەنگەکە سندووق و باول و توێلکە چراکانی ژوورەکەم گرتە ئامێز و توند بەخۆیەوە هەموویانی لەجێوە خستە سەما و دەستی بۆ ناو سەما و شایی و هەڵپەڕکێ گرتن، گۆرانی پێگوتن، هەتا دەرگا و پەنجەرەکانیش لە شوێنی خۆیانەوە هەژانەوە و جووڵان، نوێن و بالیف و لێفەکانی سەر سندووقە کۆنەکەی ژوورێ. یەک یەک وەک گیانەوەری زیندوو هاتنە خوارێ و کەوتنە سەما، هاتن لە تەنیشتمدا دەنیشتن، منیش واق وڕما و سەراسیمە سەیری ئەم هەژان و جووڵانە نائاساییانەم کرد، دەتگوت سیحرێ لە دەوروبەرم کراوە و سیحربازێ سیحر لە کەلوپەلەکان دەکات و دەیانجووڵێنێ، دەیانکاتە زیندەوەری زیندوو و هەناسەیان پێدەدا، دەست و پەنجەیان پێ بەرز دەکاتەوە بۆ ناو





بازنەی هەستکردن و بۆنکردن و تامکردن و جووڵانەوە و هەڵپەڕین دەیانهێنێ، وایان لێ دەکات پێ بگرن و بجووڵێن، پێبکەنن و بگرین، گوێیان لە دەنگی ئاوازی شمشاڵەکە بێ و پێی کاریگەر بن.

ئاوازەکە هێندە خۆش و کاریگەر بوون یەک و دوو هات، لەو حاڵەتە پڕ ترس و گومانەی گەمارۆی دابووم ڕزگاری کردم، لەو هەڵچوون و داچوونەی شەوی پێشتر بەدیار تەرمەکەی باوکتەوە تووش ببووم. شەو ترسێ دەمیهێنا و گومانێ دەمیبرد، تارمایی لە ژوورە تاک و تەنیا و تاریکەکەدا گیرەی پێ دەکردم، پەنجە و لێو و لووت و گوێچکەکانی باوکت، سمێڵی ڕەشی قەترانی، چەناگەی لا ڕوومەتە پڕ مووەکانی، پرچی ماش و برنجی وەک ڕۆح لەبەری ترسناک بەڕوومدا دەتەقینەوە و بەسەرمدا دەیانقیژاند، لێم مۆڕ دەبوونەوە، زمانیان لێ دەردەهێنام و بەتووڕەییەوە، بەڕوخساری ناشیرین و قێزەوەنیانەوە بەچاوی پڕ غەزەبیانەوە هاواریان بەسەرمدا دەکرد و دەنگیان دەدام، هەندێ جار دەبوونە تفەنگ و لوولەی درێژیان ئاراستەی سنگم دەکرد، گوللەیان پێوە دەنام و دەمیانکوشت، ئینجا دەهاتن و ڕایان دەکێشامە کن باوکت و لەتەک ئەودا درێژیان دەکردم، پاشان هەموویان بەچەقۆ بەردەبوونە گیانم و لەت لەتیان دەکردم، لەتەکانیشمیان فڕێ دەدایە ژوورەکە و سەگ تێم وەردەهاتن، مڕە مڕی سەگ لەسەر سەرم کە بەرامبەر ئێسقانەکانمەوە ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت و لە ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە، لەو دەمەی سامی تەرمەکەی باوکت جەستەی ساردوسڕی وەک گێژەنی دەریایەکی هاروهاج لوولی دەدام، پەلکێشی قوژبنە تاریکەکانی قووڵترین جێگای دەکردم. لەو ساتەی دەمم ببوو بەتەڵەی تەقیو، دەنگم نووسا بوو، وشە لە قوڕگم قەتیس مابوو، زارەترەک دەمڕوانیە هیچ و لە بۆشایی و تاریکی ڕادەمام و هیچم نەدەبینی، جگە لە دەستی تێک ئاڵاوی کۆمەڵێک زەلامی دەمامکدار کە دەیانویست ڕامکێشنە ناو بازنەکەی خۆیان، ئا لەم دەمەدا شمشاڵەکە دەنگی لێوە هات و لەم وەحشەتە تۆقێنەرە ڕزگاری کردم، هات و بەسەرجەم ئەندامەکانی لەشمدا ڕۆچووە خوارێ، دەمارەکانمی شل و خاو کردەوە و ئاواز بارانی کردم، گەڵای ئاواز ورد ورد بەسەر پرچ و دەموچاومدا باری، خۆشبارانی کردم، هێدی و لەسەرەخۆ دەستی پێ بەرز و نوی کردمەوە و بۆ دواوە ڕایکێشام، چاومی بۆ سەروو و ترۆپکێ بەرز کردەوە، دەمم کەوتە جووڵە و وشەکان لە گەروومدا ئازاد بوون... گۆرانیم نەدەزانی و دەنگم خۆش نەبوو، بەڵام ئاوازی شمشاڵە هەم دەنگیان خۆش کرد و هەم گۆرانییەکەیان بەسۆز و عەشقتر کرد پێشتر نەمدەزانی هێندە دەنگم خۆشە باشە ئەو هەموو وشە جوانە پڕ سۆز و عەشقانەی دەرم دەبڕین تا ئێستا لە کوێ بوون. لە کام قووڵاییدا قەتیس مابوون، چی ببووە بەربەستی بەردەمیان...

ساتێ لەمەوبەر نەمدەزانی لە بێزاری و لە ترسان بۆ کوێ بچم و ڕوو لە کام لا بکەم... بێ دەنگی و تاریکی بینەقاقایان گرتبووم، بەلەپی هەردوو دەستم دەموچاوی خۆمم دەشاردەوە تا تارمایی و مێردەزمە و ئەجندەکان نەمبینن، یان ئەوان نەبینم لەو ساتەی دەمویست عیزرائیل لە ئاسمانەوە دابەزێ و بێ ڕۆحم بکێشێ و لەم بارودۆخە ناهەموارە نەجاتم بێ، بەڵام نەدەهات، ڕێ نەبوو هەڵبێم، چارەنووسی خۆم دابووە دەست تارمایی و زەلامەکانی دەوروبەری تەرمەکەی باوکت، تەنە ڕەشەکە هاتە حەوشە و دوو زەلامەکە ڕوو بوونە باوکت و سواری تەنەکەیان کرد و هەر زوو ئەوێیان جێهێشت و منیش بەپەلە و هەڵەداوان چوومە سەر گۆڕەکەی باوکت، خۆم خوار کردەوە و شمشاڵەکە و کاغەزەکە و سبیلەکەم دەرهێنا و جارێ شمشاڵەکە هەر بەدەستمەوە بوو ئاوازێ بەرز بۆوە و حەوشە و ماڵەکەمانی پڕ دەنگی سازگاری خۆش خۆش کرد، دەنگێ هات و وەحشەت و ترس و ماندووبوونی ئەو سێ شەو و ڕۆژەی لێ پاس کردم، بەڵام ئەو دڵە غەمبارەی هەمبارتر کردم، قژمی داهێنا و ئازاری پەنجە و دەستی ماندوومی ڕەواندەوە. بوو بەهەتوانی برینەکانم، ئاوازێکی کەمەرشکێن لەبەردەم ئەو چاڵەی بەسێ شەو بۆ باوکتم هەڵکەند بوو بەرز بۆوە. هات و بەسەر جەستەی ڕاچەنیو و دەروونی داتەپیومدا ڕابوورد، لەوێوە بۆ ئەودیو ڕۆیشت، ڕەنگە لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە هاتبێ و عەلی براشت گوێی لێ بووبێ...

خەوتن لەگەڵ مردوو ئازایەتی دەوێ، زەحمەتە ئافرەتێ بەتاق و تەنیا لە ژوورێکی چۆڵ و تاریکی بێ چرا بەرگەی بگرێ و بەزیندوویەتی شەو بکاتەوە، بەڵام من سێ شەو و سێ ڕۆژ ئێشکم بەسەر مردووێکەوە گرت، لەگەڵ مردوودا ژیام و خواردم و شەوم کردەوە، بۆ یەک چرکەش خەوم لێ نەکەوت، شەوی یەکەم خەریک بوو دیق بکەم و شێت بم، من و ترس و تارمایی لەناو تاریکییدا سەنگەرمان لە یەک گرت و تەقەمان بەیەکەوە نا، کەوتینە زۆرانبازی و سەعاتمان بەڕێ کرد، بەچاوی خەواڵووە لەسەر شڕە جاجمێک هەڵتروشکام و خۆم وێک هێنایەوە، هەندێ جار بەسەریشیدا زاڵ بووم، بەڵام زۆربەی کات ئەو بەسەرمدا زاڵ دەبوو، کەچی تەسلیم نەبووم و خۆم نەدایە دەست، مرۆڤ لەکاتی وادا ئازاش نەبێ بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لە خۆی ناچارە ئازایەتی بنوێنێ و هەوڵ بدا خۆی لە چنگ دەربینێ، منیش هەر وام کرد، چونکە دەبووایە وا بکەم، ئەی لەوە پتر چیم بکردایە، لەو گوندە چۆڵوهۆڵەی شەڕ و قاتوقڕی و گرانی بینەقاقای خەڵکی گرتبوو و ڕۆژانە لێی دەکوشتن و لەبەری هەڵدەهاتن، لەو گوندەی لە من و باوکت و چەند ماڵێکی کەمی دیکەی لێ نەمابوو، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، کەس نەیدەزانی ئەوی دیکە چی لێهاتووە و چی لێقەوماوە، ماوە یا مردووە، یا کە شتێکی لێ قەوما هانا بۆ کوێ ببا، کێ بانگ کا، جا کێ دەیتوانی بەهانای





ئەوی ترەوە بێ، جا کێ تاقەتی مابوو بێت و دەست کاتە قازمە و پێمەڕە و خاکەناس و لە گوند بچێتە دەر و بچێ لە گۆڕستانی ئاوایی گۆڕ بۆ مردووەکەی لێدا، ڕۆژی ئەوە نەبوو مردوو بشارێتەوە، ڕەنگە دەیان کەس هەر لە حەوشە و ماڵەکەی خۆیان مردووەکانیان شاردبێتەوە و لە چاڵێک ناشتبیان، یا تەنیا خۆڵیان بەسەردا کردبن و وازیان لێ هێنابێ.

لەو سەردەمە پڕ وەیشوومەیە کەسێ نەبوو بوێرێ سەر لە دەرگا بێنێتە دەرێ، ئەو ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتووانەی خۆیان لە ژوورێ بەند کردبوو و گۆشتی جرج و مشک و پشیلەیان دەخوارد، پاش ڕۆیشتنی ئێمە کەس نازانێ چییان لێهات و بۆ کوێ چوون، مردن یا مان، لاشەکانیان چی لێهات، سەگ و پشیلە خواردیانی یا لەو گۆڕە بۆگەنیان کرد... ئەوەی خۆشی قورتار کرد کەس نازانێ بۆ کوێ چوو و لە کوێ گیرسایەوە... هێدی هێدی لە ماوەیەکی کەمدا برسیەتی و قاتوقڕی هات و گوندەکەمانیان خاپوور کرد، مەرگ بوو بەگاسنێ و سنگی خەڵکی کێڵا، ئەوەی مایەوەش کۆڵێ خەمی خەستی لە کۆڵ نا و لە ژوورێکدا لە ماڵەکەی خۆیدا دەرگای لەسەر خۆیدا کلیل دا، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە دەرگامان لەسەر خۆمان داخست و ئاگامان لە دنیا بڕا تا ئەو ڕۆژەی جەندرمە بەگوند وەربوون و باوکتیان لەناو جێگا دەرهێنا و بردیان، کە گەڕاندیشیانەوە لە گیانەڵادا بوو و هێندەی نەما بوو دوا هەناسە، دوور لە خزم و ناسیاو و هاوڕێکانی بدات، کە مردیش جگە لە خۆم کەسێ نەبوو بیباتە گۆڕستان یا بیشوا، کفن و دفنی بۆ ئامادە بکات و لە تازیە بۆی دانیشێ... تا چاو بڕی دەکرد دەوروبەری گوندەکە وشک و درەختەکانی زەرد هەڵگەڕابوون. ڕووت ڕووت لەبەر با هەڵدەلەرزین، زەوی هەموو بەردەڵان و شەقار شەقار بوو، لە تینوویەتیدا دەمیان بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە و چاوەڕێی باران بوون تنۆک تنۆک بەگەروویاندا بچێ، سەرماکەی ئەوێ ساڵیش سەرمایەکی وشک و باکەی لەو ساردتر، بەدووری سەدان کیلۆمەتر دنیا لە وشکییان زەرد دەچۆوە، وەک دەموچاوی منداڵێکی ترساوی ڕەنگ پەڕیو، لەنێو ڕەنگی زەردی خۆیدا مەلەی دەکرد و دەگریا، وەک ڕوخساری خەم لەسەر نیشتووی خۆشم، کپ و خامۆش بێ قەرار و ئازار دەمرِوانیە ئەو شوێنەی یەک دوو کاتژمێر پێشتر بەربوومە گیانی و شەڕم لەگەڵ دەکرد، تا بوارم بدا جێ بەژنێکی بۆ تەرمی باوکت لێ داگیر بکەم و چاڵێک لێ بدەم، دەمڕوانیە ئەو خۆڵوخاکەی لەسەر لاتەنیشتێکی چاڵەکە کۆم کردبۆوە، ئێوارە لەسەری پاڵکەوتم و هەنیشکم لەسەر دانا، دنیاش لە بێ دەنگیدا خۆی کرمۆلە کرد بوو و ژوژک ئاسا خۆی لەناو قەپێلکی خۆیدا شاردبۆوە، باوەڕ ناکەم بەم ناوەختە کەسێ لە دوور و نزیکی گوندەکەمان بەدەرەوە بێ، کەس نەبوو ئاگای لە حاڵی پەرێشانی من بێ و بزانێ چیم لێ قەوماوە، بۆ مەسەلەی

مردنەکەی باوکیشت ئەوا هەر هیچ، چونکە لەم وەختەدا مردن ببووە شتێکی ئاسایی و هێندە خەڵک بەتەنگ مردنەوە نەدەهات، خزم و ناسیاو و هاوڕێکانی باوکیشت زۆربەیان لە گوند نەمابوون و باریان کرد بوو، کەسێ نەبوو بزانێ دراوسێکەی چۆن دەژی، خواردنی ماوە یا نەیماوە، برسییە یا تێرە، لەناو جێ کەوتووە یا ساغە، گوللەی وێڵی بەرکەوتووە یا نەء.

بەڵام دایکم لەبارەی سبیلەکە هیچی نەگوت، چونکە پێدەچوو سبیلێکی ئاسایی و هیچ سەربووردەیەکی نەبێ، سبیلەکە سبیلی جگەرەکێشان بوو و ڕەنگە باوکم تووتنی تێکرد بێ و جگەرەی پێ کێشا بێ، تەنیا ڕەنگ و جۆری سبیلەکە نەختێ سەرنجیان ڕاکێشام کە لە ساج دروست کراو بوو و کۆنیی پێوە دیار بوو، لای سەرەکەشی بەئەندازەی پەنجەیەک توێکڵی بەردابوو سپی دەچۆوە، جێ دەمی ڕەش وەک قەتران دەهاتە بەرچاو، لە ناوەڕاستدا چەند نەخشێکی لەسەر دروست کرا بوو، بەڵام لەبەر دوکەڵ جوان نەدەبینران، دیارە باوکم جگەرەکێشێکی نەقۆڵا بووە، بۆیە سبیلەکەی وا ڕەش هەڵگەڕاوە، بەمەزندەی خۆم وام لێکدایەوە کە ڕەنگە بۆ سەفەری دوور لەگەڵ خۆی بردبێ، بێ گومان کیسەیەکی پڕ تووتنی لەبەر پشدێنەکەی ناوە و بەسواری ئەسپ بۆ گەڕان و ڕاوکردن لەگەڵ خۆی بردووە، جگەرە بۆ سەفەر و بیرکردنەوە باشترین هاوڕێیە.

کێ هەیە جگەرە نەبووبێتە هاوڕێ و هاودەمی. هەن بەفەردە تووتنیان لە ماڵەوە داناوە و بەگوڵا و گەڵای چاو گوڵاو و ئاوڕشێنیان کردووە.

کە دایکم بێ دەنگ بوو، ئیتر منیش پرسیاری دیکەم لێ نەکرد، هەستامە سەر پێ و بەتانیەکەی سەر قاچی دایکم چاک کرد و درێژم کردەوە.

ڕامیکێشایە سەر سنگی، ئینجا بێ گەرد و دڵپاکم بێدارکردنەوە، کە ئەوانم بەخەبەر هێنا، دایکم لە گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانی خۆی و بەسەرهاتی مردنی باوکم و شمشاڵ و کاغەزەکە و ڕفاندنی عەلی تەواو ببوو، هەستیشم کرد نەک ئەو بەڵکو خۆشم ماندوو بووم و ناتوانم چیتر گوێی بۆ بگرم، چونکە شتەکان ئەوەندە خێرا و کاریگەر کاریان لە دڵ و دەروون و جەستەم کرد کە نەمتوانی وا بەئاسانی دەستبەرداری کردنەوەی گرێکوێرەی کاغەز و شمشاڵەکە ببم و وا بەسەر پێی بەسەریاندا تێپەڕم، کاغەز و شمشاڵەکە سیحرێک بوون بۆ خۆیان و دەبوایە بەتاڵیان بکەمەوە، وەک ئەوەی مگناتیز ڕامبکێشی و ئەوانیش جەمسەری جیاوازم بن بۆ لای خۆیان ڕایانکێشام، هەستم دەکرد شمشاڵەکە وەک ئەوسا لەبەر دەستی منیش دەنگی لێوە دێت و دەجووڵێ، وە کاغەزەکەش لەبەر چاوم دەشنایەوە و نەمدەزانی چاوی لێ دانەوێنم، جانتا چەرمە شەقار بووە ڕەنگ ڕەش و سبیلەکە هێندە جێی سەرنج و بایەخدانم





نەبوون و نەمزانی چۆن چوونەتەوە بن چوارپایەکەی دایکم... کە دایکم ئاگای لە من نەما و چاوی لێک نا، شمشاڵ و کاغەزەکەم هەڵگرت و ژوورەکەم جێهێشت، چوومە ژوورە بچکۆلەکەی خۆم و هەمدیسان کاغەزەکەم لە بەردەمی خۆم ڕاخست و کەوتمە خوێندنەوەی، لە گۆشەنیگا و شوێنی جیاوازەوە کەوتمە سەیرکردنی و چاوم بەپیتەکانیدا گێڕا لەسەر زگ درێژ بووم و هەنیشکم خستە سەر بالیفێ، سەعاتێک و دووان و سێ، خەریکی بووم و هەوڵم دا شتێکی لێ هەڵکرێنم، بەڵام لە یەک وشە یا پیت نەگەیشتم، ببوون بەلوغز و بۆم لێک نەدەدرانەوە، ڕام نەدەبوون، خۆیان نەدەدایە دەست، بەرێڕەوی زۆر بیرکردنەوەدا گوزەرم کرد و خەیاڵی سەیر سەیرم بۆ هات. دەیان پرسیار و وەڵامم لەتەک یەکدا ڕیزکردن و بەمانایەک نەگەیشتم، ئەو گۆڕانە کتوپڕەی کە لەساتی درکاندنی نهێنییەکان لە لایەن دایکمەوە تووشم هات گەلێ گەلێ جیاوازییان لەوەی پێشووم هەبوو، جاران مەبەستم بوو بزانم باوکم چی لێهاتووە و من کێم، بەڵام ئەمێستاکە نەک هەر ئەو پرسیارانە، بەڵکو تەواو ڕەوتی ژیانم گۆڕا و بەئاراستەیەکی تردا ڕۆیشت، کە نە بیرم لێی کردبۆوە و نە خەیاڵم بۆی چوو بوو، کتوپڕ نهێنییەکان بڕیاریان پێدام تا نەگەمە ئەنجامێ ئۆقرە نەگرم و نەحەسێمەوە، بەدەست خۆم نەبوو، بەڵکو ئەوان ڕایان دەکێشام و پاڵیان پێوە دەنام بەئاراستەی جیاواز بڕۆم و بیر لە شتی جیاواز بکەمەوە، ئەگەر پێویستی کرد هانا وەبەر هاوڕێ و دەزگا تایبەتییەکان و مێژوونووس و بەڵگەنامە و زمانزاناکان ببەم، ئیتر تەواو سەرێکە و هێناومە و نایگێڕمەوە، ئەدی خۆم ئەمەم نەدەویست، زۆرم لە دایکم نەدەکرد نهێنییەکانم بۆ بدرکێنێ، ئەی حەزم لەوە نەبوو بزانم من کێم و چۆن گەورە بووم، باوکم چی لێهاتووە، برا و خوشکم هەبوون یا تاقانە بووم، خەڵکی کوێ بووین و بۆ دایکم لەو سنوور لەو شوێنە دوورە هاتووە و پەڕیوەتە ئەم دیوە و هاتۆتە ئەم شارە، کەواتە دەبێ ئازار بچێژم و لە سۆراغکردن و گەڕان بەدوای گۆڕی باوکم و عەلی برام ماندوو بم، ئەو شار و ئەو گوند بگەڕێم و نەڵێم قاچم دێشێ و شل بووم، با کوێرایی چاوم دابێ و مێشک و جەستەم ئازاریان هەبێ، پەنجەی پێم خوێنی لێ بچۆڕێتەوە شەقار بێ، برینی بەسوێی تێ کەوێ، بەڵام بگەمە ئەنجامێ و بتوانم لە هێما و ئیشارەت و لاکێشە و چوارگۆشەکانی سەر کاغەزەکە بگەم، بزانم چی لەبارەی باوکم لێ نووسراوە و تەرمەکەیان بۆ کوێ بردووە و ئەم شمشاڵەیان بۆچی لەشوێن سەری لە گۆڕەکە داناوە و ئاوازەکەی چ مانایەکی هەیە و گوزارشت لە چی دەکات.

ئەوانەی بردیان کێ بوون و لە کوێ هاتبوون، تۆ بڵێی ئێستا ماڵەکەمان مابێ و گوندەکەمان خاپوور نەکرابێ، تۆ بڵێی پاش ئەو هەموو ساڵە شوێنەواری چاڵەکە کە دایکم لە حەوشەکەمان هەڵیکەند بوو، ئەو پەنجەرەیەی دایکم لەوێوە چاودێری دەرەوەی

دەکرد ئاسەواریان مابێ، ئەی سندووق و لێفە و جاجمەکە کە دایکم بەخۆی دادەدا یا لەسەری ڕادەکشا، ئەوەی لەسەری دادەنیشت تۆ بڵێی لە شوێنی خۆیان مابن.

ئەو گوندەی دایکم و باوکم لە سەردەمی منداڵی خۆیانیان تێدا بەسەربردبوو کە زێدی باپیرانم بووە کەوتۆتە کوێ و سەر بەکام وڵاتی دنیایە، ئەی ناوی چی بوو، چەند ماڵ بوو، ژمارەی دانیشتوانی چەند بوون. شەوێک دوان خەریکی لێکدانەوەی پیت و وشە و وێنەکان بووم، لەسەرەوە، لەژێرەوە، لە تەنیشتەکان سەیرم کردن، بەخواروخێچی، سەراوژێر بۆیان چووم، بەچاوی ئاسایی و چاویلکە لێیان ورد بوومەوە،کەچی نە هیچم بەهیچ کرد و نە لە هیچ گەیشتم، ناچار بووم هەمدیسان خۆم بخەمەوە سەر زگ و لەسەر سنگ ڕابکێشم و هەمان کار و کردەوەی جاران دووبارە بکەمەوە. بەڵام بێ سوود بوو، لە هەموو شتی مایە پووچ دەرچووم، ئاگام لە تێپەڕینی کات و شەکەتی ئەندامەکانی لەشم نەبوو. تا بەرەبەیانی ئەو ڕۆژ و ئەو شەوە هەر خەریکی هێنان و بردنی پیت و وشەکان و وێنەکان بووم، چاوم لە بێ خەوی سوور هەڵگەڕا و خوێنی تێ زا، هەنیشکم شل و ملم بەئازار، پشتی سەرم ڕەق و ئازارێکی لە ڕادەبەدەر بەناو پشتمدا دەسووڕایەوە، کەچی بەو حاڵەش وازم نەهێنا و بەردەوام بووم، ڕۆژی دوایی بەهەمان شێوە تێ هەڵچوومەوە و دەستم بەکار کردەوە، لە ماوەی دوو ڕۆژ و دوو شەودا جگە لە چەند سەعاتێ خەو نەچووە چاوانم و وەک گێژوهوڕێ دەجووڵامەوە، جا بەچی ئیسراحەت بکەم و چۆن ئارام بگرم... ئەی ئەو ئەرکەی خستبوومە سەرشانی خۆم چی لێ بکەم.

لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژ و دوو شەوەشدا چەندین جار چوومە لای دایکم و پرسیارم لێی کرد، وەک ناوی گوندەکە و ناوی ئەو هاوڕێیانەی باوکم کە بەردەوام بەیەکەوە بوون، جگە لە هەندێ خزم و ناسیاوی دیکە، ئەوانەی لە تەمەنی ئەو بوون و بەمنداڵی و گەنجێتی پێکەوە گەورە ببوون و بەر لە مردنی باوکم لە گوند نەمابوون و چووبوون لە شار بژین، لەناو هەمووشیان پتر ناوی ئیسماعیل سەرنجی ڕاکێشام و پتر تەمام لەو داگرت، هەم لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی باوکم بوو و هەم خەزوری عەلی برامە و شایەد عەیانی زۆربەی ڕووداوەکانە، ئاگاشی لە گەورە و بچووکی ژیانی نەک هەر باوکم، بەڵکو کۆگای ژیانی سەرجەم خەڵکی گوند بووە.

دایکم لە چەند شوێنێ لە کاتی قسەکردندا ناوی ئیسماعیلی هێنا و کردی بەسەر دەستەی هەواڵبێژەکانی ئەوسای گوند، بەڵام کە بێ ئومێد بووم لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی نووسین و نەخشە و وێنەکانی سەر کاغەزەکە، پەنام بردە بەر خوێندنەوەی کتێبی کۆن، ئەو کتێبانەی لە زمانی کۆن و شمشاڵ و ئامێرە کۆنەکانی مۆسیقای میللەتان و مێژووی کۆن دەکۆڵنەوە، بەڵگەنامەکانیان شی دەکردەوە، هەتا کتێبی





شوێنەوارناسیشم نەبوارد و بەدەیان سەرچاوەی شوێنەوارناس و هەڵکۆڵێن و کۆمەڵناسیم پەیدا کرد، دەوروبەری خۆمم سەراپا کردە کتێب و بەڵگەنامە و پارچە کاغەز و قەڵەم، چاویلکە بەدوای چاویلکەم گۆڕی، هەر جارەی پلەیەکم زیاد دەکرد، پلە یەک و یەکوچارەک و یەکونیو دوو و سێم بەکار هێنا، بەڵام هیچ سوودێکیانم لێ نەبینی، ئەمجارە زەڕەبینم پەیدا کرد کە بچووکترین و وردترین پیت گەورە دەکات، بەقووڵایی شتەکاندا دەچێتە خوارێ و ناواخنیان دەبینێ. کەچی زەڕەبینیش دادی نەدام. بەڕاستی شتێکی سەیر بوو نووسین هێندە زەحمەت و ئاڵۆز بێ، ئەمە یەکەمین جار بوو نووسینی وا ببینم، ئەو پیتانە، ئەو وشانە، ئەو وێنانە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی - زانستی، ئەوانەی لە دەوروبەری خۆمدا کۆم کردبوونەوە نەبوون و بەرچاو نەکەوتن، بۆیە بڕیارمدا لە کتێبخانەی گشتی و مۆزەخانەکان بەدوایاندا بگەڕێم، ئەوەبوو دەستم کرد بەگەڕان بەدوای هەموو ئەو کتێبانەی لەوێ کەڵەکە کرابوون، گەڕام، پاشان چوومە مۆزەخانەی شار و یەک بەیەک بەپەیکەر و تابلۆ و ئەو وێنە و پیتانەی لەسەریان نەخشکرابوون داهاتم، هەموو شتێکم پشکنی، بۆ پتر دڵنیابوونیش، کاغەزەکەم بردە لای بەڕێوەبەری مۆزەخانە و نیشانی تۆژەر و پشکنەر و شوێنەوارناسەکانم دا، ئەوانیش بەدەوری خۆیان لێی وردبوونەوە و لێیان کۆڵییەوە، کۆمەڵێ هاتن و کۆمەڵێ چوون، پشکنیان و لەگەڵ شتەکانی لای خۆیان بەراوردیان کرد، خستیانە ژێر ئامێرەکان و بەجۆرەها شێوە شییان کردەوە و لێی دوان، بەڵام ئەوەی تێیگەیشتن تامەزرۆیی منیان نەشکاند و زانیارییەکان ئەوە نەبوون کە من دەمویست.. دواجار داوایان لێم کرد حەفتەیەک لایان جێی بێڵم، گوتیان بەڵکو بتوانن پتر زانیاری لەبارەی کۆبکەینەوە، ئەوە بوو لای بەڕێوەبەرەکە جێم هێشت و پاش حەفتەیەک چوومەوە لای، کەچی هەمدیسان نائومێد بووم و مایە پووچ دەرچووم، شتێکی تازەم دەست نەکەوت، بەڵام دیسان داوایان لێ کردم نەیبەمەوە، گوتیان وامان پێ باشە بینێرینە پایتەخت، بەڵکو لەوێ بتوانن هێما و ئیشارەتەکان لێک بدەنەوە، چونکە لە پایتەخت تۆژەری باشتر و پشکنەر و ئامێری پشکنینی چاکتریان لا دەست دەکەوێ، ئەگەر لەوێ نەگەنە ئەنجامێ، لە هیچ شار و شوێنێکی دیکەی ئەو وڵاتە ناگەنە ئەنجام.

ئەو مرۆڤەی دەکەوێتە دەریا و شتێ نابێ لە خنکان ڕزگاری کات، پەلە پووشکەیەک بدۆزێتەوە هەوڵدەدا خۆی پێ بگرێتەوە، بۆیە منیش چارەنووسی خۆم دایە دەست ئەوان و ڕازی بووم کاغەزەکە بنێرنە پایتەخت، هێشتا هەفتەیەکی پێ نەچووبوو سەردانی مۆزەخانەم کردەوە و ویستم بزانم کاغەزەکە بەچی گەیشت، هەواڵێ، خەبەرێکی خۆش گەیشتووە یا نەء.

ڕۆژانە لە دائیرە ئیزنم وەردەگرت و دەچوومە ئەوێ، بەڵام بیست و یەکەمین ڕۆژ

ئەوسا کاغەزەکە گەڕایەوە و هیچ لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکیان لەگەڵدا نەناردبۆوە، تەنیا بەنووسراوێکی ڕەسمی نووسیبوویان، پێتی وا لە هیچ سەرچاوەیەکی زمانەوانی کۆن و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دوور و نزیکدا نەنووسراوە و نییە، ئینجا لەدوا بڕگەدا داوایان کردبوو ئەگەر خاوەنی کاغەزەکە ڕازی بێ ئەوا دەینێرنە کتێبخانەی نێو دەوڵەتی لە پاریسدا، بۆیە حەز دەکەن بەزووترین کات بینێرنەوە پایتەخت تا هەرچی زووە بۆ ئەوێی ڕەوانە بکەن. ئەمجارەش هەمدیسان چارم ناچار بوو و ڕازی بووم ڕەوانەی پایتەخت بکرێتەوە تا لەوێشەوە بۆ پاریس بنێردرێ، پاشان لەوێشەوە ڕەوانەی ئەو کتێبخانەیەی کە بەقسەی بەڕێوەبەری مۆزەخانە، گەورەترین شوێنە بۆ پاراستنی سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامە و دەستنووسی کۆن لە جیهاندا، نموونەشی بەبەڵگەنامە و دەستنووسەکانی گریک و ڕۆمانەکان هێنا و گوتی دەستنووسی داستانی ئەلیادەی هۆمیرۆس و ئەلیادەی فرجیل بەدەست خەتی خۆیان لەوێ پارێزراون. ئەمە جگە لە زۆربەی کتێبە گران بەهاکان، وەک کتێبە فەلسەفییەکانی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەبیلۆرس و کۆمیدیای خواوەندی دانتی و گەشتەکەی ئەبو عەلای مەجەڕی و گلگامش و خواوەندەکانی سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور و بابلییەکان، لەگەڵ دەستنووسی زۆربەی زمانە لەناوچوو و زیندووەکانی دنیا، وەک زمانی هیرۆگلیفی و کتێبی تاوی چینییەکان و بودا و کۆنفۆشیۆس، ئەوانەی چاپیش دەکرێن هەر لەوێوە دەخوازرێن و بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە دەکرێن، بەڕێوەبەرەکە وای گوت: بەناوبانگترین تۆژەری زمانە کۆنەکانی دنیا لەوێ کاردەکەن و پێشکەوتووترین کەرستەی تۆژینەوەیان بۆ شیکردنەوە خراوەتە بەردەست، وردترین زەڕەبینی گەورەکەری پیتیان لایە، بۆیە هیچ لە دڵدان و لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەکی ناوێ، کاغەزەکە دەنێرینە ئەوێ و گومانی تێدا نییە لە سەدا هەزار پیتەکان، وشەکان، وێنە و نەخشە و هێڵ و لاکێشەکان لەوێ شی دەکرێنەوە و ماناکانیان لێک دەدرێتەوە. ئەگەر لەوێ نەبێ باوەڕ ناکەم لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایە ئەم کارە زەحمەتە ئەنجام بدرێ.

ئیتر کارەکە وارۆیشت و ئەم ئاراستەیەی وەرگرت، بەڵام کە ڕازی بووم تەنیا داواکاریم ئەوە بوو کە زوو وەڵامەکەی بێتەوە و شیکردنەوەکەی زۆر نەخایەنێ، بۆ ئەوەی چیتر ئەو ماندووبوون و گومانە ژیانم لێ تاڵ نەکەن.

وەرە بەدەستی خۆت خۆت تووشی ئەم بینە و بەردەیە بکەی، ئەو ماوەیەی کە کاغەزەکەشم لا نەبوو، نیگەران و بێ ئۆقرە ئێرە و ئەوێم دەکرد و لە هیچ شوێنێ ئۆقرەم نەدەگرت. وەک شێتێ هەڵسوکەوتم دەکرد کە زەبرێکی گەورە بەر مێشکی کەوتبێ و تووشی حاڵەتی دابەشبوون و ترازان هاتبێ،... حەزم دەکرد زۆرترین کات لە دەرەوە بم و بەشەقامەکاندا بسووڕێمەوە، سەر بەماڵێدا نەکەم، شەوان زۆر درەنگ دەچوومەوە





ماڵەوە و بێ دەنگ و بێ چرپە دەچوومە ژوورەکەی خۆم، نەمدەویست دایکم بەم شێوەیە ببینێ یا بێ گەرد و دڵپاک ببینن و بانگم بکەن، لە چاوەڕوانییەکی بێزارکەردا دەژیام و مێشک و دڵ و دەروونم جەنجاڵ بوون، خواردنم کەم دەخوارد و هەمیشە خەیاڵاوی دەمڕوانی و بیرم دەکردەوە.

هەفتەیەکیشی پێ نەچوو ڕووەو مۆزەخانەکە ملم پێوەنا و چووم سەردانی بەڕێوەبەرەکەم کردەوە، پاشان هەر یەک دوو ڕۆژ جارێک دەچوومەوە ئەوێ و دووبارە سەردانم دەکردنەوە، بەپرسیاری بێزارکەر و سەیروسەمەرە کارمەند و فەرمانبەرەکانی ئەوێم دادەگرت، تا وای لێهات ئەوانیش لێم بێزار بوون.

دواجار ئەم بێزاریەم لە دەموچاوی بەڕێوەبەرەکە خوێندنەوە، دواتر هەر جارەی کە بچوومایە لای بەمچومۆڕی سەیری دەکردم و بەتووڕەیی وەڵامی دەدامەوە...

لە ڕەنگوڕووی جۆری وەڵامەکانی بێزاری و تووڕەییەکی لە ڕادەبەدەر دەردەکەوت، هەستم دەکرد ڕەنگی دەگۆڕێ و نایەوێ وەڵامم بداتەوە، کە دەمپرسی دەیگوت: پەلەی چیتە؟ بۆ وازناهێنی کارەکە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێ، تۆش بۆ خۆت بڕۆوە سەر کارەکەی خۆت، کە هاتەوە ئێمە خۆمان پەیوەندییت پێ دەکەین... ئیتر دواتر کە چوومەوە مۆزەخانەکە، بەڕێوەبەرەکەی ڕازی نەبوو چاوی پێم بکەوێ. بەفەڕاشەکەی گوتبوو و پێم بڵێ کۆبوونەوەی هەیە و پاشان سبەینێ سەفەر دەکات و پازدە ڕۆژی دیکە ناگەڕێتەوە، بۆیە ناچار بووم پەنا ببەمە بەر کارمەندێکی ئەوێ و پاش چەندین سەردان توانیم ناونیشانی کتێبخانەکەی فەرەنسا وەربگرم، لە هەمان ڕۆژیشدا دەست بکەمە نامەنووسین، نامەیەک و دووان و سێ و چوار نامەم بۆیان نووسی، کە هیچ وەڵامێکم بۆ نەهاتەوە هەمدیسان ڕووم لە کارمەندەکە کردەوە و دیارییەکم بۆ برد و ژمارەی تەلەفۆنی کتێبخانەکەم لێ وەرگرت، ئینجا بەپەلە خۆم گەیاندە نووسینگەی تەلەفۆنات و کەوتمە تەلەفۆن کردن، بەڵام ئەوێم حاسڵ نەکرد، بۆ پاش نیوەڕۆ جارێکی دی ڕووم کردەوە نووسینگەکە و هەمان شوێنم داوا کردەوە، کچێک وەڵامی دامەوە و منیش هەواڵی کاغەزەکم لێ پرسی. هەوەڵ جار خۆی لێم نەبان کرد و ڕازی نەبوو شتێکم لەبارەی کاغەزەکە پێ بڵێ، بەڵام پاش پاڕانەوە و زۆرلێکردنێکی زۆر ڕازیم کرد، سبەینێ سۆراغێکم بۆ بکات و سبەینێ لە هەمان کاتدا تەلەفۆنی بۆ بکەمەوە، ئەوە بوو سبەینێ لە هەمان کات تەلەفۆنم بۆ کردەوە، ئەویش گوتی: جارێ سەیری کاغەزەکەیان نەکردووە، بەڵام ڕەنگە چەند ڕۆژێکی دی سەیری بکەن، وا لە بەردەستیانە، بۆیە ناچار بووم چەند ڕۆژێکی دی چاوەڕێ بکەم و لەسەر هەڵسوکەوتە بێزارکەرەکانم بەردەوام بم. تا ئەو چەند ڕۆژەشم بەڕێ کرد دیقم کرد و لەسەر ئاگر و پووش دەهاتم و دەچووم، چوارەمین ڕۆژ دەستم بەتەلەفۆن کردەوە، بەڵام کچەکە لەوێ

نەبوو و یەکێکی دی وەڵامی دامەوە و هیچی پێنەگوتم، سەعاتێک و دووان، خەریکی تەلەفۆن کردن بووم، پاش نیوەڕۆ و شەویش هەر لەوێ مامەوە.

تەلەفۆنم بۆ کردنەوە نووسینگەکەم بەزەمان گرت، کەچی نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێ و بەهەمان شێوەی پێشوو هیچ وەڵامێکی بنبڕکەرم دەست نەکەوت، بۆیە ناچار بووم جارێکی دیش ڕوو لە کارمەندەکەی مۆزەخانەکە بکەمەوە و لێی بپاڕێمەوە کە ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنی تری لا هەیە بمداتێ، بەڵام ئەو سوێندی خوارد کە لەو ژمارەیە پتر ژمارەیەکی دی لا نییە و نازانێ ژمارەی دیکەی هەیە یا نەء.

بەم جۆرە ماوەیەک لە نێوان مۆزەخانە و نووسینگەی تەلەفۆنات هاتوچۆم کرد و هیچم بەهیچ نەکرد، لەوەش مایەپووچ دەرچووم و نەگەیشتمە ئاکامێ. تا ئەو کاتەی بەناچاری وازم لە تەلەفۆن و سەردانی مۆزەخانەکە هێنا و ماوەی یەک مانگ سەرم بەمۆزەخانەکەدا نەکردەوە و نەچووم سۆراغی کاغەزەکە بکەم، بەڵام دوو حەفتە پاشتر وەڵامێ لە کتێبخانەکە هاتەوە کە پیت و وشەی وا لە هیچ زمانێکی کۆن یا زیندوو نیین و ئەوان زۆر هەوڵیان داوە بەئەنجامێ بگەن، کەچی بەهیچ نەگەیشتوون، پێشیان وایە زمانێ نییە لەم جیهانە ئەم پیت و وشانە بەکار بێنێ، بەڵام لە ئەنجامی لێکدانەوەی هێڵ و لاکێشە و چوارگۆشە و خاڵ و وێنەکان گەیشتوونە ئەو ڕایەی کە نەخشەکە، نەخشەسازی شارێکە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ئیجە و بەلای دەوڵەتی یۆنانەوە دەڕوانێ، بەڵام هێشتا لە قۆناغی نەخشەسازی دایە و جارێ دەست بەدروستکردنی نەکراوە، وا بڕیارە لە هەزارەی سێیەم دەست بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە بکرێ.

کە ئەم وەڵامەم پێگەیشت و کاغەزەکەم وەرگرتەوە وەک ئەوەی ئاو بەلەشمدا بکەن لە شوێنی خۆم ساردبوومەوە و سامگرتوو بووم، ڕەنگێکم هێنا و ڕەنگێکم برد، بێ هیوا و دڵشکاو بەرەو ماڵ گەڕامەوە، وەک کەسێکی بزربوو بەشەقامەکاندا شۆڕ بوومەوە، لە ڕێگا وەک سەرخۆشێ بەلادا هاتم، جۆرەها بیرکردنەوە بەمێشکمدا هات و نەمتوانی لەسەر یەکێ لەنگەر بگرم.

لەم هاتوچۆ و بینە و بەردەیە کاغەزەکە هێندەی دی پیتەکانی کاڵ ببوون و بەچاوی ئاسایی نەدەبینران، خوێندنەوەیان زەحمەتتر بوو، مەترسی ئەوەشم هەبوو کاغەزەکە ورد بێ و پیتەکان بەتەواوی هەڵوەرن، ئینجا هەر بەجارێ ڕیسەکەم لێ دەبێتەوە خوری و هەموو شتێ بن گۆم دەبێ، ئینجا نە بەنهێنی کوشتن و بردنی باوکم دەزانم، نە دەشزانم کێ کوشتوویەتی.



## ٣

ئەو ڕۆژەی کاغەزەکەم وەرگرتەوە، بۆم دەرکەوت کە ئیتر تەواو لێرە هیچ وەڵامێکم دەست ناکەوێ و دەزگایەک نییە لەم وڵاتە و لە تەواوی جیهاندا پیتی سەر کاغەزەکەم بۆ شی بکاتەوە و شتێکی ڕاستم لەبارەی نەخشە و هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشەکان پێ بڵێ، بۆیە بڕیارم دا بڕۆم و سەفەرێک بۆ ئەو شوێنە بکەم کە گۆڕەکەی باوکمی لێیە و چل ساڵ پێش ئەمڕۆ زێدی باووباپیرانم بووە. شەو تەواو خۆم ئامادە کرد و ناوی گوند و ئەو ناوچەیەی لە دایکم وەرگرتبوو، لەگەڵ تەواوی ناوونیشانی ئەو شوێنانەی لام بوون لە پەڕەکاغەزێ تۆمارم کردن و خستمە باخەڵم، نەوەکا لە کاتی ڕۆیشتندا لە بیرم بچێ، لە مێشکی خۆشمدا یەک دوو ناسیاوم دیاری کرد کە هاوڕێ و هاودەمی باوکم بوون، بەتایبەتی ئیسماعیل کە خەزووری عەلی برام بوو، بەر لە ئاوارەبوونی دایکم گوندەکەمانی جێهێشتبوو، ئێستاش نازانم براژنەکەم کە نازانم ناوی چییە لە کوێن، ماون یا مردوون؟ بەقسەی دایکم ئیسماعیل خۆشەویستترین هاوڕێی باوکم بووە و دۆستی گیانی بەگیانی یەکتر بوون و پەیوەندییان هێندە بەتین بووە کە لە گوندەکەمان و دەوروبەری ناوبانگی ئەو هاوڕێیەیە بڵاوبۆتەوە، ڕۆژ بەڕۆژیش پتەوتر بووە.

دایکم لەمیانی گێڕانەوەی بەسەرهات و سەربووردەکانیدا چەند جارێ ناوی بەسەر زاردا هات و بەشەوق و بایەخەوە قسەکانی ئەوی گێڕایەوە، بەتایبەتی لە کاتی ڕفاندنی عەلی برام لە لایەن جەندرمەکانەوە، گوایە ئاگای لە سەرجەم ڕووداوەکە بووە و پێ بەپێ لەگەڵ عەلی چۆتە پێش و شتێکی نەبواردووە کە جێی سەرنجدان بووبێ، یا جێی بایەخ و باسکردن بووبێ ئەو باسی نەکردبێ.

دایکم دەیگوت: بەدەیان جار لەگەڵ باوکت سەفەری دوورودرێژیان کردووە و لە ڕاوشکار و مانەوە لە ئەشکەوت و چۆڵەوانییەکان هەنگاو بەهەنگاو پێکەوە بوون، هەتا لە شەڕیشدا بەیەکەوە بوون، ئیسماعیل هەڵگری نهێنی و سەربووردە و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی باوکت بوو. ورد و درشتی ژیانی باوکت لای ئەو بوو، ئەو پیاوێکی نهێنیپارێز و خۆش مەشرەب و نوکتەچی و بەزەیی و میهرەبان بوو، لە یارمەتیدانی خەڵک لە هەموو دەڤەرەکەدا وێنەی نەبوو، هەمیشە کۆڵێ خەمی خەڵکی دابووە پشت و بێ ماندووبوون، بێ ئەوەی بێزار بێ، بێ ئەوەی بڵێ بەسە چیتر لە توانامدا نەما، بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا و نەیدەگوت ئاخ، نەک هەر ئەمە، بەڵکو بنەچە و تۆماری ژیانی یەک بەیەکی ئافرەت و پیاوەکانی گوند لای ئەو بوون و لە دەفتەرێکدا دەینووسین، چ ئەوانەی زیندوو بوون و چ ئەوانەی لە گوند نەمابوون... کە لێرە و لە شارەکانی دیکەی ئەم وڵاتە شوێنێ نەبێ ڕووی تێکەم و کەسێ نەبێ یارمەتی

خوێندنەوەی کاغەزەکەم بدات، ناچارم هەرچی زووە سەری خۆم هەڵگرم و هەنگاو بەهەنگاو، پێ بەپێ لەو شوێنە بگەڕێم، بەڵکو لەوێ شتێ بەشتێ بکەم و سەری کلاڵفە و گرێ کوێرەکە بدۆزمەوە، ئاخر نابێ لێرە دەستەوئەژنۆ دانیشم و بیر بکەمەوە، چاوەڕێی هیچ بکەم، کێ ناڵێ لەوێ بەرێکەوت کەسێ نادۆزمەوە بەرێوشوێنی ئەو ناوچەیە بزانێ کە گوندەکەمانی لێ بووە، یا شارەزاییەکی شوێنەوارناسی زیرەک تووشم نابێ کە بەزمانەکە دەزانێ و پیت و وشەکانی لا ئاشکرایە. دەزگای پاراستنی بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەوارناسیش لەوێ زۆر و زەبەندن، ڕەنگە دەزگاکان تۆژەری چاکتر و شارەزاتر و زیرەکتریشیان لێ بێ و وردترین ئامێری پشکنین و خوێندنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووس بەکار بێنن، لە ماوەیەکی کەمدا زەحمەتترین پیت و وشە شی بکەنەوە و لوغزی وێنەکان ئاشکرا بکەن، ئێمە چوزانین ئەو وڵاتانەی دەرەوە لە ڕووی پێشکەوتنەوە گەیشتوونەتە کوێ، خۆ وەک وڵاتەکەی خۆمان بێ... نین، ئەمە دنیایە و هیچ شتێ زەحمەت نییە... وەرز وەرزی زستانە و سەرما لەمێژ نییە هێرشی خۆی دەست پێکردووە، ڕەنگە لە کاتی گەڕان و سەفەرکردنی مندا بەفر و ڕەهێڵە دەست پێبکات و کارەکەم هێندەی دیکە زەحمەت بکات، بەڵام سەرما و بەفر ڕێم پێناگرن و پەشیمانم ناکەنەوە، بڕیارێکە داومە و پاشگەزبوونەوەم بۆ نییە... قەیدی چییە، با ئەو سەفەرەم ببێ بەتاقیکردنەوەیەک، وەک دەیان تاقیکردنەوەی دی، هەر نەبێ وڵاتێکی دی دەبینم و شارەزای ئاکار و جۆری ژیان و هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەوێ دەبم کە لە بنەڕەتدا ئاکار و جۆری ژیان و هەڵسوکەوتی باووباپیرانی خۆشمە، ئەگەر لەوێ بام منیش وەک ئەوان دەژیام، وەک ئەوانم دەکرد، خواردنی ئەوانم دەخوارد، خوونەریتی ئەوانم هەڵدەگرت.

ئێوارەیە و چرک چرک سەعاتەکەی بەرامبەرم بۆ پێشەوە دەڕوات، بەڵام هەست دەکەم کات گران دەڕوا و قورس دەجووڵێ، دڵم تەنگە و هەست دەکەم کارەساتێ بەرێوەیە، گومانێک دەمهێنێ و گومانێک دەمبات، ڕەنگە تا دەگەڕێمەوە شتێ ڕووبدا کە سەرجەم ژیانی داهاتووم بگۆڕێ، هەست دەکەم ترسێکی پڕ وەحشەت، هەواڵێکی ناخۆش، تەژی خەم و تەژی ئازار بەرێوەیە، تیژ بۆ ماڵەکەمان دێ، دێت و گەردەلوول ئاسا هەموو شتێکی جوان، لە بەردەمم ڕادەپێچێ و لە میهرەبانی باوەشێکی گەرمم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری سەفەرەکەم بەهێزترە و بەتینتر شاڵاوم بۆ دێنێ، دەنگێ لە نادیارەوە پێم دەڵێ: نەکەی دوا بکەوی و پەشیمان ببیەوە، دەنگێ لەودیو شاخە بەرزەکانی ڕۆحی باوکم و عەلی برام بانگم دەکات و دەڵێ: وا چاوەڕێی گەیشتنتین و هەموو تەدارکێکی پێشوازیمان ئامادە کردووە، نەکەی بگەڕێیەوە... ڕۆحی باوکم بانگم دەکات و داوام لێ دەکات سەردانی گۆڕەکەی بکەم، پێم دەڵێ: تۆ وەرە





بزانە لە کوێم، کە هاتیشی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم، لوغز و نهێنی شمشاڵ و کاغەزەکەت بۆ ئاشکرا دەکەم، پیت و وشەکانت بۆ شی دەکەمەوە، ماناکەیانیت پێ دەڵێم، ئاوازێکی خەم ڕەوێنت لەوێ بۆ دەژەنم خۆشتر لەوەی بۆ دایکتم ژەنیوە، دەیکەمە شوێنی ڕازاوەتر لەوەی بینیوتە، خواردن و جلوبەرگی خۆشتر و جوانترت نیشان دەدەم لەوەی خواردوتە و حەزت لێ بووە بیانخۆی یا لەبەریان بکەی، ئەو هێندە ئەستێرە زەردپۆشەی لە پەنجەرەکانەوە بەڕوومدا پێ دەکەتن لەپەنا هەورەوە، لەپەنا تارای ڕەشی بوونەوە جار جارە بەدزی تیکەچاوێکیان تێدەبڕیم و لەگەڵ ڕۆحی ماندووی دایکم دەکەوتنە دیلانێ، بەڕوخساری کزەوە چوارشێو بەسەر ملیان بۆ ناو ماڵەکەمان درێژ دەکرد تووشی ڕامان و ڕەشبینییان دەکردم، دەتگوت دارەمەیتی مردنیان هەڵگرتووە و هەواڵی مردن بۆ دایکم دێنن، هەستم دەکرد خەمبار و ماتومەلوول دەڕوانن و نایانەوێ هەواڵەکە بگەینن و خۆنیشانی دایکم بدەن، ئێوارەیە و کفنێکی سپی لە ئاسمانەوە دادەبەزێ، لە بەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەی دایکم با لێی دەدا و چەشنی پەرۆیێکی تەنک دەجووڵێ، مەبەستیەتی دایکم ببینێ و بیکاتە بەری، ئاسمانی تەماویش وەک باڵی کوندەبۆیەک بەسەر دیواری ماڵ و خانوو و دەرگا ڕەنگ پەڕیوەکانی ناخمدا هاتووە، وەک ئەوەی لەپی ئەژدیهایەک لە قووڵاییم گیر دەبێ و خەریکە دەمخنکێنێ، خەریکە برینی دیکە بخاتە هەناوم، لەوە دەترسم تۆڕی مردن بێتە سەر ڕۆحی دایکم و دەست و قاچی ببەستێتەوە، دەمویست زوو ئەم ماڵە دۆزەخی و کۆڵان و گەڕەک و شەقامە لە خووم هەڵاتووانە جێ بێڵم و بڕۆم، لەوەتەی دایکم هەواڵی شمشاڵ و کاغەز و ڕفاندنی باوکم و عەلی برامی بەگوێمدا چرپاندەوە و دەزگایێ، کەسێ نەبووە، وەخر و هێماکانیان لێک بداتەوە، کێچ کەوتۆتە کەوڵم، دەمەوێ زوو لێرە دوورکەومەوە، لە هەموو شتێکی ئێرە بێزارم، نەک لەبەر ئەوەی خۆشم ناوێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەمەوێ زوو بگەمە ئەنجامێ، ئەو ماڵەی لەمێژ نییە لێم بۆتە دۆزەخستان و ئەو کۆڵان و گەڕەک و شەقامانەی، بست بەبست، شەقاو بەشەقاو، ملیمەتر بەملیمەتر و سانتیمەتر بەسانتیمەتر، مەتر بەمەتر جێ پەنجە و نەخشیان لەسەر مێشک و دڵ و دەروونم نەخشاندووە، وەک هاوڕێ و هاودەم پێکەوە ژیاوین و ماوەیەکی دوورودرێژە بەیەکەوەین، هاودەرد و هاوخەمین.

ئەمێستاکە لێیان بێزارم، نامەوێ تا ئەو کاتەی دێمەوە چیتر بەناویاندا ڕەت ببم و بیاندوێنم، لەگەڵ کۆتر و پەڕەسێلکە و کوکوختییەکانی سەر دیوار و گوێسواندە و بانێژەکان چاوشارکێ بکەم و بەڕوویاندا پێبکەنم و بەڕوومدا پێبکەنن، لە بەرامبەرمدا لە شەقەی باڵ بدەن و بەدەنگی پەڕەمووچ و جریوەیان بەیانیان لە خەو ڕابم، سفڵە نیم تا چاکەی ئەو خاکەی چل ساڵە داڵدەی من و دایکم دەدات، لە ڕۆژێکی ڕەشی پڕ

ناسۆر ئامێزی خۆشەویستی بۆمان کردەوە، نەرم و میهرەبان و بەبەزەیی بوو، کەواتە ئێستاکە چۆن دەبێ بەرامبەری ناکەس بەچە بم، خۆشەویستی ئەو شارە بۆ من وەک پەنجەی نەرمی ئافرەتێکە و نەرم نەرم قژم دادەهێنێ و گوڵی میهرەبانیم لە بەرۆک دەدات، وەک ئاوازی مۆسیقاژەنێکی کارامە و داهێنەر بەر ڕۆحم دەکەوێ و دەمخاتە ناو بازنەی کامەرانی و هەڵپەڕین، یا وەک وشەی شاعیرێکی هەست ناسک شیعرم بۆ دەڵێ، ئەم شارە لەبەرچاوم نیگار و تابلۆی هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینە و نەخشی سەر فینجانی قاوەگرەوەیەکە و قاوەگرەوەیەک دەیخوێنێتەوە و سەیری دەکات، چەشنی شاعیر و هونەرمەندێک جێ دەست و جێ قەڵەم و جێ فلچەی لەسەر دڵم نەخشێنراوە، بەڵام لەوەتەی بەنهێنی باوکم و عەلی برامم زانیوە هیچیان دادم نادەن و خەریکە وشکم دەکەن، نابنە هەتوانی برینەکانم، کلیل نین بۆ کردنەوەی نهێنی شمشاڵ و کاغەزەکە.

ئەمڕۆ شار لەبەرچاوم بۆتە جەستەیەکی مردووی ساردوسڕ و شتەکانی ناوی خوێنیان لە شادەمار دەچۆڕێ، کۆڵان و گەڕەک و ماڵەکەمان گەرمم ناکەنەوە، بۆیە وا چاکترە ئەمڕۆ ئێوارە یا شەو جانتا شڕ و ڕەنگ پەڕیوەکەم بکەمە شان و بەڕێ کەوم، کراس و پانتۆڵێ، دەرپێ و فانیلەیەکی عەلاگە و هەندێ وردەواڵەی ڕیشتاشین و خاولییەک لەگەڵ خۆم ببەم و بێ دوودڵی ئاودیوی ئەودیو دەرگای حەوشەکەمان ببم، هەتا دایکم و منداڵەکانیشم، شیعر و چیرۆکەکانم، گوڵ و ئینجانە و مێزەکەی لەسەری دەنووسم، تەپڵەکی جگەرە و فینجانی قاوە و کورسییەکەی بەدەیان سەعات لەسەری دادەنیشتم و دەحەسامەوە، پەشیمانم ناکەنەوە و کارم تێ ناکەن، هیچ وشەیەکی کاریگەریش شک نابەم دڵی دایکم و منداڵەکانمی پێ بدەمەوە، یا گوڵباران و وشەبارانیان بکەم. ئەگەرچی دوورکەوتنەوە لێیان مردنێکە بۆ خۆی و دابڕانە لە هەموو ئەو عەشق و شەیدایەی بەرامبەریان هەمە، ڕەنگە لەوێ تووشی تەنیاییەکی بێزارکەر ببم، بەڵام لێرە حەوسەڵەی هیچم نەماوە و تاقەتم نەماوە خەریکی گوڵ چاندن و ڕێکخستنی کتێبخانەکەم ببم. یا دەست بکەمە کتێبێ و تا شەو نووستنان بیخوێنمەوە، ئەو جلوبەرگ و پانتۆڵ و کراسانەی ڕۆژانە ئوتوم دەکردن و هەر ڕۆژێ یەکێکیانم دەپۆشن، ئێستا لێیان بێزارم، لەگەڵ دوودڵ و ئازارچەشتووەکانی دیستۆیفسکی و شەیتانەکانی، بەدەیان جار تا بەیانی دەستەویەخە شەڕمان کردووە، کەچی ئێستا نە ئەو و نە فۆکنەر و نە برۆست و مارکیز وەک جاران جێی بایەخ و شەونخوونی شەوانەم نین، ئێستا پشتم لە بێ هودەیی و ناماقوڵییەکانی کافکا و کامۆ کردووە و گۆشەنیگای کەسەکانی فۆکنەر و یادەوەرییەکانی مارسیل هەڵم ناسووڕێنن و هیچ بایەخێکیان لام نەماوە لەوانەیە تا دەشگەڕێمەوە کتێبەکانم تۆز و گەردیان لەسەر بنیشێ و لاپەڕەکانیان زەرد





هەڵبگەڕێ، بەڵام وشەی کتێب مردنی بۆ نییە و ڕەنگە لە سەردەمی جیاوازدا کاریگەری وەک یەکیان نەبێ و لە هەندێ حاڵەتدا ببن بەگوڵ و ئینجانە و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا ببن بەبۆمب. دەزانم بێ گەرد و دڵپاکی جگەرگۆشەشم تەنیا دەمێننەوە و کەسێ نابێ وەک خۆم نازیان بکێشێ و پەروەردەیان بکات، یا جلوبەرگیان بگۆڕێ و بەیانیان بۆ قوتابخانە ئامادەیان بکات، جا کێ هەیە بەیانیان زوو لە خەو هەڵیان بستێنێ و نانیان بۆ ئامادە بکات، پرچیان بۆ شانە بکات و تۆقە و شریتی ملیان بۆ ببەستێ، ئینجا تا بەردەرگای قوتابخانە یا تا ئەوبەری کۆڵان لەگەڵیان بچێ و بەڕێیان بکات، دایکم وەک من تاقەتی نەماوە و شارەزای خەسڵەت و خووڕەوشتیان نییە، نازانێ چۆن بیاندوێنێ و چۆن چاودێرییان بکات، ئەوان هێشتا بچووکن و شتێکی ئەوتۆ لە ژیان و دنیا نازانن و پتر لە هەر شتێ پێویستییان بەچاودێری هەیە.

دایکم کاری خۆی تەواو کردووە و ئەمڕۆ نۆرەی منە، دڵنیاشم ئەو درێغی لە پەروەردە و چاودێریکردنم نەکردووە. بەڵام ئەمە ژیانە و یەک بەویدی دەسپێرێ. یەکێ دەمرێ و یەکێ پیر دەبێ و پەکی دەکەوێ، یەکێ لە هەڕەتی لاویتی دایە و یەکێ ئەندامەکانی پووکاونەتەوە و توانای نەماوە بجووڵێ، هەر ئەوەتا هەناسە دەدات.

قەف قەف بڕیاری ڕۆیشتن باڵام دەپێچێ و لوولم دەدات، هەورێکی چڵکن ئاسمانی دڵمی داگرتووە و چەخمامە دەدات، هەورەتریشقە و بروسک ئاگر لە ناخم بەردەدا و دەمسووڕێنێ، دەمکاتە خەڵوز، هەورێ لە ئاسمانی دڵمدا کۆبۆتەوە و هاکا بارانی خەمێکی خەستتر بەسەر ڕۆحمدا دایکرد، هات و لەشمی سست و خاوتر کرد و لەنێو لافاوێکدا خنکاندمی. هاکا هات و بۆنی مردنی بەلووتمدا چووە خوارێ، هێزێکیش نییە لە بڕیاری سەفەرکردن و گەڕان بەدوای نهێنی کوشتنی باوکم و بزربوونی عەلی برام پەشیمانم بکاتەوە، چونکە ئەوەی پاڵم پێوە دەنێ گەلێ بەهێزترە لەوەی بێ گەرد و دڵپاک و سەرەمەرگی دایکم بڕیارەکەم پێ بگۆڕن، چونکە ئەوەی نەزانێ کێیە و دوژمنی خۆی نەناسێ مرۆڤ نییە، کێ هەیە ئەوەی پێ قبووڵ بکرێ برای بڕفێندرێ و باوکی بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێ و دەستەوەستان بوەستێ، منیش ئەگەر نەشتوانم تۆڵەیان بکەمەوە، خۆ دەتوانم بچم سۆراغێکیان بکەم و بەدوای گۆڕەکانیان بگەڕێم، تا بزانم ئەوەی کە دایکم لەبارەی باوکم دەیڵێ چەند لە ڕاستییەوە نزیکە، مەسەلەی هەڵکێشانی تەرمەکەی چییە و ئەو کاغەز و شمشاڵەش چین کە لە نیوەشەوەکەدا لەناو چاڵەکە لەژێر سەری دانرابوون گەڕان بەدوای عەلی برام ئەویش ئەرکێکی برایانەیە و دەبێ بەدوایدا بگەڕێم، کێ نالێ نەماوە و لە کونجێکی ئەم دنیایە پان و بەرینەدا ناژی.

دایکم هێندەی نەماوە بۆ دواجار چاو لێک بنێ و دوا هەناسە بدات، ڕەشەبا

بەرێوەیە خۆی بەماڵەکەماندا بکات و بەسەر لاشە سست و خاوەکەیدا تێپەڕێ. دایکم هێندەی پووشکەیەکی لێ ماوە و وەک لۆکە سووک بووە، بۆتە پارچە ئیسفەنجێکی سووک و هەر بزانە ڕەشەباکە ڕایپێچا... ئەوسا بێ گەرد و دڵپاک بەتەنیا دەمێننەوە، دایکیان نەماوە تا خەمیان بۆ بخوات، کەسێ نابێ ببێتە پشت و پەنایان و بێ پشت و پەنا دەمێننەوە و بەهەتیوی گەورە دەبن و دەکەونە سەر جادە و کۆڵانەکان، تووشی پیاوی خراپ دەبن، ئاخۆ ئەو کات بەچییەوە خەریک بن بۆیاغچیاتی یا شاگردە چایچی و چێشتخانە، دەبنە نایلۆنفرۆش و فێری هەرچی کاری خراپە هەیە دەبن. ئەوان دایکیان بمایە وەک گوڵ بەخێوی دەکردن و دەیخستنە بن باڵی گەرمی خۆی. نازانم بۆ وا زوو جێمانی هێشت و ماڵەکەمانی وەک هێلانە کەوێکی تێکدرا و چۆڵ کرد، ماڵەکەمان بێ ئاگردان مایەوە و ساردوسڕ بوو. بوو بەبیابانێکی وشکی لماوی، ئەو لە ناوەختدا جێی هێشتین، لە شەوێکی سارد و تاریکی تووشدا، بێ ئەوەی بتوانێ ماڵئاواییمان لێ بکات من و دایکم و ئەوانی بەتەنیاییەکی بێزارکەر سپارد.

لەو ساوەش ژیانمان لە هۆڵێکی ساردوسڕ و چۆڵ چۆڵترە، لەو شەوە ترسناک و شوومەی نەدەبوایە بڕوات، شەڕە گوللەی نێوان دوو کەللەڕەقی بێ ویژدان لە کۆڵانەوە هات و لە پەنجەرەوە سنگی پێکا و جەستەی خەڵتانی خوێن کرد، هەر زوو گیانی پێ سپارد و نەیهێشت وەسیەتێ، قسەیەک بکات، یا منداڵەکانی بۆ دواجار لە باوەش بگرێ و ماچیان بکات، ئینجا ئاخێک هەڵبکێشێ، وەک ئاسکێکی پێکراوی برین قووڵ نەیتوانی بڵێ ئاه، دەمودەست دڵی لە لێدان کەوت و منیش بەوە ڕانەگەیشتم بیگەیێنمە نەخۆشخانە، هەر ئەوەندەم پێکرا سەری بخەمە سەر باسکم و بەگریان و هاوار هاوار ژوورەکە بخەمە هەژان، نەمزانی هانا بۆ کوێ ببەم و سەر بەکام جادە و کۆڵان بکەم، واقم وڕما و دەست و پێم کەلەپچە کرا، لە شوێنی خۆم، چاوئەبڵەق ڕوانیمە چاوی نوقاو و جەستەی ساردوسڕی، بەڕووی پەنجەرەکانەوە هەڵشاخام، جوێنم دا، ئەو پەنجەرەیەی ئەو نەبوایە گوللەکە نەیدەتوانی بێتە ژوورێ و تا ئێستاش شاهیدعەیانی دوا چرکەی ژیانی ئەوە، دایکیشم لەوێ نەبوو هانای بۆ ببەم، من و ئەو بەتەنیا لە ژوورەوە سەرمان پێک کرد، ئەو لاشەیەکی بێ گیان و من زیندووێکی سامگرتووی نیوە مردوو، ماڵەکەمان لەوسەری کۆڵان بوو و دراوسێکانمان خەوتبوون، بەفریش دنیای توند دەکوتایەوە، تەنیا دەنگی حەپەی سەگ لە دوورەوە دەهات نازیش وەک پەیکەرێکی لەبەرچاوم درێژ ببوو، بولبول لەسەری دەخوێند، وەک ئەوەی لەبەرچاوم زیندوو بووبێتەوە، هەستم دەکرد پێدەکەنێ و ڕوومەتە سوورەکانی، لێوەکانی بزەم بۆ دەکەن، چاوەکانیشی دەتگوت دوو بولبولی جوانن و لە قەفەس چاوەکانی لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە.





بێ گەرد و دڵپاک لەوێ نەبوون تا دایکیان بەم جۆرە ببینن و بزانن بۆتە چ پەپوولە و فریشتەیەکی جوان، لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەچێ و دەنگێکی لێوە دێ، لە پەپوولەیەک و من شتێکی دیکە لە ژوورەکەدا نەبوو، من و ڕوومەتێکی گەش و دوو چاوی درەوشاوە، پرچێکی خاوی ئاوریشمی، دەپەنجەی نەرم و شل وەک مەرجان لە ژوورەکەدا دەبریسکانەوە. تاڵەکانی پرچی چەشنی ترپەی دڵی گەرموگوڕی من دەلەرینەوە، بەم شەوە ساردوسڕە دوورودرێژە بەدەیان جار خۆم هاویشتە باوەش و وەک جاران سەرم کردە سەر سنگی و گریام. بوخچەی خەمەکانی خۆمم بۆ کردەوە و تا ئەو ساتەی بەگۆڕم سپارد قسەم بۆ کرد، کارەساتی مردن و پەرتەوازەبوونی کوکوختییەکانم بۆ گێڕایەوە، کەچی ئەو بێ دەنگ بوو و چاوئەبڵەق دەیڕوانیە دەمم، لە دایکم و دایکی دوام کە دوو خوشکی بێ برابوون و ئەو شتێکی ئەوتۆی لەبارەیان نەدەزانی، جگە لەوەی کە لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆژگار تەنگی پێ هەڵچنیبوون و لێرە لەم شارەدا گیرسابوونەوە.

نازیش وەک تاقانە بوو و نە خوشکێکی هەبوو نە برایەک، ئەو شەوەی ڕووداوەکەیش ڕوویدا کەسمان لەگەڵدا نەبوو و تەنیا لە ژوورێکدا سەرمان بەکۆشی تەنیایی خۆمان کرد بوو، خۆمان و پریاسکەیەک ئێش و ئازار، خۆمان و هێلانەیەکی چۆڵوهۆڵ، خانووێکی کپ و خامۆش، وەک خامۆشی ڕۆحی ماندوومان، لەناو چوار دیواری ڕەق و شێدار و سەرمای ئەو شەوە سایەقەیە، بەرامبەر یەکتر کرمۆڵە ببووین و چاوەڕێی دایکم و بێ گەرد و دڵپاک بووین لە سەردانی پوورم بگەڕێنەوە، تا وەک جاران ماڵەکەمان بکەنەوە مەیدانی بەزموڕەزم و یارییەکانی خۆیان، چاوەڕێ بووین هەر لە دەرگاوە خۆیان بهاوێنە باوەشمان و تێر ماچمان بکەن و ئێمەش لە باوەشیان بگرین و ماچیان بکەین، چونکە پێمان وابوو ماڵەکەمان بێ دایکم و ئەوان ڕووبەرێکی چۆڵە و بەوان نەبێ پڕ نابێتەوە، پێشمان وابوو گەڕانەوەیان بێزاری و دووری و تەنیاییمان دەڕەوێنێتەوە و لەسەر ڕێچکەی ژیانی ئاسایی خۆمان بەردەوام دەبین، ئەگەرچی جار جارە پرسیارە چارەنووسسازەکان و ئەو نهێنییانەی دایکم لە دەفەی سنگیدا حەشاری دابوون، ئارامیان لێ دەبڕیم و دەیانخستمە ناو دەریایەک خەیاڵی بەربڵاو و بیرکردنەوەی بێ سەرەتا و کۆتاییەوە، بەڵام ناز وەک جاران ڕووخۆشانە و دەم بەپێکەنین پێشوازیم دەکات و کاتێ لە کار دەگەڕێمەوە بەلەشێکی سووک و ڕووخۆشانە دەچێتە مەتبەخ و خواردنم بۆ ئامادە دەکات، ماوەیەک بەدڵێکی خۆش بەیانیان دەچمە سەر کار و پاش نیوەڕۆیانیش چوست و چالاکانە، بێ بێزاری دەربڕین خۆم دەکەمەوە ماڵەوە، نان دەخۆم و لەسەر جێ ڕادەکشێم، چەند سەعاتێ دەخەوم، ئینجا ئێوارە دەچم لەسەر کورسییەکەم بەرامبەر مێزەکە دادەنیشم و دەنووسم یا

خەریکی خوێندنەوە دەبم، بەزەوقەوە شیعر دەنووسم، نازیش چەپکێ گوڵ لە پەرداخێ دەکات و دەیهێنێ لە بەردەمم، لەسەر مێزەکە دایدەنێ، ماوە ماوەش قاوەم بۆ دێنێ، ئینجا بێ گەرد و دڵپاک بەیارییکردن و خوێندن و سەعیکردنەوە لە سووچێکی ژوورەکە خەریک دەبن، پاشان سەعات نۆی شەو هەموومان پێکەوە دەچینە لای دایکم و لە دەوروبەری چوارپایەکەی کۆ دەبینەوە، کە کۆبووینەوە دایکم دەست بەگێڕانەوەی حیکایەتە سەرسووڕهێنەرەکانی دەکات و نەک هەر منداڵەکان، بەڵکو من خۆشم وەک ئەوان پەلکێشی ناو دنیا سیحراوی ئەفسانەکانی دەبم، لەگەڵ گەشت و ڕووداوە سەیرەکان تێکەڵ دەبم، بۆ ماوەی یەک چرکە لێیان دانابڕێم، گوێ موت و دەم دووراو، دەڕوانمە دەمودووی ئەو، دایکم هونەرمەندانە حیکایەتەکانی دەگێڕایەوە و ئاوازی دەنگی لە کاتی دەربڕینی وشەکان دەبووە باڵێکی گەورە و دەیگرتمە خۆ، بەسواری ئەسپی باڵدار یا سیمرخ بەرەو ئەشکەوتە کۆنەکان، بەرەو ژێرزەمینی دوور و چینی حەوتەمی زەوی دەیبردم، لەوێ بەناو جیهانی دێوودرنج و پەری و فریشتە و گیاندارە خورافی و ئەفسانەییەکان دەیگێڕام، جاری وا هەبوو خۆشم دەبوومە کەسێکی ناو حیکایەتەکان و دەکەوتمە شەڕ لەگەڵ دێوی ڕەش... هەندێ جاریش بەسەر پشتی بەرانێکی سپی بۆ سەر زەوی دەهاتمەوە، یا سیمرخێ دەیخستمە سەر باڵەکانی و دەیفڕاندم، وشەکان ورد ورد بۆ ئاسمان بەرزیان دەکردمەوە و بۆ دووریان دەبردم، دەچوومە لای پاشای پەرییان و لەگەڵ کچە جوانەکانی پاشا دەکەوتمە ژوان...

یا دەبوومە قازەوان و لەگەڵ کۆلکەدارێ دەکەوتمە دەمەتەقێ، شەوانیش کە دەخەوتم، لە خەومدا خۆم دەبینی بوومەتە کوڕە پاشایەک و من برا گچکەی سێ برایانم، پاشان تووشی گێرمە و کێشەی هەمەجۆر دەبووم و دەکەوتمە زۆرانبازی و بەشمشێر شەڕم لەگەڵ دار و بەرد دەکرد، لە بەیانییەوە لە ئەشکەوتێ تا ئێوارە ماوەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لەگەڵ داکەدێوێکی شەڕانگیز یەکترمان دەگەوزاند و لە کۆتایی شەوی حەوتەمیشدا بەسەریدا زاڵ دەبووم و بەرانێکی سپی لە بیرێکدا لێم پەیدا دەبوو و مەرجی لەگەڵ دەکردم ئەگەر خۆم هەڵدا و کەوتمە سەر پشتی ئەوا حەوت چین بۆ سەرەوە بەرز دەبمەوە، بەڵام ئەگەر نەمتوانی ئەوا حەوت چینی دی بۆ ژێر زەوی دادەبەزم.

هەندێ جاری دیکە تووشی تەیرێکی ئەفسانەیی زۆر گەورە دەبووم، تەیرێکی گۆشتخۆر کە بەهاشوهووش شەوان دەهاتە سەر ماڵەکەمان و بەزەبری باڵەکانی هەر شەوەی لایەکی شوورەی سەربان و حەمام و شوورەی حەوشەکانی دەڕووخاند، بۆیە ناچار دەبووم شەوان لە سەربان شمشێر بەدەست ئێشک بگرم تا ئەو ساتەی تەیرەکە دەهات و دەیویست هەمان کار دووبارە بکاتەوە، منیش بەشمشێر لەگەڵی دەکەوتمە شەڕ و بەدرێژایی شەو شمشێرم لێ دەوەشاند، تا بەسەریدا زاڵ دەبووم و دەمکوشت، دنیا





تاریک و نوتەک بوو، کۆڵان و گەڕەک کپ و بێ دەنگ و چۆڵوهۆڵ، چرایەک نەبوو لە شەقام و کۆڵان و گەڕەکەکەمان نەکوژابێتەوە و ڕووناکی لە ژوورەکەمان بدات، ماڵەکەمان، مێز و کورسییەکانم، پەنجەرەکان، چیمەنی وشکبووی حەوشە بچکۆلەکەمان، کتێبخانە و کتێبەکانم لە شیرین خەودا بوون و چاوەڕێی ئەوە نەبوون هەواڵێکی ناخۆش و جەرگبڕ لە خەویان هەڵبستێنێ و دڵ و دەروون و ژوورەکە خامۆشتر بکات، چۆڵتر و غەمبارترم بکات، ببێ بەمۆتەکەی شەوانی چەندەها مانگ و بێتە سەر سنگم ژیانم لێ بکاتە دۆزەخێکی چاوەڕوان نەکراو، لە مرۆڤێکی کراوەی گەشبینەوە بمکاتە مرۆڤێکی ڕەشبینی گوماناوی، ئەگەرچی پرسیارەکان، نهێنییەکانی ژیانی دایکم جار جارە گۆشەگیریان دەکردم و دەیانکردمە کەسێ بۆ دۆزینەوە و لێکدانەوەی تەلیسمەکان، بەڵام قەتا و قەت نەدەگەیشتمە ئەو بارودۆخەی نازی تێدا مرد، ماوەیەکی زۆر خەمبار و دەروون داتەپیو بووم، وام لێهات دەرگا لەسەر خۆم دابخەم و لە تاریکیدا بژیم، ڕقم لە گڵۆپ داگیرساندن و ڕووناکی بێ و ببمە هاوڕێی تارمایی و لەمە چێتران، ڕەنگی تەڵخم خۆش بوێ و لەگەڵ بۆشایی و هیچ بدوێم، دواجاریش مردنی ناز نەخۆشی خستم و کەوتمە نەخۆشخانە و چەند مانگێ لە پایتەخت لەم دکتۆر و لەو دکتۆر گەڕام، لە هاوڕێ و زەماوەند و دەوروبەر دابڕام و پشتم لە دنیا کرد، هێندەی نەمابوو لە کارەکەشم دەرم بکەن، دایکیشم گیرۆدەی خەم و گریان و دایکەڕۆ کرد و ئاگام لە بێگەرد و دڵپاک نەما، چونکە وەک منداڵێکم لێ هاتبوو، دەبوایە دایکم چاودێریم بکات، تا تەمەنیان گەیشتە هەشت ساڵ نەمزانی چۆن دەژین و چی دەخۆن و چی لەبەر دەکەن، دەچنە قوتابخانە یا نا، دایکم شەو و ڕۆژ بەسەر سەرمەوە بوون و دڵی نەدەهات بەتەنیا جێم بهێڵێ. پارەی مەسرەف و دکتۆر و نەخۆشخانەش لەولا بوەستێ. ئەوەی هەیبوو لە منی سەرف کرد و کەوتمە فرۆشتنی شتی زیادەی ماڵەوەش، قەرزیشی بۆ کردم و منەتی خەڵکی بۆ هەڵگرتم، بەڵام کە چاک بوومەوە ئەمجارە ئەو نەخۆش کەوت و کەوتە ناو جێگا و ڕۆژ بەڕۆژ لە کورتی دا و تاقەتی پتر بڕا، پتر پیر بوو و پتر پەکی کەوت، ئەوەتا لەوساوە لەسەر پشت ڕاکشاوە و مات و مەلوول و ڕوخسار لۆچاوی، چاوکز چاوەڕێی مەرگی خۆیەتی، جار جارە کە چاو لێک دەنێ وەک ئەوە وایە بۆ هەمیشە چاوی نەکاتەوە یا کە خەیاڵی دەڕوا چەشنی چۆلەکەیەکی بێ پەڕوباڵی لێ دێ و بێ باڵ بەئاسمانی لاپەڕە شیرین و تاڵەکانی ژیانی خۆیدا دەفڕێ، بەناو کون و کەلەبەری ژیانی ڕابردووی دادەگەڕێ و یەک یەک هەڵیان دەداتەوە، لە خاڵە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەکانیدا هەڵدەنیشێ، بەسەر لقی دارە هەڵوەریوەکاندا ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکات، ئینجا لەوێوە بۆ زێدی باووباپیرانی دەگەڕێتەوە، بست بەبستی گوندەکەیان بەسەر دەکاتەوە، ماڵ بەماڵ، ژوور بەژوور،

حەوشە بەحەوشە دەگەڕێ و لە کۆنە ناسیاو و دەستەخوشکەکانی دەپرسێ، لە ڕەز و باخچەکانی دەگەڕێ و دەیاندۆزێتەوە و دەچێتە ناویان، ئینجا وەک ئەوسا کاتێ تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو و تازە شووی بەباوکم کردبوو لەژێر هەمان ئەو دار هەنجیرە دادەنیشێ کە چل ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەژێری پاڵ دەکەوت و ماوەیەک لەژێر سێبەرەکەیدا دەخەوت، پاشان کە بەخەبەر دێ یەکسەر بۆ سەر کانیاوەکەی خوارەوەی باخچەکە شۆڕ دەبێتەوە و لەبەر ئاوێنەی ئاوەکەیدا قژی دادەهێنێ و ئینجا دەموچاوی دەشوات، تەواو خۆی پاک دەکاتەوە، ئەو کاتەیش باوکم دەنگی دەدا و داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەو تەواو خۆی پاک کردۆتەوە و کراسێکی تازەی گوڵ گوڵی سووری لەبەرکردووە.

ئینجا بەپەیژەی نزیک دارهەنجیرەکە بۆ ماڵەوە سەردەکەوێ، دەبینێ باوکم لەبەردەم تانۆکی ماڵەوە دانیشتووە و قۆریەی چای لەسەر سەماوەرێ داناوە، بۆ ئەوەی دایکم هەر کە گەیشتەوە ماڵ و چایەکە دێمی دا چای بۆ تێ بکات و بەدەستی ئەو پیاڵەیەک چا بخواتەوە، ئینجا هەر لە شوێنی خۆی ڕابکشێ و بخەوێ.



## ٤

لە میانەی گێڕانەوەکەیدا دایکم عەلی برامی بەکوکوختییەکی باڵ شکاو دەشوبهاند و دەیگوت کە بچووک بوو وەک بێچووە کوکوختییەک بەسەر سواندە و دارتەل و سەر گلۆپەکانی ماڵەوە گڕوگاڵی دەکرد، لە باخچەکان لەم درەخت بۆ ئەم درەخت و لەم چڵ بۆ ئەو چڵ هەڵدەفڕی، بەناو حەوشە و ماڵەکەماندا دەگەڕا، کە گەورەش بوو، بووە گەورەترین عاشقی باڵندە و کۆتر و کەو و بولبول، بەچەشنێکی سەیر عاشقیان بوو وەک مرۆڤێ لەگەڵیاندا دەجووڵایەوە، وەک ئادەمیزادێ قسەی لەگەڵ دەکردن و سەرپەرشتی دەکردن و لە باوەشی دەکردن، لە ژوورەکەی خۆیدا لە باوەشی دەگرتن و دان و ئاوی دەدانێ، لە بێداری و خەوتندا لەسەر شان و مل و دەستەکانی بوون، ڕازی نەبوو کەسێ ئەزیەتیان بدات یا هەڵیان فڕێنێ، هیچ شوێنی هێندەی باخچەکە پان و بەرینەکەی بەرماڵیشمان چۆلەکە و بولبول و تەیروتواڵی لێ نەبوو، دەتگوت لە هەموو شوێنێکی دنیاوە باڵندەی بۆ هاتووە و لەوێ کۆبوونەتەوە و ئەوێیان کردۆتە مەنزڵگای هەمیشەیی، کە دەشچووە ڕاوە کەو لە دەرەوەی گوندەکەمان، هێلکەی چەندین باڵندەی دەهێنایەوە ماڵەوە، بن تەڕاش و بن تاشەبەرد و لقی درەخت و پەلک و وشکەگیای نەدەهێشت بەدوای بێچووە کەو و سوێسکە و پۆڕ نەگەڕێ. بەدەیان کەڕەتیش خۆی و کەوێکی باڵ شکاو، خۆی بەماڵدا دەکرد و دەیهێنا جێ شکانەکەی بۆ دەبەستەوە، ئاوی دەدا و دانی بۆ دادەنا، ماوەیەک لای خۆی لە کونجێکی سەریان یا گۆشەیەکی حەوشەکە لەناو قەفەزێ گلی دەدایەوە، کە چاکیش دەبۆوە، ئینجا دەیبردەوە چۆڵەوانی و لە شوێنی بەرەڵڵای دەکرد. هەتا هێلکەی مریشک و قاز و مراویشی کۆدەکردنەوە، جێگۆڕکێی پێ دەکردن، هێلکەی مریشکی لەژێر مراوی و هی قازی لەژێر مریشکی کڕکەوتوو دادەنایەوە.

بۆ ڕاویش تاپڕێکی لوولە درێژی هەبوو کە بچووبایە ڕاو لەگەڵ خۆی دەیبرد و بەیانیان زوو خۆی و قەفەس و ئەسبابی ڕاوکردن ماڵی جێ دەهێشت، جاری وا هەبوو ئێوارەیەکی درەنگ دەگەڕایەوە، بەدرێژایی ئەو ماوە دوورودرێژە نەیگوت بێزارم یا لە ڕاوکردن ماندوو بووم، بۆیە برادەرەکانی ناویان نابوو عەلی کەوباز، تا ئەو کاتەی ئاسکە بچکۆلەکە ڕووی لە ماڵەکەمان کرد و بوون بەهاوڕێی گیانی بەگیانی، ئینجا ناو و ناوبانگی عەلی لە زۆربەی گوندە شاخاوییەکان دەنگی دایەوە، بۆیە بەدەیان جار بۆ ڕاوکردن خەڵک لە دوورەوە دەهاتنە دوای و بۆ ڕاوکردن بۆ شوێنی دوورتر دەچوون، دەیانگوت ڕاوکردن بێ عەلی تامی نییە، عەلی لە هەموومان لە ڕاوکردن شارەزاترە. ئێمە ناگەینە نیوەی شارەزایی ئەو... جاری وا هەبوو چەند شەوێک لە چیا و ئەشکەوت

و چۆڵەوانی دەمانەوە نەم دەزانی لە کوێ ماونەتەوە یا چییان لێهاتووە. نەم دەزانی بۆ کوێ چووە و کەی دەگەڕێتەوە، لەسەر تاشەبەرد یا گەڵای وشک دەنوێ یا لە چیا و ئەشکەوتەکان، ماوە، مردووە، بریندارە، مار پێیەوە داوە، لە چیا گلاوە، کەوتۆتە ناو ڕووبار، ئاو بردویەتی، ئەو کاتەیش سەری خۆی هەڵ دەگرت و دوورتر دەڕۆیی وەک گەریدەیەک گوند بەگوند، شار بەشار بەوڵاتدا دەسووڕایەوە، بەپێ یا بەسواری ئەسپ، بەپاپۆڕ و کەشتی دەریایی و شەمەندەفەر بەهەر چوار کەناری دنیا دەسووڕا و کەلێن و قوژبنەکانی تەی دەکرد، جاری وا هەبوو چەند مانگێ بێ سەر و شوێن، سۆراغی نەدەما، ئینجا دەگەڕایەوە، کە دەشهاتەوە ماڵەوە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ لە ژووری لەسەر جێگا ڕادەکشا و دەخەوت، دەرگای لەسەر خۆی دادەخست و تەنیا بۆ خواردن دەهاتە دەرەوە، دەتگوت نەخۆشە، ڕەنگ و ڕوخساری زەرد و لاواز و ماندوو و شەکەت لە ژووری بێ هەستوخوست، بێ دەنگ و بێ چرپە دەکەوت و ئاگای لە دنیا نەدەما، نەی دەزانی لە دەرەوە چ باسە و چی قەوماوە، گۆشەگیر و تەنیا نقوومی دنیا تایبەتییەکەی خۆی دەبوو، بەژاوەژاو و پەنجەرە و دەرگا کردنەوە قەڵس دەبوو، پێی خۆش نەبوو ڕووناکی و هەوای دەرەوەی لێ بدا، هەندێ جار کونی دەرگا و پەنجەرەکانیشی بەنایلۆن دەگرت. وەک نووریە شێت حەزی لە گۆشەگیری و تاریکی بوو، بەڵام کە دەهاتەوە دەرەوە تەواو دەگۆڕا و دەبۆوە مرۆڤەکەی جاران، وەک پێشان دەیکردەوە بەزموڕەزمی جاران و خۆش مەشرەب و دەم بەپێکەنین و لێو بەخەندە، نیوەڕۆیان لەسەر سفرە دەیکردە چەقەنە لێدان و سەما کردن، دەتگوت لە زەماوەند و شاییدایە و بۆ ژنهێنان داوەت کراوە، هەم ئیسراحەتی لە خۆی دەبڕی و هەم ئیسراحەتی لە من و لە باوکت، نەی دەهێشت بەتەواوی نان بخۆین.

تا ئەو کاتەی باوکت لەم بارودۆخەی بێزار بوو و کەوتە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی تا واز لە گەڕان و سووڕان و گەریدەیی و ڕاوکردن و ئەو ژیانە سەیروسەمەرەیەی بێنێ. بۆ خۆی ڕوو لە کار و سەرپەرشتیکردنی ڕەز و باغەکانمان بکات، وەک گەنجانی دی و منداڵە دراوسێکان خەریکی چاککردن و بژارکردنی بێستانەکان بێ، پێی گوت: ژنت بۆ دێنم و ماڵوحاڵت بۆ دادەنێم و نیوەی باخچە و زەویوزار و مەزراکانت دەدەمێ بۆ خۆت بێ و خزمەتی بکە. باوکت پێی خۆش بوو ئەرکی سەرپەرشتی باخچە و موڵک و ماڵەکەمان بخاتە ئەستۆی ئەو و بیانپارێزێ، واز لە سەفەرکردن و بینەوبردەی ئەم لاو ئەو لا بهێنێ، دواجار بێ ئەوەی عەلی ئاگای لێ بێ کچی ئیسماعیلی هاوڕێی بۆ خواست و تووشی ئەمری واقیعی کرد، هەر خۆشی هەموو شتێکی بڕاندەوە و تەدارەکی بۆ ئامادە کرد، جلوبەرگ و ماڵی بۆ دانا، ئەگەرچی عەلی هەوەڵ جار بەم کارە ڕازی نەبوو و خۆی هێنا و برد، بەڵام دواجار دایهێنا و بەوە ڕازی بوو کچەکەی ئیسماعیل





بگوازێتەوە و ماوەیەک بەخۆشی و بێ گرفت پێکەوە بژین و واز لە سەفەر و ڕاوکردن بێنێ، چونکە جگە لە باوکت زۆر کەسی دی وەک خزم و ناسیاو و هاوڕێکانی باوکت کەوتنە ئامۆژگاریکردن و ڕوونکردنەوەی قازانجی خزمەتکردن و سەرپەرشتیکردنی زەویوزار و باخ و باخچەکان، بەڵام هێندەی پێنەچوو بارودۆخ گۆڕا و ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، شەڕ دەستی پێکرد و ماڵوێرانی ڕووی تێ کردین، گرانی و برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنین، زۆر چاکم لە بیرە بەچ کۆڵەمەرگییەک ژیانمان بردە سەر و تووشی چ نیگەرانی و ناخۆشییەک هاتین، لەو شوێنەی ئێمەی لێبووین، بەدەیان منداڵ و ئافرەت و پیر لە برسان مردن، نەخۆشی وەک پەتا و بەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە و مشک و جورج تا دەهات زۆرتر دەبوون، تا دەشهات برسیەتی چاکتر تەنگی بەخەڵک هەڵ دەچنی، ئەوەی مرد مرد، ئەوەی باری کرد باری کرد، جگە لە ماڵی ئێمە چەند ماڵێکی دیکە پتر لە گوند نەمابووینەوە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی گوندەکەمان و دانیشتوانی دەوروبەرمان ڕوویان لە نادیار و چیا و چۆڵ و ئەشکەوت و شوێنانی دی کرد کە ئێستاش نازانم کەوتوونەتە کوێ و لە کوێ گیرساونەتەوە، ئێمە هەبوون بووین، تا ئەو کاتەی عەلی برات و باوکت تووشی کارەساتەکە هاتن درێغیمان لە یارمەتیدانی خەڵک نەکرد و بەپێی توانا هەر کەسێ ڕووی تێ بکردبایەن بەدەستی بەتاڵ ڕەوانمان نەدەکردەوە. بەر لە چۆڵبوونی گوندیش لەشکری جەندرمە هێرشی بۆ گوندەکەمان هێنا و ئەو گەنجانەی تەمەنیان گەیشتبووە تەمەنی سەربازی، گرتنیان و بۆ شەڕ بردنی، ئەوەبوو بەدەیان گەنجی گوندەکەمان ڕاپێچی بەرەی شەڕ و سەنگەرەکان کران و لە دایک و باوک و ژن و منداڵەکانیان دووریان خستنەوە، بوونە سووتەمەنی شەڕێکی نەگریسی بێ کۆتایی. لە هێرشی دووەمدا عەلی براشت گیرا و ڕاپێچی سەنگەرێ کرا کە نازانم لە کوێ بوو، پاشان نەمانبینییەوە، چۆن ڕۆیی وا ڕۆیشت، بێ سەروشوێن چوو و نەمانزانی بۆ کوێیان برد و لە کام شار و وڵاتدا کوژرا، لە سەنگەردایە یا لە شوێنێکی دیکە نە خەبەری هەبوو نە سۆراغێ، هیچ هەواڵی نەبوو لە بەرەی شەڕدا بێت و ئاراممان بکاتەوە، ئەو کاتەی هاتن باوکیشتیان گرت و بردیان، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو دارکارییان کرد، ئینجا بەمردوویی گەڕاندیانە ماڵەوە، بەقسەی ئەوان گوایە باوکت گەنمی شاردۆتەوە و عەمبارەکانی گەنمی نیشان نەداون وا پێچ کراوە و پاش حەفتەیەک کە هاتەوە نیوەمردوو، سەر و کەللەی هەموو برین و خوێن لەسەری فیچقەی دەکرد، کەوتە جێگا و هەڵنەستایەوە، لەشی باوکت هەمووی جێی لوولە و قۆنداغەتفەنگ و حەیزەران و دار بوو. وا دارکارییان کردبوو کە جارێکی دیکە نەتوانێ بەسەر پێیەوە بوەستێ، جێ برینەکانیشی هەمووی خوێنی مەییوو و کێم و زووخاو بوو، لە بارودۆخێکی وەک ئەوساش جگە لە دەرمانی وەک سابوونی ڕەقی و گەڵای دار و

مێوژ و ڕەشکە و گیای سەوز و وشک شتێکی دیکە نەبوو لەسەر برینەکانی دابنێم، پاشان لەناو پێستی مەڕ بۆ ماوەی هەفتەیەک پێچام و چاوەڕێی ڕوحمی خوام کرد، کەچی نە دەرمانەکان و نە پێستەکە دادیان نەدا و لە بەرەبەیانی هەشتەمین ڕۆژ، کە ڕۆژێکی سارد و تەماوی بوو گیانی سپارد و دوا هەناسەی دا، بێ ئەوەی عەلی برات بێتەوە و دوا سەرنجی بدات، دوور لەو، چاو لە ڕێ، چاوی نووقاند و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کرد، عەلی لەوێ بوایە گۆڕی بۆ هەڵدەکەند و تازیەی بۆ دادەنا، من تەنیا بێ عەلی و باوکت مامەوە، ئەوانەی لە گوندیش مابوون لەڕولاواز و بێ تاقەت و دوور لە ماڵەکەمان دەژیان، کێ هەبوو لەو بەرەبەیانە ساردە سایەقەیەدا بتوانێ بێتە دەرێ و بچێ لە گۆڕستان قەبر لێبدات، جگە لەمەش ئەوەی لە گوندیش مابوو لە ترسی ڕاپێچکردن و گرتن نەی دەوێرا خۆ نیشان بدات، ئافرەت و منداڵیش هیچیان پێ نەدەکرا، بۆیە ناچار بووم چەند شەوێک بەدیار تەرمەکەیەوە لە ژوورێ بمێنمەوە و بەرامبەری ئێشک بگرم، لە شەوی یەکەمدا، لەناو تاریکی، بەدیار لاشەیەکی ساردوسڕ و بێ گیان هەڵتروشکام و هەستوخوستم لە خۆم بڕی و لە ترسان نەم دەوێرا بجووڵێم. چرکە بەچرکە کاتم دەژمارد، دەمگوت بەڵکو زوو بەیانیم لێ دابێتەوە و زوو ڕووناک بێ، تیشکی خۆر یا ڕووناکی لە پەنجەرەوە بێتە ژوورێ، بەڕۆژ فەرامۆشیم بەڕووناکی دەهاتەوە و ژوورەکە هێندە بەسام نەبوو، لە جنۆکە و تارمایی نەدەترسام شالاوم بۆ بێنن، لەوە دڵنیابووم دنیا تاریک نییە و شتێ بەو ڕۆژە ڕووناکە پەیدا نابێ، یا چاوم ڕەشکەوپێشکە ناکات، دار و بەرد و کەلوپەلم لێ نابنە شەبەنگ و شاخیان لێ ناڕوێ. هەستم نەدەکرد لەمە چیتر شالاوم بۆ دێنن، بەڵام تا دەهات شەو لە وەختی دیارکراوی خۆی درێژتر دەبۆوە و پتر بیرم دەکردەوە، چاوەڕێ بووم لەناکاو شتێ پڵنگ ئاسا چڕنووک لە دەموچاوم گیر کات، یا ڕووبێتە ملم و خنخنۆکەم بگرێ، وام دەزانی باوکت لەناو تاریکیدا زیندوو دەبێتەوە و لەبەرچاوم دەبێ بەگیانەوەرێکی ناشیرینی زل و زەبەلاح و شاخدار، وەک دێوودرنج دوو مەمکی گەورە بەسەر زگیدا شۆڕ دەبێتەوە و دێت بمکوژێ. شاخەکانی بەرەو ڕووم دەهاتن و چاومیان کوێر دەکرد، ژوورەکەش دەبوو بەچەرخوفەلەک و بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و لوولی دەخوارد و هەموو شتێکی ژوورەکەش لوولیان دەخوارد، منیش وەک ئەوان لوولم دەخوارد بۆ بنمیچی ژوورەکە دەچووم، ئینجا یەکسەر دەکەوتمە سەر زەوی و لەشم وردوخاش دەبوو، دەبوومە شتێ نەم دەزانی چییە، لە ترسان نقەم لە خۆم دەبڕی، هاوارم دەکرد و دەنگم نەدەهات، نقەم بڕا بوو، لە هەمان کاتدا دەترسام زەلامی تفەنگ بەدەست گوللەم پێوەنێن، چونکە کە سەیری جەستەی باوکتم دەکرد کۆمەڵێ زەلامی تفەنگ بەدەست بەدەوریەوە بوون و ڕووی تفەنگەکانیان لە سنگم کردبوو، هەندێ لە زەلامەکانیش بەدەوری باوکتەوە





زەماوەندیان دەگێڕا و هەڵ دەپەڕین، تەقەیان بۆ ئاسمان دەکرد بەتەقەی خۆشی خۆیان دەردەبڕی، دەنگی گۆرانی و دەهۆڵ دەهات و زوڕنا لە ژوورەوە لێدەدرا و دەنگی دەدایەوە. ئەوان لە زەماوەندا بوون و من وەک بی ناو ئاو دەلەرزیم و قاچم وێک دەکەوتەوە، ددانم سیرە سیریان لێوە دەهات، لەو تاریکیەی هەموو لایەک نقوومی ترس ببوو زەلامەکان سپی دەچوونەوە، هەندێ جار ئەوەی دەهۆڵی دەکوتا سەیرێکی دەکردم و بەئیشارەت داوای دەکرد بچمە ناو شاییەکەیان، بەڵام من دەتگوت بزمارم بەدیوارەوە کوتراوم ئارەقە بەهەموو لەشمدا دەهاتە خوارێ کە بەپشتدا کەوتم و ڕاست بوومەوە ڕام کرد و دەستم بەئایەت خوێندنەوە کرد، بەڵام وەک ئەوەی لەناو قەفەزێکدا بەند کرابم هەر زوو دەرگاکە گێڕامیەوە، دەمویست بۆ دەرەوە ڕابکەم، دەرگاکەم نەدۆزیەوە، نەم دەزانی دەرگاکە لە کام لایە، ماوە یا هەڵگیراوە و لەجیاتی ئەو دیوار دروست کراوە، لە کاتی ڕاکردندا لچکی کراسەکەم لە سۆبە دارەکە گیر بوو و بەسەر دەمدا کەوتم، نێوچەوان و لا ڕوومەتێکم بەسووچێکی سۆباکە کەوت و زامدار بووم، کە خوێنی خۆشم بینی لەخۆچووم و ئیتر ئاگام لە خۆم و دەوروبەر بڕا.

بەم شێوەیە تا بەیانی لە ڕاکە ڕاک و گەڕانەوەدا بووم و خۆم بەدیوار و کەلوپەلەکان گرتەوە، خۆم بەپیاوچاکان سپارد و دەخاڵەتی محیەدین خەنجەر بووم. کە ڕۆژیش بۆوە یەکسەر بڕیارمدا لە حەوشە گۆڕێکی بۆ لێدەم و بیشارمەوە، ئەوە بوو هەر زوو بێ ئەوەی نان بخۆم کەوتمە کار، ئاوم بۆ گەرم کرد و شۆردم و تەلقینم دا، ئەوەی دەشمزانی تەنیا ئەو ئایەتانەی نوێژکردن بوون، چونکە لەوان پتر هیچی دیم نەدەزانی، پاشان بەپیشەقان کەوتمە هەڵکۆڵینی زەوی حەوشەکەمان، خاکەناس و قازمەمان نەبوو، گوتم قەیدی چییە گرنگ بتوانم گۆڕێ بەڕووبەری باوکت ئامادە بکەم. جا بەهەر کەرستەیەک بێ گرنگ نییە، بەڵام لە بەیانییەوە تا ئێوارە نەمتوانی لە مەترێک درێژی و دوو سێ سانتیمەتر قووڵی پتر هەڵکۆڵم، خاکی حەوشەکەمان ئەوەندە ڕەق بوو دەتگوت بەرد و ئاسنە، من بەرد و ئاسنم شەق دەکرد نەک زەوییەکی ئاسایی، وەک ئەوەی حەوشەکەمان بەردەڵانی بنار چیابێ نەدەشکا، ئەو خۆڵەیش کە لامدابووە لاتەنیشتەکان بەشی چارەکی شاردنەوەی جەستەی باوکتی نەدەکرد، ئێوارەکە زەردەپەڕ باڵی بەسەر دیوار و دەرگا و حەوشەکەمان کێشایەوە. هەمدیسان خورپەیەک لە ناخم هەستا و دڵم کەوتە کوتە کوت، دەمزانی وەک شەوی پێشوو تووشی چ بەزمێ دەبم، بەڵام لەگەڵ شەو و تاریکی هیچم پێ نەدەکرا، ناچار بووم دەست لە کار بکێشمەوە و بچمە دیار تەرمی باوکت، لەو ژوورەی لێم ببوو بەدۆزەخستان، بەتەنیا لەگەڵ ترس و گومان و ئەجندە ژیام و هاتنە وێزەم و شەڕیان کردم، وام لێهات نەم دەزانی نە بەپێوە بوەستم، نە دانیشم، نە درێژ بم، نە لەسەر زگ درێژ بم، نە لەسەر پشت.

هاتوچۆ بکەم یا متەق لە خۆم ببڕم، بێ دەنگ بم یا هاوار بکەم، چاو بنووقێنم یا زەقە زەقی چاوم بێ، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەروەک یەک بوو هەموویانم کرد و شتێ نەبوو لە دەست زەلامەکان، لە جنۆکە و تارماییەکان ڕزگارم کات لە چاو و دەست و پەنجەی باوکت بمپارێزێ، شەو و تاریکی و تەرمێک، گومان و ترس و جەستەیەکی زیندووی زارەترەک لە زۆرانبازیدا بووین، دەرگا و پەنجەرەکانیش لەگەڵمدا لە جەنگدا بوون. ببوون بەدوژمنی باوەکوشتەم و نەیانهێشت بخەوم و ئارام بگرم، هەناوم ئەنجن ئەنجن کرا تا بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم. چەندەها جار مەرگم بەچاوی خۆم بینی، بەیانی ڕۆژی دووەمیش وەک ڕۆژی یەکەم کەوتمەوە هەڵکۆڵینی چاڵەکە. کەچی پێم تەواو نەبوو، تا ئێوارە بەدەست خۆڵم فڕێ دا و پیشەقانم وەشاند، لەشم، پرچم، تۆزاوی و خۆڵاوی و قوڕاوی بوون، لەشم ببوو بەبەشێک لە خاکوخۆڵ و ئارەقە. بەم حاڵە ئەوسا توانیم چاڵەکە چەند سانتیمەترێکی دی قووڵ بکەم، ئەگەرچی چاڵەکە لە گۆڕی نەدەکرد، بەڵام چی بکەم لەمە زیاترم پێ نەدەکرا و تەواو تاقەتم بڕا بوو، بۆیە بەر لەوەی دنیا تاریک دابێ تەرمەکەم لە ژوورەوە بەڕاکێشان هێنا و خستمە ناو چاڵەکە و ئەو خۆڵەی دەوروبەری کۆببۆوە کردمە سەری، بەڵام کە لای سەریم دەشاردەوە لای پێی بەدەرەوە دەما، کە سەر سینگم دەشاردەوە دەستەکانی بەدەرەوە دەمان، نەم دەزانی چی بکەم و خۆڵ بۆ داپۆشینی جەستەی لە کوێ بێنم، لەو حەوشە ڕەق و بەردینەدا خۆڵ لە کوێ هەبوو، هێندەی کردم و کۆشام بێ سوود بوو، چونکە هێشتا پەنجەی پێ و دەستەکانی بەدەرەوە مابوون و لەبەر چاوم سەرەتاتکێیان دەکرد، وە کە تاریک داهات دەستم کێشایەوە و بڕیارم دا سبەینێ هەرچۆنێ بێ لە بەردەرگایا لە کۆڵان هەندێ خۆڵی دی پەیدا بکەم و تەرمەکە بەتەواوی بشارمەوە، ئینجا ماندوو و شەکەت، مێشک جەنجاڵ بەرەو ژوورەوە چووم، نیازم بوو زوو بخەوم و بەڵام وەک دوو شەوی پێشوو نە خەوم لێ کەوت و نە ئارامم گرت، نە تارماییەکان وازیان لێهێنام، خۆشم نەمتوانی بەر پەنجەرە بەر بدەم، بەدیار پەنجەرەوە بەدیار گۆڕەکەی باوکت دانیشتم و نەمتوانی چاوی لەسەر دانوێنم، وا بەئاسانی لە بیری کەم و دەستبەرداری ساڵانێکی دوورودرێژی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بم.

ئاخر چۆن دەکرێ بەیەک دوو وشە و مرۆڤێکت لە یاد بچێ کە هەژدە ساڵ هاوسەرت بووبێ و پێکەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدار بووبن، لە نەخۆشی و سەفەرکردن و خواردن و نووستندا بەیەکەوە بووین... بەڵام نیوەشەو نازانم سەعات چەند بوو، لەناو تاریکیدا گوریسێ لە ئاسمانەوە بۆ ناو حەوشەکەمان شۆڕ کرایەوە و تەنێکی ڕەشی چوارگۆشەیی نزیک گۆڕەکەی باوکت وەستێنرا، دوو کەسی دەمامکداری جل ڕەشی کە هەر لە چەرم دەچوو دابەزین، ئەو دوو کەسەی پتر لە ڕۆبۆت دەچوون نەک مرۆڤی





ئاسایی، جزمەیان تا ئەژنۆ هاتبوو، نەختێ لە مرۆڤی ئاسایی درێژتر بوون و پەنجەیان شتێکی وەک نووکە چەقۆی بەسەرەوە بوو، ڕووناکییەک کە هەر لە لایتی دەستی دەکرد لە ئاستی چاویان بۆ سەر گۆڕەکە بەشێوەیەکی بازنەیی چوو و بەردەمی گۆڕەکەیان ڕووناک کردەوە، ڕووناکییەکە ماوەیەک بەرامبەر گۆڕەکە وەستا و دوو کەسەکە چرپە چرپێکیان کرد و ئینجا دەستیان درێژ کرد و نووکە تیژەکەیان لەو شوێنە گیر کرد کە خۆڵ داینەپۆشیبوو و بەدەرەوە بوو، لەبەرچاوم وەک دوو تارمایی ڕەش، دەهاتن دەچوون و قسەیان دەکرد، دەنگی ترپەی پێیان بەئاستەم بۆ ژوورەوە دەهات، بەڵام تێیان نەگەیشتم. دەتگوت زمانی خەڵکی ئەودیو دنیای ئێمەن. وشەی وا و ئاوازی وام نەبیستبوو، ئەوەتا ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە لەرینەوەی وشەکان لە بەرگوێمدا دەزرنگێنەوە، ئێستاش جلوبەرگ و دەمامکی سەر دەموچاویان وەک خۆیان دەبینم، ئەو دەستانەی بۆ بەرزکردنەوەی تەرمی باوکت درێژیان کرد وا لەبەرچاومن و دەجووڵێن. پاشان کتوپڕ باوکتیان لە گۆڕەکە دەرهێنا و یەکێ ڕوو بووە قاچەکانی و ئەوی دیکەش هەردوو لاشانی گرت. ئینجا بەرزیان کردەوە و بردیان و خستیانە ناو تەنە ڕەشەکە کە هەر لە فارگۆنی شەمەندەفەرەکانی ئێستای دەکرد، دوو تایەی لاستیکی نەختێ گەورەی پێوە بوو، لە سەرەوە بەتێل یا گوریسێ بۆ ئاسمان هەڵ دەکێشرا، من لە کونی پەنجەرە و لە پەنا پەردەوە، سەیرم دەکرد و نەم دەوێرا بجووڵێم یا هاوار بکەم و پێیان بڵێم ئەو تەرمە بۆ کوێ دەبەن و ئێوە کێن و چ کارتان بەمردوو هەیە، نقەم لێ بڕا بوو و نەم دەتوانی بچم ڕووبەڕوویان ببمەوە و نەهێڵم بیبەن، لە ترسان خۆم گرمۆڵە کرد بوو بێ هەست، زارەترەک دەمڕوانی و هیچم پێ نەدەکرا، دڵم لەسەر هەزار لێی دەدا و شەلاڵی ئارەقە ببووم و قاچم دەلەرزی، دەتگوت لەشم بەر تەوژمی کارەبا کەوتووە و تەوژمەکە خێرا بەناو لەشمدا دەگەڕێ، لەبەر هێزی کارەباکەش ددانم جیڕەی لێوە دەهات، دەمڕوانیە دەستیان و سەیرم دەکردن.

سەیری قاچیانم دەکرد و دەمڕوانی لەناو تاریکیدا دەمردم و زیندوو دەبوومەوە لەناو ئارەقەدا نغرۆ دەبووم و سەر ئارەقە دەکەوتمەوە، تک تک ئارەقەی ترسنۆکی بەهەنیەمدا دەهاتە خوارێ... شتێکم لە دەست نەدەهات، چیم بکردبایە، ئاخر ئافرەتێکی دەست و پێ سپی چیم پێ دەکرا، تفەنگم نەبوو تەقەیان لێ بکەم تەرمێکی ساردوسڕی بێ گیانیان ڕفاند و ڕۆیشتن.

نەم دەزانی ئەوەی بەرچاوم خەونە یا خەیاڵ، گومانە، یا ڕاستی، ئینجا هەرکە تەنەکە لە زەوی بۆوە ڕووناکییەکی تیژ سەراپا حەوش و ماڵەکەمانی ڕووناک کردەوە، ڕەنگە کۆڵان و ماڵە دراوسێکانیشی ڕووناک کردبێتەوە کە تەنیا ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچووی تێدا مابوونەوە، دەنگی گڕە گڕ هەموو دنیای کاس کرد و تەنەکە ڕۆیشت،

له ماوەی چاوتروکانێکدا بۆ ئاسمان بەرزبۆوە و دیار نەما. پاشان بێ دەنگییەکی تۆقێنەری بەسام باڵی بەسەر دنیادا کێشا و خستمیە ناو گومان و ترسێکی تۆقێنەرتر.

لەوساشەوە تا ئەمڕۆ تەرمی باوکتم نەبینیوەتەوە و نازانم بۆ کوێیان برد، وەک چۆن عەلی برات پێشتر ڕۆیشت و نەگەڕایەوە، ئەویش ئەو ئاسا بزر بوو، منیش شەو تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت و بیرم کردەوە، وڕێنەم کرد، ئاگام لە خۆم بڕا و نازانم چۆن شەوم کردەوە، بەڵام بەیانی زوو هەرکە دنیا ڕووناک بۆوە بەپەلە چوومە سەر گۆڕەکە و لێی نزیک کەوتمەوە، بەچۆک داهاتم و چاوم بڕیە لە شوێنەواری تەرمەکەی باوکت. ئەو شمشاڵ و کاغەز و سبیلەم دۆزییەوە، کاغەزەکە کە لەژێر شمشاڵەکە بەقەدکراوی دانرا بوو زۆر سەرنجی ڕاکێشام وامزانی ئەوان نووسیویانە و پێم دەڵێن باوکتیان بۆ کوێ بردووە. بەڵام کاتێ کاغەزەکەم هەڵگرت و کردمەوە و چاوم پێیدا گێڕا، جگە لە چەند ڕەسمێ، کۆمەڵێک هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشە و خاڵی ڕەش و خەت خەتی خواروخێچ و بازنە و چەند تیشکێ پترم نەبینی، کە لەژێرەوەیان چەند نووسینێ هەبوو، ئەوانیش وەک هێڵ و چوارگۆشە و شتەکانی دی سەیروسەمەرە بوون، لە تەلیسم و لوغز دەچوون لەوەی لە شتی مانادار بچن، شتەکان هەموو شتی شاراوە و نادیار بوون و پێویستیان بەشیکردنەوە هەبوو، بەڵام هێشتا تەواو لە وێنەکان ورد نەببوومەوە، شمشاڵەکە دەستی بەلێدان کرد و دەنگێکی زۆر زۆر خۆشی لێوەهات، کە لەوەتەی هەم گوێم لە دەنگی وا خۆش نەبووە و نابێ، دەنگەکە هەموو گیانمی خاو کردەوە، هەستم کرد دەمارەکانم، مێشکم، لەشم، قاچم، دەشێلێ و دەمخاتە سەما، ئاوازێکی خۆش و غەمبارانەی کاریگەر بەگوێمدا ڕەت بوو، دەتگوت گۆرانی لە دەوروبەرم دەگوترێ، تووشی ڕامان و تێفکرین و سەراسیمەیی کردم، لە خۆشیانا هەموو گیانم هەژایەوە، وامزانی لە حەوشە هەموو شتێ سەما دەکات و، گۆرانی دەڵێن، گشت ئەو کەلوپەلانەی لە دەوروبەرم بوون ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوون و زەردەخەنەیان لە دەم دەبارێ. هەتا ئەو خاک و خۆڵەیش کە ساتێ لەمەوبەر جەستەی باوکتیان لەخۆ گرتبوو، هەستم کرد ئەوانیش یەک یەک لەبەرچاوم وەک کۆمەڵێ منداڵی بچکۆلە گۆرانی دەڵێن و چەپڵە لێدەدەن، وە کە شمشاڵەکە لە ژەنین کەوت و بێ دەنگ بوو، یەکسەر ئەو و سبیلەکەم هەڵگرت و بردمنە ژوورێ، ئینجا توورەکەیەکم هێنا و هەرسێکیانم خستە ناوی و سەرەکەیم توند گرێ دا، ئەو کاتەیش تەواو برسیەتی و گرانی و وشکەساڵی تەنگی پێ هەڵچنیم و خەبەرێکی تازە لە عەلییەوە نەگەیشت، من و پوورت کە هێشتا منداڵ بوو گوندەکەمان جێهێشت و بەسواری ئێسترێ بۆ ناو دۆڵەکانی ئەوبەر شۆڕ بووینەوە. پاشان سەرکەوتین و ئاودیوی ئەو دیو بووین، ئیتر بۆ هەمیشە لە گۆڕی باوکت و تەرمەکەی و عەلی برات دابڕاین.



## ٥

ئەو ڕۆژەی دایکم کاغەز و شمشاڵ و سبیلەکەی باوکمی تەسلیمی من کرد و داوای لێ کردم بیانپارێزم، تا درەنگی شەو خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی تەلیسم و ئەلفازەکانی نەخشە و وێنەکانی سەر کاغەزەکە بووم، ئاوی چاوم چوو، خۆشم نازانم کەی خەوم لێکەوت و کەی پاڵکەوتم، بەڵام لە خەونمدا خۆم لەشوێنێک بینی، گۆرانیم دەگوت. هۆڵێک بوو لەو هۆڵانەی زەماوەندیان تێدا دەگێڕدرا چەند کورسییەک بەبازنەیی بەدەوری گۆڕەپانێ ڕیزکرابوون و ئافرەت و منداڵ ڕیز ڕیز ئەڵقەیان بەستبوو، کۆمەڵێک ئافرەت و گەنج دەستیان تێک گرتبوو، لە پێشەوە شایی ڕەشبەڵەکیان دەکرد و هەڵدەپەڕین، هۆڵەکە جمەی دەهات، دەرزیت بهاویشتبایە نەدەکەوتە سەر زەوی، منیش لە یەکێ لە ڕیزەکان شمشاڵەکەم بەدەمەوە بوو و شمشاڵم دەژەنی، تەنیا دەمژەنی و کەسێ ئاگای لە شمشاڵ ژەنینی من نەبوو، بۆ خۆم دەمژەنی، بەڵام ئێوارە کە زەماوەند و شاییەکە تەواو بوو، جانتا شڕەکەم کردە کۆڵ و شمشاڵەکەم نایە ناو قایشی پشتم و هۆڵەکەم بەجێهێشت، بەرەو شوێنی ملی ڕێگام گرت کە نازانم کوێیە، ماوەی هەفتەیەک بەڕێوە بووم تا گەیشتمە دارستانێ، کە جانتاکەم لە پشت کردەوە و سەیرم کرد، هەمان جانتا بوو کە ئامادەم کردبوو لەگەڵ خۆمی ببەم و کاغەز و سبیلەکەم تێدا تەقەت کردبوو، چونکە بڕیارم دابوو هەمان جانتا و هەمان جلوبەرگ لەگەڵ خۆم ببەم کە دایکم شتەکانی باوکمی پێش نیو سەدە تێدا هەڵگرتبوو و جلوبەرگ و پشدێن و شمشاڵەکەی لەناودا پاراستبوو، جانتا بچووکەکەیش کە لە حەمایلێکی ژنانەی دەکرد، کاغەزەکە بەقەدکراوی وەک خۆی چۆن دانرابوو وام دانایەوە، وەک ئەوەی چل ساڵ بێ لە خەوێکی ئەبەدیدا بن، بێ هەستوخوست لەژێرەوە ڕاکشابوون، کەسێ نەبوو بەخەبەریان بینێ، ئەگەرچی نازانم دایکم چەند جار هێنابوونیە دەرێ و چەند جار دەست و پەنجەی لێ خشاندبوون. چەند جاریش سەیری کردبوون و هەوڵی لێکدانەوە و زانین و تێگەیشتنی ئەلفازەکانی کاغەزەکەی دابوو. کە هەندێ ئیسراحەتم کرد و لەژێر دارکاژێ حەسامەوە، چەند کەرتە سەموونێکم خوارد و هەمدیسان بەڕێ کەوتمەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتمە قەراغی دەریایەک کە هێند پان و بەرین بوو و بەچاوی ئاسایی هەموو شوێنێکی لێ نەدەبینرا، بەڵام تا چاو بڕ دەکات لم و زیخ و چەو بوو، لووس لووس، بێ ئەوەی پێخووستی پێڵاوی بەسەریەوە دیار بێ، دەیڕوانیە دەریا و ڕاکشابوو، نیو سەعاتێ بەناو زیخ و چەودا سووڕامەوە و بەلای دەستە ڕاستدا ڕۆیشتم، تا گەیشتمە ڕێڕەوێکی دوورودرێژ و خواروخێچ، بەڕێڕەوەکەدا چوومە خوارێ و بێ پسانەوە بۆ پێشەوە هەنگاوم نا، تا ئەو کاتەی لە دوورەوە چاوم بەکۆشکێکی گەورە کەوت کە لە

دوورەوە دەبریسکایەوە، نازانم بریسکانەوەکە بریسکانەوەی شووشە بوو یا شتێکی دیکە، ئەم بەرۆئەوبەری ڕێڕەوەکە بەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنرا بۆوە و بۆنی گوڵ ڕێ ڕێ بەکونە لووتمدا دەچوو، سەراپا دنیای دەوروبەرم لەناو گوڵ و بۆنی خۆش خۆشدا نقووم ببوو، ڕێڕەوەکە خۆشی مەرمەڕڕێژ کرا بوو و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو و بەڕووی مرۆڤدا پێدەکەنی، تیشکی بریسکانەوەی کۆشکەکەش دەتگوت تیشکی گەشاوەن و چەپک چەپک ڕووناکییان دەبەخشییە دەوروبەر و دەریاکە، بەڵام بەر لەوەی بەکۆشکەکە بگەم باخچەیەکی گەورە باوەشی میهر و جوانی و سۆزی بۆ کردمەوە، باخچەی وا جوان و ڕازاوە، پیاو لە بەرامبەریدا بێ هۆش دەبێ و نازانێ چی بکات، بۆنوبەرامەی گوڵەکان، لە دەماخیان دام و هێدی هێدی دەمارەکانی لەشمیان شل و خاو کردەوە، وەک ئەوەی بەدەستی ئەنقەست خولقێنەرێک دروستی کردبێ، یا تابلۆی هونەرمەندێکی داهێنەر بێ وا دەهاتە بەرچاو، یا نەخشە و هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشەکانی سەر کاغەزەکەی دایکم لەناو گۆڕەکەی باوکم بێ و دۆزیبمەوە شاگەشکە بووم، یەکسەر جانتاکەم لە شانم هێنایە خوارێ دانیشتم و کاغەزەکەم دەرهێنا، ئینجا لە بەردەمی خۆم دامنا و کەوتمە بەراوردکردنی ئەوەی ئێرە و ئەوەی سەر کاغەزەکە، هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشە و وێنەکانی سەر کاغەزەکە لە ڕووبەرێکی تەسکدا چەشنی کۆشک و گوڵ و درەخت و دەریاکە لەبەرچاومدا بریقانەوە، وەک ئەو تیشکانەی بەسەر دەریاکە پەخش دەبوون و بەڕوومدا پێدەکەنین و سەرنجیان ڕادەکێشام، ئەوانیش هەمان شێوەیان دەکرد و بەئیشارەت دەیاندواندم، هێڵ و وێنەکان ببوون بەچەند ئادەمیزادێک و قسەیان لەگەڵ دەکردم، هەر یەکێ لە ئادەمیزادەکانیش چەپکێ گوڵی بەدەستەوە بوو و بۆیان ڕاگرتم تا پێشکەشمی بکەن، بۆنێکی خۆشیش لە گوڵەکانەوە وەک بۆنی ڕیڤدۆر بەکونە لووتمدا چوو، پاشان دەنگێ لە دوورەوە کە هەر لە پێکەنینی باوکمی دەکرد، هاتە بەر گوێم و زرنگایەوە، کە سەرم هەڵبڕی لە دەریاکەوە بینیم پیرەمێردێ لە قووڵایی دەریا سەر دەردێنێ و یەک و دوو دەگاتە کەنار دەریا و بانگم دەکات، دەنگی پیرەمێردەکە هەمان لەرینەوە و هەمان ژێ و هەمان خەمی باوکمی تێدا هەست پێ دەکرا. وەک دەنگی باوکم کراوە و بەسۆز پڕ میهر بوو، ئەو دەنگەی بەدەیان جار لە خەونمدا گوێم لێی ببوو، سۆزێکی داپۆشراو بەخەمێکی قووڵ بۆ کوڕێک کە بزر ببوو، ئینجا پاش دەنگەکە پیرەمێردێکی بەرگ سپی نوورانی بەرامبەرم هات، بەڵام تا من سەرم هەڵبڕی ئەو بەسەر سەرمەوە وەستابوو و وەک من سەیری نەخشە و وێنەکانی سەر کاغەزەکەی دەکرد، لێیان ورد دەبۆوە و قووڵ دەیڕوانی، ئینجا لەپشتەوە هەستم کرد دوو دەست دەخاتە بن کەوشم و قۆڵ لە قۆڵم هەڵدەکێشێ و بەرزم دەکاتەوە، کە ڕاست چوومەوە و ڕووم بەرەو لای ئەو وەرگێڕا، چەند دڵۆپە فرمێسکم بەسەر نیگاکانیەوە





بینی قەتارەیان بەرەو لاڕوومەتەکانی بەست بوو بۆ خوارەوە شۆڕ دەبوونەوە، ماوەیەک بەرامبەر یەکتر وەستاین و سەرنجی ڕوخساری یەکترمان دا، ئینجا گرتمیە باوەش و توند لە ئامێزی گرتم، نەمزانی چەند لە باوەشی ئەودا مامەوە، بەڵام ئەو کاتەی دەستەکانی شل کردنەوە، یەکسەر ڕایکێشام و وەک دەلیلێکی زۆر شارەزا پێشم کەوت، بەڕێڕەوە جوان و ڕازاوەکەدا شۆڕ بووینەوە و بەرەو کۆشکەکە هەنگاومان نا.

کە گەیشتینە ناو باخچەکە دەستی کردە باسکردنی نەخشە و جۆری گوڵ و درەخت و چیمەنەکان، بەرهەم و بەری دارەکانی بۆ لەیەک جیا کردمەوە، لە ئاودێری و ئاودان و خزمەتکردنیان دوا، شارەزایانە، چوست و چالاک بەناو ڕێڕەوەکاندا ڕۆیشت و قوژبن و ڕیزە دارەکانی نیشان دام، ئەو برۆ من بەدوایەوە، لە بەشە جۆر بەجۆرەکانی ناو باخچەکەی گەڕاین و لە هەر بەشێ جۆرە درەختێ، یا گوڵێکی نیشان دام کە لەوپێش درەختی وا و گوڵی وام نەبینیبوو، لای هەر درەختێ یا گوڵێک ماوەیەک دەوەستاین. ئینجا ئەو بێ پشوودان دەکەوتە وەسفکردنی گەڵا و قەد و لاسکەکانیان، پاشان کە تەواو دەبووین بۆ شوێنێکی دیکە بەڕێ دەکەوتینەوە، تا گەیشتینە بەردەرگای کۆشکەکە و لەوێ یەکێ پێشوازی کردین و دەست لەسەر سینگ بۆمان چەمایەوە و فەرمووی لێ کردین، ئینجا بۆ ژوورێ پێشمان کەوت، لە یەکێ لە دەربارەکان فەرمووی دانیشتنی لێ کردین، لە ژوورێ لەسەر قەنەفەیەک دانیشتین کە وەک ئاوریشم نەرم بوو و هێندە جوان و ڕێکوپێک بوو مرۆڤ بەخەونیش شتی وا نەبینێ. ڕەنگە لە ماڵی پاشاکانیش قەنەفەی وا نەرم و ڕێکوپێک نەبێ، لەوانەیە چاکترین دارتاش بۆ دروستکردنی لەشوێنە دوورەکان هاتبن و ئەو قەنەفەیان دروست کرد بێ، بۆیە لە دانیشتن لەسەری تێر نەدەبووم. بەمن بووایە تا هەتا هەتایی لەسەری دانیشم یا ڕابکشێم، نەشم دەزانی بەخەبەرم یا نووستووم، لەسەر زەویم یا لە ئاسمان، بەخەیاڵدا چوو بووم و ئاگام لە چوار دەوری خۆم نەمابوو، هەمدیسان نەم دەزانی ئێرە کوێیە و لە کوێم، پاڵکەوتووم یا دانیشتووم، ئەوانەی دەوروبەریشم کێن، مرۆڤی ئاسایی یا فریشتەن، هێدی هێدی دەنگی شمشاڵێ دەهات، بەچاوی نووقاوەوە بەهەموو هەستونەستمەوە گوێم بۆی دەگرت و لەگەڵ ئاوازەکەی دەهەژامەوە، چونکە چەشنی باوەشێنەیەکی زۆر نەرم و بەر ڕۆح و دڵ و دەروونم دەکەوت، ئاوازەکە و ژەنینی شمشاڵەکە لە هی هیچ کەسێکی نەدەکرد، وەک ئەو کاریگەر نەبوو، هیچ ئاوازێ وەک ئەو ئاوازەی کە لە کونی شمشاڵەوە دەهات بەجۆش و خرۆشتر نەبوو، لە ژەنینی کەمانی دڵشاد و لە عوودەکەی فەرید ئەترەش و لە سیمفۆنیاکانی بتهۆڤنی دەکرد، هێندەی ئەوان کاریگەر بوو، هێندەی ئەوان دڵخۆشکەر و داهێنەرانە بوو، داهێنانێ بوو لە دابەشکردن و هارمۆنیا، لە بەرزی و نزمی، لە نەرمی و توندی، لە خاوی، هەر دەنگ

بوو بەدەربار و ژوور و هۆڵەکاندا بڵاو دەبۆوە، کەسێکیش دیار نەبوو شمشاڵی بەدەمەوە بێ و فووی تێ بکات، پەنجەیەک نەدەجوولا، دەنگی هەناسەیەک نەدەهات، ئەو ناوە نقوومی بێ دەنگییەکی سەرسوورهێنەر ببوو، کپ و بێ دەنگ، تەنیا دەنگی شمشاڵەکە دەهات و بەس، سەرجەم شتەکانی ژووری، گڵۆپ و کریستاڵ و مێز و کورسییەکان بەسوجدە بردنەوە گوێیان موت کردبۆوە، لە من لە پیرەمێردەکە کەسێ دیار نەبوو، ئەو کەسەی پێشوازی لێ کردین نەمزانی بۆ کوێ چووە، بەڵام ڕێک لە ئاستی دانیشتنی ئێمە پەیکەرێک لە مەرجانی درەوشاوە لەبەرچاوم تیشکی لێوە دەهات، لێزمە لێزمە تیشک لەگەڵ ئاوازەکە بەشوێنەکەدا پەخش دەبوون، پەیکەرەکە جوولەیەک دەیهێنا و دەیبرد، دەجوولا و دەدرەوشایەوە، لەگەڵ جوولانەوەشدا ڕوومەتی سوور هەڵ دەگەڕا و چاوی دادەگیرسا، دەیڕوانی و نوور و تیشکی ئاراستەی ئێمە دەکرد، لەوە بێ ئاگا بووین، چەند سەعاتە، چەند ڕۆژە یا چەند مانگە لەو شوێنەدا بەرامبەر پەیکەرەکە دۆشداماوین و گوێ لە ئاوازی شمشاڵەکە دەگرین و لەناو دەنگ و سەدا و شەوقی پیرۆزدا نقووم بووین، مەست و خەواڵوو، خەوتین و وەئاگا هاتینەوە و خەوتین، تا ئەو کاتەی بەدەنگی پیرەمێردەکە وەئاگا هاتم و هۆشیار بوومەوە ئاگام لە هیچ شتێ نەبوو. کە چاوم کردەوە پیرەمێردەکە گوتی: لە کوێ بووی و بۆ کوێ چووی، لەو ماوەیەدا هەستت بەچی کرد و کێت بینی، گوێت لە چی بوو؟

لە وەڵامدا نەمزانی چی بڵێم تەنیا ئەوەم گوت کە لە شارێکی پڕ شمشاڵ بووم و لەگەڵ دەروێش عەبدوڵڵا قسەم کرد، ئینجا دەروێش دەستی گرتم و بۆ هۆڵێکی پڕ شمشاڵی بردم، کە ئافرەت و منداڵ و پیر و گەنج شمشاڵیان تێدا دەژەنی لە شارەکە هەر ماڵێک لە ڕۆخ دەرگاکەی شمشاڵێکی هەڵواسیبوو، دیواری ژوورەکانیان یا کەمانێ یا عوودێ یا شمشاڵێکی پێوە هەڵواسرابوو، ئەوەی سەردانیمان کرد بەشمشاڵ لێدان پێشوازییان لێ کردین، نازانم ئەو شارە کوێ بوو، سەر بەکام وڵاتی دنیا بوو و خەڵکەکەی بۆ هێندە شمشاڵیان خۆش دەژەنی، شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵا هەموو شتێکی خستۆتە سەما و گریان، ئەو پەیکەرەی بەرامبەریشمان پەیکەری دەروێش عەبدوڵڵایە و لە شمشاڵەکەیدا چل ئاوازی جیا بەرز بۆتەوە، ئەی گوێت لێ نەبوو چەند نەرم و هێدی دەهاتە بەر گوێمان، ئەو تیشکانەی بەئاراستەی ئێمە دەهاتن ئەوا ڕووناکی ئاوازەکان بوون کە هەر لە سەرابی بیابان دەچوون، نووری خودایان لێ دەباری، پاش ئەو گفتوگۆیە لەبارەی دەروێش عەبدوڵڵا و ئاواز و شمشاڵەکەی، پیرەمێردەکە یەکسەر دەستی خستە ناو دەستم و هەڵیساندم، بەڵام ئەمجارە من وەک جاران لەشم سووک نەبوو و بەزەحمەت ڕاست بوومەوە و بەزەحمەت هەنگاوم پێنرا، بۆیە ئەو ناچار بوو ڕامکێشێ و بۆ ژوورێک لە ژوورە ڕازاوەکانی کۆشکەکە ببات، تا





گەیشتمە دەرگای ژوورەکەش لە ئاوڕدانەوە نەکەوتم و چاوم لەسەر پەیکەرەکە دانەنواند کە شمشاڵی دەژەنی، بەڵام نەدەبینرا شمشاڵ بژەنێ. پاشان لە ژوورەکە بەپەیژەیەک بەرەو ژوورێکی سەرووتر هەڵکشاین، لەوێش بەڕێڕەوێکی باریک و ڕووناک شۆڕ بووینەوە، هەمدیسان بەپەیژەیەکی دی سەرکەوتینەوە و لەوێ لای پەنجەرەیەک وەستاین، ڕوانیمانە هۆڵێکی لە شووشە دروستکراو، لەپشت هۆڵەکەشەوە دەرگایەکی شووشە هەبوو، لەودیو دەرگاکە شمشاڵێک وەک ئەو شمشاڵەی لەناو جانتاکەی من هەبوو لەسەر مێزێکی بچکۆلەی زەرد کە هەر لە ئاڵتوون دەچوو دانرابوو، بێ ئەوەی پەنجەیەک هەبێ یا کەسێک فووی پێوە بکات لە کونی پەنجەرەکەوە گوێم لە دەنگێ بوو دەهات، دەنگێکی خۆش و دڵڕفێن، وەک ئەو دەنگەی دایکم باسی لێوە دەکرد و وەک ئەو دەنگەی چەند ساتێ لەمەوبەر من و پیرەمێردەکەی خەواند، لە کونی پەنجەرەکە و لە بنمیچی ڕەێڕەوەکەی لەسەری وەستابووین بایەکی فێنک و بۆنێکی خۆش بەکونە لووتماندا دەچوو، کە بۆنی بخوور و بۆنی گوڵ بوو، نازانم، بەڵام مێشک و کەللەسەرمی کاس کرد و مەستی کردم،... بەردەوامیش دەمڕوانیە مێزەکە و لە شمشاڵەکە ورد دەبوومەوە، گوێم لە ئاوازەکە بوو و لووتیشم لە بۆنەکە بوو، هەستی بیستن و بینین و بۆنکردنم بەیەکەوە لە کاردا بوون و لە سێ لاوە سێ شتی جیاوازیان وەردەگرت، دەمڕوانی و نەدەجوولام بەڵام جارێکی دی پیرەمێردەکە دەنگی دام و داوای لێ کردم بەدوایدا بڕۆم، پەنجا مەترێ ڕاست و ڕاست ڕۆیشتین و لە سووچێ ئینجانەیەکی کریستاڵی بایداوە لای باکوور و خۆی کرد بەژوورێکی تاریک کە هەر لە هۆڵی نمایشکردنی شانۆی دەکرد، لەوێ بەبەرچاوی منەوە لەناوەڕاستی هۆڵەکەوەیە چۆک داهات، منیش لەم کردەوەیەی واقم وڕما و پێم سەیر بوو و کەوتمە پرسیارکردن. هەوەڵ جار جگە لەو هیچی دیکەم لە دەوروبەری نەبینی، بەڵام کە چاوم بۆ دوورتر هەڵبڕی، شتێکی ڕەش وەک سندووقم هاتە بەرچاو کە لە بەردەم پیرەمێردەکە دانرابوو، کە ئەو شتە ڕەشەم بینی یەکسەر چوومە پێش جوان سەیرم کرد، بەرامبەرم گۆڕێکی ڕێکوپێکم بینی کە ئاڵایەکی ڕەنگاوڕەنگی پێ دادرا بوو، لەسەر کێلی لای سەرووشی چرایەکی کز دەسووتا و ڕووناکییەکی کزی بەدەوری گۆڕەکە دەبەخشی و کەمێک دەموچاوی پیرەمێردەکەی ڕووناک دەکردەوە، پەنجەرەیەکی چوارگۆشەیش لە باشووری سەرووی گۆڕەکە بەلای ژوورەوەدا کرابۆوە، لە پەنجەرەکە چوومە پێش و ڕوانیمە دەرەوە، گۆڕەپانێ لەودیو کە بەچیمەن و دار و دەوەن چێنرابوو دەرکەوت و لە بەرچاوم خۆی سپی نواند، بێ ئەوەی بەخۆم بزانم ڕوانیمە ناوەندی دار و دەوەنەکە، کۆمەڵێ ئاسکم بینی لەناو دار و دەوەنەکە خەریکی یاری و خۆ گەوزاندن بوون. لەم کاتەدا ئاگام لە پیرەمێردەکە بڕا و جوانی و خرپنی ئاسکەکان تەواو لە دنیای ژوورەوەی گۆڕەکە

دایانبڕاندم، سەعاتێ، دوو سەعات بێ ئەوەی بڕوانمە شتێکی دی یا ئاگام لە شتێکی دیکە هەبێ، لە پەنجەرەوە ڕوانیمە ئاسکەکان و بەدیاریانەوە وەستام، بیرم کردەوە، خەیاڵم بۆ ئەو ئاسکانە چوو کە ئیسماعیلی خەزووری عەلی برام و هاوڕێی باوکم لە ماڵەوە بەخێوی دەکردن.

نازانم چ شتێ هێنامیە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم ئاسکانەی ئێرە هەمان ئاسکەکانی ئیسماعیلن، شتێ لەناوەوە پاڵی پێوە دەنام و دەنگێ لە قووڵاییەوە دەهاتە بەرگوێم و دەیگوت: ئەو ئاسکانە ئاسکەکانی ئیسماعیلن، پاش ماوەیەک هەمدیسان گوێم لە دەنگی یەکێ لە ئاسکەکان بوو دەیگوت: من ئەو ئاسکە بچکۆلەیەم کە شەو و ڕۆژ لە باوەش عەلی برات دەخەوتم، من ڕۆحی عەلیم و ئێرەش فیردۆسی ئاسکانە، عەلی برات ئەو کاتەی گیرا خواوەند منی بۆ ئێرە هێنا، باوکیشت وا لەودیوی ئەو چیایانەیە و شوێنی تا بڵێی خۆشە، ئەو وا لە کۆشکێکدا دەژی و فریشتە دەوریان داوە و خزمەتی دەکەن، هەندێ لەولاتر عەلیش خیوەتێکی هەڵداوە لەگەڵ تەیروتواڵ و کەو و سوێسکەکانی دەژی. بەڵام کە گوێم لە دەنگی گریانی پیرەمێردەکە بوو، وێنەکەی بەردەمم تارایەکی ڕەشی بەسەر داهات و هیچ شتێ لە بەرچاوم دیار نەما. هێندەی ڕوانیم و ئەوێم پشکنی شتێکم بەدی نەکرد، بەرچاوم ڕەش هەڵگەڕابوو و جگە لە تاریکی شتێکی دیکەم نەبینی، بۆیە ناچار گەڕامەوە ناو ژوورەکە و بەئاستی چراکە هاتمەوە شوێنی جاران و هەمدیسان بەدیار پیرەمێرد و گۆڕەکە وەستام. پیرەمێردەکە چاوی نوقا بوو و دەپاڕایەوە، دەیگوت: (ئەی ئەو کەسەی منت هێنایە سەر دنیا و منت بەدنیا شاد کرد، بۆ وا زوو سەرت نایەوە و دایکمت بەتەنێ جێهێشت، هەم تۆ سەرت نایەوە و هەم دایکم ئاوارەبوو و کەوتە مەملەکەتان، کە منیان گرت و قۆڵبەستیان کردم تۆ ساغ و سەلامەت بووی نەنەخۆش بووی و نەبێزار بووی لە ژیان، کە منیان گرت بردمیانە ئۆردووگایەکی سەربازی و جلی سەربازییان لەبەرکردم، سێ مانگ لەگەڵ هەزاران گەنجی وەک خۆم لەوێ مەشقی سەربازییان پێکردین و پاشان ڕەوانەی بەرەی شەڕیان کردین کە شوێنێ بوو ئێستاش نازانم لە کوێیە و کوێ بوو، بەرامبەر سوپایەک بووین کە گوایە بیانی و غەیرە دینن. ڕۆژانەش چەندانێکمان لێ دەکوژران و تا دەهات ژمارەمان کەم دەبۆوە، تا دواجار منیش کوژرام و هەر لەوێ وەک ئەوانی دی خرامە چاڵێکی گەورە و خۆڵیان بەسەرماندا کرد، کوژرام و نەمزانی بۆ دەکوژرێم، تەنیا ئەوەندە دەزانم بوومە سووتەمەنی شەڕێکی نەگریس و بێ بەرامبەر و لەسەر دنیا نەمام.)

کە ئەم قسانەی دەکرد بێ ئاگا بوو لەوەی لە گۆڕەکە چۆتە پێش و خۆی بەسەر سنگی داداوە و سەری ناوەتە ناو ئاڵاکە و دەگری، هەر ئەوەتا پرچی لەژێر تیشکی چراکەدا





دەبینرا. جلوبەرگی زەردێکی نیمچە سوور دەینواند، لەژێر لێوەوە قسەی دەکرد، وای لێهات بەئاستەم گوێم لە دەنگی وشەکانی ببێ، بەڵام لەناکاو ئاڵاکە هێدی هێدی جووڵا و لەژێر جەستەیدا هاتە دەرێ و لەسەر گۆڕەکە لاچوو. پێم سەیر بوو و سەرم لەم کارە سوڕما، دەتگوت دەستێ ئاڵاکە لەژێرەوە ڕای دەکێشێ و بۆ سەر بەژن و باڵای ئەو دەیبات، تا ئەو کاتەی بەتەواوی ئەوی شاردەوە و هەموو جەستەی داپۆشی، ئینجا بەرە بەرە بەرەو لای منیش هات و خەریک بوو منیش لەژێر خۆیدا بزر کات، ئاگام لە سەرجەم جووڵانەوە و هەژانەوەی ئاڵاکە بوو، ماوەیەک چاوئەبڵەق. دۆشدامام و ڕوانیمە ئەم وێنە سیحراوییە، وێنەیەک کە لە خەیاڵیشدا شتی وا نەدەبینرا، ئەو وێنەیەی زەرد زەرد دەینواند و تیشکێکی سووری زەردباوی لێ دەهاتە دەر و هەر چوار دەوری گۆڕ و جەستەی بەئاڵا داپۆشراوی پیرەمێردەکەی ڕووناک دەکردەوە. بەڵام کە پیرەمێردەکەم بینی بەلوولدراوی لەناو ئاڵاکە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، ئاگام لە خۆم نەما و کەوتمە خوارێ. کاتێ لە خەو هەستام و بیرم لەو خەونە کردەوە پێم سەیر بوو چۆن ئەو پیرەمێردەم نەناسی. کە عەلی برام بوو، ئەو گۆڕەیش کە بەرامبەری بەچۆک داهاتبوو گۆڕەکەی باوکم بوو.

## ٦

هەندێ جار سروشت دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤ و لە پەلوپۆی دەخات زۆرن ئەوانەی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو دێتە ویزەیان و وەک ژەهری مار ژیانیان لێ تاڵ دەکات، وەک ئەوەی گوللەیەکی وێڵ لە نیوەشەودا بێت و سەرسنگی یا مێشکی یەکێ، بپێکێ و لە خەودا سارد و سڕی بکاتەوە، یا بکەوێتە ناو زێیەکی هار و شێت و گێژاوێ لوولی بدات، جا ئا لەم کات و ساتەدا کێ هەیە لە خنکان ڕزگاری بکات، گێژاوی زێیەکە شارە و شار، دۆڵا و دۆڵ، پێدەشت و پێدەشت لاشەکەی ڕادەپێچێ و سەر ئاوی ناخات، بەڵام کاتێ لاشەکەی لە بەرد و تەلانێک گیر دەبێ، ماسی هیچ ئەندامێکی بەساغی نەهێشتۆتەوە و هەر ئێسکی پێوە هێشتووە و ڕووت بۆتەوە.

بەڵام دەرد و بەڵای وشکە ساڵی لە هەموو دەرد و بەڵایان گرانتر و بەزەبرتر و کاریگەرترە، قاتوقڕی و نەخۆشی ڕوو لە هەر دەڤەرێک بکات، بەهەزاران کەس لە برسان دەکوژێ، باران دەبێتە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ و بۆ زەوی نایێ، لەسەر لقی دار و درەختی وشک بوو هەڵنانیشێ، وەک ئەوەی بۆ هەمیشە لە باوەشی زەوی زیز بووبێ، بەئامان و زەمان قووڵایی ئاسمان بەرنادات، گوێی لەوە نییە ئاخۆ خاکوخۆڵ، ڕەگ و لاسک و لقی دارەکان بەدەست بێ ئاوییەوە ناڵە ناڵییانە و دەمیان وشکی کرد و زمانیان بستێ لە دەمیان هاتۆتە دەرێ، زەوی دەقڵیشێ و قەدی دارەکان شەقار شەقار دەبن، ڕوو لە ئاسمان دەپاڕێنەوە و سوجدە دەبەن، لە داخان وشک دەکەن و دەگەیین، نوزەیان دەگاتە پەڕەکەی ئاسمان، چۆم و کانی و تاڤگەکان لە خورە خور دەکەون و کپ دەکەون، گیا و گۆڵ و کولیک، ڕەز و بێستان و کێڵگە و مەرزاکان، دەشتودەر، سەر دەکەنە باوەشی نائومێدی و کپ دەکەون، زەرد و سیس هەڵدەگەڕێن، دەکەونە بەر زەبری پێلاوی هاتوچۆکەران و خرتەی شکان و وردبوونیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا، باڵندە پۆل پۆل کۆچ دەکەن و بۆ دوور سەرهەڵدەگرن، مێروولە و زیندەوەرە بچووکەکان، دەستە دەستە دەمرن، ئەوەی ناوی خەڵقەندەیە لە برسان یا لە تینوویەتیدا ملی بەسەر لاشە و لقەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە و چاوەڕێی متبوونی هەمیشەییە، لە کاتی واشدا ماڵ و موڵک و سەروەت و سامان شتێک نین.

ئەوانیش هەر وایان بەسەر هات و هەم ماڵ و موڵکیان چوو و هەم سەر. لە ماوەیەکی کەمدا دوو کەسیان لێ ڕۆیشت، یەکیان گیرا و شوونبزر کرا، ئەوی دیکەشیان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، بێ ئەوەی ماوەی ئەوەی هەبێ وەسیەتێ بکات یا مشوورێکی ژنە تاق و تەنیاکەی بخوات، لە ناوەختدا سەری نایەوە، ژنەکەی بەنادیار سپارد و کەسێ نەبوو بیخاتە بن باڵی خۆی و بیپارێزێ، ئەو





هەموو زەویوزارەیش کە هەیبوو، داری لەسەر بەردی نەما و بەهەدەر چوو، یا وشکی کرد یا ژنەکەی جێی هێشت، ژنەکەی هیچی پێ نەکرا، نە توانی بیانپارێزێ و نە توانی سەرپەرشتییان بکات، جا کێ لەو وشکە ساڵی و بێ ئاوی و قاتوقڕیە دەیتوانی بەتەنگ شتی واوە بێ، کێ دەیتوانی بەپێوە بوەستێ و ئەوێ جێ نەهێڵێ، تا خەریکی خزمەتکردنی ڕەز و کێڵگە و باغ و باغاتەکان بێ، دەتگوت ئەم ناوە لەوەتەی دنیا دنیایە ئاوەدانی لێ نەبووە و کەسی لێ نەژیاوە، گوندەکە وەک بیابانێکی وشکی بێ ئاوی لێهات و ئەو هەموو دار و درەختە وەک سەرێکی لووس ڕووتانەوە، نە درەختێ، نە سەرچاوە و کانیاوێ بەپێوە ما، نە دنیا وەک جاران سەوز بوو.

خۆی و خوشکێکی بچووکی توورەگەیەک و بوخچەیەک و هەندێ شڕوشیتاڵ و چەند نانێکی ڕەق و هەندێ سەلکە پیاز و هەندێ مێوژ و چەند دانەیەک گوێز و هەناری وشک کراوە، ماندوو و شەکەت، نائومێد، سست و خاو و دڵ بریندار و بەئازار، کۆڵێ خەمی دایە پشت و کەوتنە دوای ئێسترێ، نەیان دەزانی ڕێگا و دۆڵ و چیاکان بەکوێیان دەگەیێن و لە کوێ دەگیرسێنەوە، ئێسترەکە ببووە ڕێ نیشاندەریان و بۆ پێشەوە ملیان پێوەنا، چونکە کە بڕیاری ڕۆیشتنیان دا شوێنێکی دیارکراو لە مێشکیاندا نەبوو ڕووی تێ بکەن و لەوێ باروبنە بخەن، لە باریکە ڕێیەکەی تخوبی ڕەز و باخەکانی خۆیان شۆڕبوونەوە ناو چەمەکان، ئەو باریکە ڕێیەی چاک شارەزای بوون و بەدەیان جار لەگەڵ باوکی عەلی بۆ سەر زنجیرە چیای سپی پێیدا ڕەت ببوون و بەودیوی گەیاندبوون، چوونە خوارێ بێ دەنگ وەک ئەوەی لێک زویر بووبن، یا یەکتر نەناسن هەنگاوی شلوخاویان دەنا، بەدەم ڕێوە دایکت بیری لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ژیانی خۆی دەکردەوە، بێ قەرار بوو و لە ناخەوە بۆ بزربوونی عەلی برات و کۆچی ناوەختەی باوکت دەکولا، دەتگوت کەوتۆتە دەریا و ئەویش بەلەمێکی چارۆکەدارە با دەیبزواند و با دەیبردە پێشەوە، لە وشکانی دەگەڕا لەنگەری تێدا بگرێ، بەڵام نیشانەیەک دیار نەبوو بۆی بچێ، کەنارەکان دوور بوون و ئاوەدانی هەر هیچ، ماڵێک نەبوو بیگرێتە باوەش و نەختێ تێیدا بحەسێتەوە و ڕابکشێ و پشەخەوێک بدات، لوقمەنانێ بخوات و چایە و جامە دۆیەک هەڵقورتێنێ، کاتێ بەخۆشی زانی گەیشتبووە چۆڵەوانییەکی ڕووتی وشکوبرینگ و تەواوێ لە گوندەکە دوور کەوتبۆوە، بۆیە ترسێک گەمارۆی دا و دڵی داخورپا، گومانێ لە ڕوخساری دەرکەوت، دەتگوت ئەم شوێنە وا خوڵقاوە تا گیانداری تێدا نەژی، درەختێ، گیایەکی تێدا سەوز نەبێ، ڕووتوقووت، تا چاو بڕ دەکات بەردەڵان و ڕەقێن و وشک و زەردایی بوو، نەسێبەرێ نە کانییەک، نە توتڕک و حوشترالۆکێکی تێدا دەرکەوت، بیابانیش حوشترالۆک و دڕکودالی تێدا شین دەبێ، کەچی ئێرە ڕووبەرێکی پان و بەرین و وشک و شەقار

شەقاربووی بەبەرد چنراوی بێ سەوزایی بوو و شەڕی لەگەڵ چاوی ئەو دەکرد، کە ئێسترەکە پێی لەسەر دادەنا دەنگی خڕکە بەرد و خرتەی خاک لەژێر پێیەوە دەهات،.

ناچار بوو سەر بۆ ئاسمان بەرز کاتەوە بڕوانێتە دوور، بۆ قووڵایی بڕوانێ، لە دڵی خۆیدا گوتی بەڵکو ئێ ئەمە خوایە پەلەهەورێ لەم ئانوساتەدا بەری ئاسمانی داگرتبێ و باران دابیکات، بەرژان باران بباریێ و هەرچەندی دەباریێ با بباریێ، گوتی قەیناکات با لافاو هەستێ و دنیا ئاو بیبات، با ئەویش ئاو بیبات، ئەگەر باران بباریێ قەیناکا با ئەو بخنکێ، خۆ ئەم سەرزەمینە تێر تێر ئاو دەخواتەوە... دەستی بەدوعا کردن کرد: (خوای گەورە و میهرەبان بەزەییت بەو خوشکە حەوت ساڵانەم بێتەوە و ڕەحم بەپاکی و بچووکی ئەو بکە، تەنیا نیو سەعات، سەعاتێک باران ببارێنە، ئاخر ئێمەش بەندەی تۆین و پێویستیمان بەبەرەکەتی تۆ هەیە، ئەوە چوار ساڵی ڕەبەقە چاوەڕێی دڵۆپێک بارانین، پرچمان، جلوبەرگمان تەڕ بکات، هەموومان بووینەتە ساقەسوورە و دەممان بەش بۆتەوە، باران دایکمانە و چاوەڕێین دڵۆپ دڵۆپ ئاو بەدەممانەوە بکات).

دەڕۆیشت و دوعای دەکرد و دەیگوت و دەیگوتەوە، بەڵام خەیاڵی خاو بوو نەپەڵەهەورێکی دیت لە دوورەوە دیار بێ، نەباران باری، نەپۆلێ باڵندەشی بەسەر سەری خۆیانەوە بینی نەختێ فەرامۆشی ڕۆحی ماندوویان بداتەوە، جا باڵندە چۆن ڕوو لە شوێنێ دەکات ئاوی نەبێ و وشک بێ، کوا درەخت تا لەسەر لقەکانی بنیشێ و هێلانەی تێدا دروست بکات، ئەی ئاو لە کوێ بێنێ پەڕ و باڵی و نووکی پێ تەڕ بکات، ئارەقەی ڕەش و شینیان دەرکرد بوو و سێبەرێ نەبوو ئیسراحەتی لەژێردا بکەن. بەری دارێ نەبوو بیخۆن، ئەگەر گیاوگۆڵیشیان شک ببردایە دەیانخوارد بۆ ئەوەی هەندێ تەڕاتی بەگەروویان ببەخشێ.

کوا ئەو دۆیە ساردەی پێشتر دەیانخواردەوە و کوا ڕەشماڵی کۆچەریان و کوا ئەو نوێنە نەرم و گەرمەی لەسەری درێژ دەبوون و ئیسراحەتیان تێدا دەکرد، لەو دۆزەخستانەی ئاگری لێ دەبارێ چی چاوەڕوان دەکرێ، لە ترسی گەرما و ماندووبوون و تینوویەتی و برسیەتی چی دی هەیە، ئەوەی بگاتە ئێرە دەبێ زوو جێی بێڵێ و پێ هەڵگری، نەوەکا لە پڕ هەناسەی ببڕێ و کەلەواژ ببێتەوە، مرۆڤ ئەگەر لێرە بمرێ لە وشکیان لەشی بۆگەن دەکات و دەبێتە ژەمە خواردنێکی چەوری باڵندە گۆشتخۆرەکان، بۆیە دەبێ بڕۆی و بیر لە دواوەت نەکەیتەوە... پێشتر ئەو کۆچەریانەی لە وەرزی بەهاری ئاساییدا لێرە ڕەشماڵیان هەڵدا و مەڕوماڵاتیان بۆ سەر لووتکە شاخەکانی دەوروبەر بۆ لەوەڕ دەبرد، خوا دەزانێ ئێستا بەم وشکە ساڵیە و بێ لەوەڕییە لە کوێ ڕەشماڵیان هەڵداوە.

دایکت بەدەم ڕێوە بیری دەکردەوە و ئاواتی دەخواست ئەویش کۆچەریەک بووایە و





ئێستا لە کوێستانێکی بەفەڕ و چڕوپڕ لەوەڕگا ڕەشماڵێکی هەڵبدایە و عەلی و باوکیشت لەبەردەم ڕەشماڵەکە لەسەر نیمدەرێک بەدەوری ئاگردانێ دانیشتبان، ئەو دیشلەمەی بۆ تێکردبانە یا وەک جاران، وەک ئەو کاتەی لە گوند بوون، بەرامبەر ئەو شاخە بەرزانە پاڵ بکەوتبان، لەوێ لە گوند، لە زێدی خۆیان کە هێشتا شەڕ و قاتوقڕی و گرانی تەنگی پێ هەڵنەچنی بوون لە هیچیان کەم نەبوو، پارە و موڵک و سامان و زەوی و مەزرایان هەبوو، خۆشیان ساغ و سەلامەت بوون، بەڵام ئێستا هەموو شتێ بەفیڕۆ چوو. نەماڵ ما و نەسەر، ڕەشەبای شەڕ هەڵیکرد و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی لوولدا.

***

دایکت وای گوت و وای بۆت گێڕایەوە، کە لەبەرچاویەوە باوکت چاوە پڕشنگدارەکانی لێکنا و دوا هەناسەی دا. کەچی ئەو هیچی پێ نەکراوە و نەیتوانیوە بیباتە گۆڕستانی گوند و لەوێ گۆڕێکی وەک هەموو ئەوانەی دەمرن بۆ لێبدا، پێشتریش مردووشۆری بۆ بینێ و لە کفنی وەرپێچێ و پاشان بیباتە مزگەوت و قورئانی لەسەر بخوێنێ، کە بەیانی هات ئەوسا بیباتە گۆڕستان و بیشارێتەوە، دواتر سێ ڕۆژ تازیەی بۆ دانێ و پێنجشەممان بچێتە سەردانی، چونکە گۆڕ بۆ مرۆڤی مردوو، بۆ مێرد و هاوسەر، بۆ کوڕ و باوک یا دایک، بۆ برا و خوشک نیشانەیە بۆ ڕەگ داکوتان لەو خاکەی لێی ژیاوی و تێیدا لە دایک بووی، فەرامۆشیشە بۆ ئارامبوونەوەی ڕۆح و دەروونی کەسوکار و ئەوانەی ماون، کە من ئەوانەی مردوون و گۆڕێ نەیگرتوونەتە باوەش و بۆ هەمیشە تێیدا نەخەوتوون، چۆن دەبێ مرۆڤ بێ گۆڕ و نیشتمان بێ و ناوونیشانی نەبێ، کەسێ نییە لەم دنیایە گۆڕستانێ بۆ مردووەکانی خۆی نەبێ، ئێمەش بەهەمان شێوە، ئەوەی مرۆڤ پتر بەخاکەوە دەبەستێتەوە گۆڕە، بۆیە کەسوکاری مردوو گۆڕی بۆ لەشوێنێ دیاری دەکەن و ئینجا دوو کێل و هەندێ خۆڵ و چەند وشەیەک لەسەر کێڵەکانی دەنووسن و، ئەمانە دەبنە شوێنەوار و ناوونیشان و بۆ هەمیشە مردووەکەی تێدا دەخەوێ. کەسوکاریش تا ماوەیەکی دوور و درێژ سەری لێ نابڕن، بەڵام باوکت نەخۆی ماوە و نەگۆڕێکی بۆ دەستنیشان کراوە، ئێستا نازانی لە کوێیە و بۆ کوێ چووە، ئەو دوو ڕەشپۆشە دەمامکدارەیش کە بردیان و سواری تەنەڕەشەکەیان کرد کێ بوون و بۆ باوکتیان دەستنیشان کرد، خۆشیان لە کوێ هاتبوون باوکت هیچ خزمێکی نزیکی نەبوو، وەک کوڕە مام، یا مام، تا بڵێیم ئەوان بوون هاتبوون بیبەنە لای خۆیان و لای خۆیان بیشارنەوە، بیرم نایێ ڕۆژێ باسی شتێکی وای لام کرد بێ، ڕۆژێ گوێم لێ نەبوو بڵێ مامێکم هەیە یا ئامۆزایەک و وا لە فلانە شوێن دەژین، باوکت بێ کەس بوو و وەک ئەوەی بەتاقی تەنیا لە کونەدیوارێ هاتبێتە

خوارێ، جگە لە من کەسێکی دیکەی نەبوو، من خۆشم وەک ئەو بووم تەنیا خوشکێکم هەیە کە پوورتە و ئێستاش نەماوە.

عەلی برات، ئەو عەلییە خۆش مەشرەبەی لە جوامێری و ئازایەتیدا لە هەموو ناوچەکەدا ناوبانگی دەرکرد بوو، کەسێ نەبوو بڵێ من عەلیم،

عەلی خزم دۆست و هاوڕێ دۆست و پاک و بێ گەرد بوو،
پەپوولەیەک بوو و بەیانیان زوو ئەم چڵ و ئەو چڵی دەکرد،
نە کەسی ئەزیەت دەدا و نە کەسی دەڕەنجاند.

بەژن و باڵا درێژێکی چاوگەش، دەتگوت داربییە و بۆ ئاسمان سەری بەرز کردۆتەوە کە ڕانکوچۆغە تازەکەی دەپۆشی قەراڵیچە و کوڕە پاشایەک بوو بۆ خۆی

ئەو عەلییەی لەشکرێ هات و جەندرمە گەمارۆی دا و بردی
ئەو عەلییەی وەک شێر لە نەعرەتەی دا،
شەو هاتن و ڕاپێچا و ڕەشەبا لوولی دا.
عەلی دەسگیرانی ڕووبار و خۆشەویستی ئاسکان بوو،
عەلی دەسگیرانی درەخت و گوڵ و کەو و باڵندان بوو،
گەڵای دار، دەستی لە ملی دەکرد و لقی دار ماچی دەکرد،
باڵندە دەیخستە ژێر باڵەکانی، ئەویش پەڕەکانی دەکردنە دەسکەنەی پاکی
عەلی دەنووکی کەوێکی دەنووک سوور بوو،
سیمرخ، بەرانی سپی دەیکردە پشت و بۆ ئاسمان بەرزی دەکردەوە.
سواری دەریا دەبوو و دەستی دەکردە ملی نەهەنگێ
بەڵام چەتەکانی دەریا هاتن و ڕێیان پێگرت،
لە یەکەمین تەقەدا، لووتکە شاخەکان نارەزایی خۆیان نیشان دا
تاشەبەرد و چەمەکان گریان.
دۆڵەکان قژیان ڕنییەوە،
فرمێسک بەسەر بەرد و دار مازووەکاندا باری
جێ جێ ناو قەدی شوێن گوللە بوو
جێ جێ برین و جێ جێ خوێنی تێزا
ئەو کاتەی بردیان ئەسپەکەی حیلاندی
پێی لە زەوی گیر کرد،
لە شوێنی خۆی هاواری کرد تا چاوەکانی سوور بوون
چاوی عەلی چەشنی چاوی ئەسپەکە خوێنی تێزا
چەشنی باسکی ناز ڕوومەتی سوور بوو





کوڵمی گەش و ئازا و نەبەرد بوو
لەشکرێ هات و هەر چوار دەوری تەڵبەند کرد
دوو ڕۆژ و دوو شەو شەڕی کرد و بەرگری کرد
دوو ڕۆژ و دوو شەو نانی نەخوارد، ئاوی نەخواردەوە
حەوت ڕۆژ و حەوت شەویش سەنگەری گرت
چاوی لە نیشانە و سێدارە و سەر سنگی ملۆزمەکان دانەنواند
سەری دانەخست
بەڵام کە گوللەی تەواو بوو،
یەک و دوو گەیشتنە سەری و کەلەپچەیان کرد
گوریسیان کردە ملی و ڕایانکێشا

مام ئیسماعیلی خەزووری وای گوت و وای گێڕایەوە:

– من لە دوورەوە چاودێری ڕووداوەکەم دەکرد و ئاگام لە ورد و درشتی هەبوو، لە بەری ڕۆژهەڵات خۆم لە پەناگا بەردێ حەشاردا بوو و لەسەر زگ درێژ ببووم، چاوم لە نێوان عەلی و جەندرمەکان دەگوازتەوە، بێ دووربین، چاوم دەگێڕا، دەمدیت چۆن سێرە لە کەللە سەریان دەگرێ و چۆن تەقە دەکات و بەهەر چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێ، دەیڕوانی و تەقەی دەکرد، ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد و هەر چوار لای دەپشکنی نەوەکا دەرفەتی لێ ببینن، هەستی بۆ ورشەی با و خشپەی پێی مێروو و دەنگی باڵی پەپوولەش ڕادەگرت، گوێی بۆ سەرلەبەری دەنگ و ورتە ورتەکان دەگرت، منیش وەک ئەو وشیار و ئاگادار بووم، هەستم ڕاگرت بوو و لەگەڵ هەر گوللەیەک کە لە تفەنگی ئەوان دەهاتە دەر دڵم دادەخورپا، هەر گوللەیەکیش کە لە تفەنگەکەی عەلی دەهاتە دەرێ دەمگوت لە بابت کەوێ و بەقوربانی دەست و بازووت بم، بەقوربانی خۆڕاگری و بەژن و باڵای زرافت بم، بەمن بووایە تا ئەبەد لەوێ لە سەنگەر بووایە و جێی بەرنەدایە، چونکە مرۆڤی وەک ئەو بەسەنگەرەوە، بەئازایەتییەوە جوانە و بەزینی بۆ نەبێ، نەبەردێکی ئەو ئاسا دەبووایە مێژووی ژیانی بەئاوی زێڕ بنووسرێ، بەڵام هەر کە دەنگی تەقە بڕا وەک ئەوەی ئاوی سارد بەهەموو لەشمدا بکرێ، سارد بوومەوە و واقم وڕما، دواتر زانیم گوللەی لێ بڕاوە و ئیتر تەواو، دەنگی تەقە بڕا، ها ئێستا ها دەمێکی دی هەڵدەکوتنە سەری و بەزیندوویەتی دەیگرن، ئەوەی لاشم جێی سەرسوڕمان بوو بۆ عەلی، دوایین گوللەی بۆ ڕۆحی خۆی گل نەدایەوە، چونکە پێم خۆش بوو بەدەستی خۆی خۆی بکوژێ، نەک ئەوان بیگرن.

مام ئیسماعیل وای گوت و لە هەموو گێڕانەوەیەکیدا دووبارەی دەکردەوە:

هەر کە گەیشتنە سەری خەریک بوو دڵم بوەستێ و لەخۆ بچم، ئەژنۆم شکا و کەوتمە

لەرزین، من لە جیاتی ئەو شەلاڵی نەک ئارەقە، بەڵکو شەلاڵی خوێن بووم، بەمن بووایە بمردبام نەک عەلیم بەو شێوە ببینیایە، چونکە عەلی تەنیا کوڕی ئێوە نەبوو، بەڵکو کوڕی من و ئێوە و کوڕی دار و بەردی ئەو دەڤەرە بوو کە ئێمەی تێیدا دەژیاین، کوڕی، دەشت و دار و درەختی باخچە و ڕەز و باخەکانمان بوو، عەلی چەپەر و پەرژینی ماڵەکانمان بوو، کۆڵەگەی ژوورەکانمان بوو، ئەگەر کوڕێکی خۆم بەم شێوەیەی ئەو یەخسیر بکرایە هەر هێندە پێم ناخۆش دەبوو، هەر هێندە دڵم تەنگ دەبوو، هەر هێندە کاری تێ دەکردم.

ئەو کاتەی گەیشتنە سەری لە جێوە پڕ بەدۆڵ و پێدەشتەکان هاوارم کرد و ئەم ناوەم هەژاندەوە، فڕندەکان لەسەر شاخ لە ترسان هەڵفڕین، دار و دەوەن، کەو و سوێسکە و پۆڕەکان لە شەقەی باڵیان دا و بۆ قووڵایی ئاسمان ڕۆیشتن.

پاشان هاتنە سەر سەنگەرەکەی عەلی، کە دەیانجریواند دەمزانی دەگرییێن و دەنوزێنەوە، هەستم دەکرد ئەوانیش وەک من پێیان ناخۆشە گەنجێکی وا ئازا و بەجەرگ بکەوێتە بەردەستی لەشکری دوژمن، ئەو دوژمنەی بەدەیان گەنجی وەک ئەوی ڕەوانەی بەرەی شەڕ کردبوو، کردبوونیە سووتەمەنی شەڕێکی نەگریس، ئەو گەنجانەی بەکەلەپچەکراوی و بەبەرچاوی دایک و باوکیانەوە ڕایان دەکێشان و دەیاندانە بەر قامچی.

مام ئیسماعیل لە هەموو باس و گێڕانەوەکانیدا هەواڵی کوڕە تاقانەکەی خۆشی دەهێنایە ناو ناوان و بەشانوباڵی ئەویشی هەڵدەدا، دەیگوت: سەرکەوتیش وەک عەلی باڵابەرزێکی چوارشانە بوو، پرچی ڕەش و چاوی کەلاشووشەیی لە دوورەوە دەبریسکانەوە. هێندەی عەلی ئازا و جەسوور بوو، لە تافی لاوێتیدا بوو و تازە هەڵی دەدا و تازە بنی سمێڵی دادەنا، لە هەموو ناوچەکەدا کوڕێکی وەک ئەو کۆک نەبوو.

کوڕە تاقانەکەم، کوڕە نەوجەوانەکەم
کەڵەکێوییەک بوو بۆ خۆی و بەسەر شاخەکانەوە ئێشکی دەگرت
شەیدای بەفر و دوندە بڵندەکان بوو
ئەشکەوت و کونی تاوێرەکان مەنزڵگای بوون
مەشخەڵی ئاگری شەوان بەدەست ئەوەوە بوو
کە دەهات و چاوی هەڵدێنا
دنیا دەبووە ڕۆژێکی ڕووناک
بەڵام ئەو لە سەنگەردا نەگیرا، بەڵکو لە تاریکیدا لەناو نوێندا گیرا بەناو تاریکیدا
بردیان و ئیتر نەگەڕایەوە، بەڵام پاشان
لەو شاخانە بوو بەکۆترێک و خوێنی ڕژا





خوێنی ڕژایە ناو خاکوخۆڵی ژێر داربەڕووێک و بوو بەڕەگوڕیشە
بوو بەلقی دارەکە، چووە ناو هەناوی داربەڕووەکە
سەرکەوت چووە ناو کۆلکە دارێک و بچووک بووەوە
وەک قازەوان خۆی شاردەوە، ئیتر نەمبینیەوە،
شوون بزر بوو، کەچی دڵم بەبزر بوونەکەی باوەڕی نەهات،
بۆیە شاخە و شاخ، دۆڵا و دۆڵ، سەرکەوتم و دابەزیم،
بەباریکە ڕێ و بزنە ڕێگایەکان ڕۆیشتم، بن بەرد و ئەشکەوتەکانم پشکنی
لە ڕێگادا تووشی هەزار دەردەسەری هاتم،
شەو لە چۆڵایی و کێو و ئەشکەوتەکان مامەوە و سەرم بەبەردی ڕەق کرد،
لەسەر زەوی دڕکاویدا پاڵ کەوتم
چەندین شەو لەبەر سەرما و باران و بەفر بێ ئاگر شەوم کردەوە.

لوقمەنانێ نەچووە زارم، بەزگی برسی و دەمی تفت و تاڵ و مێشکی جەنجاڵەوە، بەلەشی داهێزراو، ماندوو و شەکەت وەک شێتێ لەگەڵ دار و بەرد کەوتمە شەڕ، لە هەر کوێیەک بیانگوتبا کوڕێکی غەریبی بێ ناوونیشان گیرساوەتەوە، دەچوومە ئەوێ، وەک شوونهەڵگرێ بۆنی خاک و بۆنی بنی پێڵاوەکانم دەکرد و بۆ پێشەوە دەچووم، ڕیشم بستێ بەسەر سنگمدا شۆڕ بووەوە و بەگوند و شارەکاندا گەڕام، هیچ شوێنێکم نەهێشت، هەتا گۆڕستانەکانیش گەڕام.

یەک یەک لە گۆڕەکان وردبوومەوە، سەیری کێلەکانم کرد و ئەو نووسینانەی لەسەریان نووسرابوون هەموویانم خوێندەوە، چوومە لای شێخ و مەلا و پیاوچاک و کەرامەتدارەکان لە مەرقەدەکان مامەوە و شەو تا بەیانی نەخەوتم و دوعام کرد، پاڕامەوە، بەڵکو ئێ کوڕە تاقانەکەم بۆ بدۆزنەوە.

بەڵام لە هەموو ئەو گەڕان و سووڕانەدا مایەپووچ دەرچووم ئەویش وەک عەلی بزر بوو، نەگەڕایەوە. بۆیە تا دەمردم چاوەڕێم ڕۆژێ لە ڕۆژان سەر بکات بەماڵێدا و بەژوور بکەوێ...

عەلی شێری دارستانەکان بوو، کەسێ لە دەڤەرەکەماندا لە ئازایەتی پێی نەدەگەیشت کاتێ گەیشتنە سەری گوتم تەواو شێرەکەی دارستان کوژرا، بەڵام ئەو ئەو کاتیش داینەهێنا، ئازایەتی خۆی نواند و تا بەرزەفتیان کرد و کەلەپچەیان لە دەستی کرد، بەشەق و بۆکس دەموچاوی چەندان سەربازی خەڵتانی خوێن کرد، ددانی چەندانیشی شکاند، دواجار بەچوار کەس، دووانیان هەردوو دەستی و دووانەکەی دی هەردوو قاچیان بەگوریس شەتەک دا و ئینجا بەپاڵدان پێش خۆیان دا، لەکاتی ڕۆیشتن و چوونە پێشەوەدا عەلی هەر هەمان شێرەکەی جاران بوو، سەربەرز و سنگ دەرپەڕیو

هەنگاوی دەنا ، سەربازەکان سەریان لەو ئازایەتییەی ئەو سوڕما بوو ، نەیان دەزانی چۆن دەمکوتی کـەن. چونکە ئەگـەر بەدەست پەلامــاری نەدابان بەجــوێن دەیکردنە بایی فلووسێ.

لە ڕێگا پۆلێ باڵندەی باڵنەخشین بەسەر سەریەوە دەسووڕانەوە و جریوە جریویان بوو ، دوو دوو ، سێ سێ تەکانیـان دەدا ، پێ بەپێ دەچوونە پێش، جار جارە تەواوێ لە پرچ و شانی نزیک دەکەوتنەوە ، دەتگوت بەدوای هێلانە دەگەڕێن تا پووشوپەڵاش و دارۆچکەی لەسەر دابنێن، دەمبینی باڵیان لێک دەدا و لەسەر پرچ و هەردوو شانی هەڵدەنیشتن، خۆیان لە ڕوومەتی هەڵدەسووی و بەدەنووک دەیانلستەوە زمانیان هەبا قسەیان لەگەڵ دەکرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەجووکە جووک خەمی خۆیان بۆ دەردەبڕی و فرمێسکیان بۆ دەڕشت، ئەویش ملی بۆ لار دەکردنەوە و دەنووکی ماچ دەکردن، دەمی لە پەڕ و باڵیان دەخشاند و بەچاوی نووقاوەوە بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا ، وە تا لەودیو شاخەکان بزر بوو ، دەمبینی باڵندەکان هەر بەسەر شان و مل و پرچییەوە بوون، لەگەڵ ئاودیوبوونی سەربازەکان ئەوانیش وەک عەلی بزر بوون، منیش لەوبەریشا ڕێی شاخە بەرزەکەوە ئیتر توانام نەما بەدوایاندا بڕۆم، لەوێ کەوتم و تا ئێوارە نەمتوانی ڕاست بمەوە.

دایکم کە قسەکانی ئیسماعیلی دەگێڕایەوە بەحەسرەتەوە لای هەندێ دیمەن و وشە دەوەستـا . هەندێ وشەی چەند جارێ دووبارە دەکردەوە و بەقورگی پڕ گریانەوە لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو ، یەک دوو جاریش لای پەنجەرەکە وەستا و سەیری دەرەوەی کـرد ، ماوەیەک بێ دەنگ بوو و خەیاڵ بردیەوە ، نەم دەزانی دەڕوانێتە کوێ، چاو بەدەشتایەکەی ئەوبەر یا چیاکان دادەگێڕێ، لەبەرخۆیەوە دەدوێ یا شتێ دەدوێنێ، نەم دەزانی چی دەڵێ یا لەگەڵ کێ قسە دەکات، من دەدوێنێ یا یەکێکی دی. کە قسەشی دەکرد دەتگوت دەنوزێتەوە...

ئینجا پاش کەمێک بەر پەنجەرەکەی جێ دەهێشت و دەکەوتەوە گێڕانەوەی دەنگوباسە کاریگەرەکانی عەلی برات، تۆ نەتدیبوو ، چونکە تۆ هێشتا لە دایک نەببووی، ئەو عەلییەی وەک دایکم دەیگوت: پاش حەوت ساڵ ئینجا خوا خستیە ناو زگم، ئەو عەلییەی لە ئەنجامی خواردنی کەرتە سێوێک هاتە سەر دنیا و دێوەریەک لەودێوەرانەی هاتوچۆی گوندەکەمانی دەکرد ئامۆژگاری کردم، کە بیخۆم و لە باغی باغەوانێکی خواناس بۆم پەیدا بکەن و بیهێنن.

دایکم دەیگوت: حەوت ساڵ خوا منداڵێکی پێ نەداین، چ پیاوچاک و مەزارێ نەما بەردی مرازانی پێوە نەکەم، هەتا خۆم نیشانی دکتۆری شاریش دا ، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو ، خۆم دەخاڵەتی شێخ مووس کرد و لێی پاڕامەوە تا لە خوا بپاڕێتەوە





منداڵێکمان پێ ببەخشێ.

بەر لە خواردنی کەرتە سێوەکەش ژنە دراوسێکان ئامۆژگاری ئەویان کرد بووم کە بچمە سەرچیای سپی و لەوێ بەڕووتی خۆم بدەمە بەر بای نیوەشەوێکی ساماڵ، کاتێ ئەستێرە بەدەرەوە بن: ئەوە بوو ماوەی یەک هەفتە خۆم بەڕووتوقووتی دایە بەر بای نیوەشەو بەرانبەر کۆڵێک ئەستێرەی درەوشاوە وەستام.

ڕۆژێک من و باوکت بڕیارماندا سەری خۆمان بۆ چیای سپی هەڵگرین و لەوێ ئەوەی پێمان گوترا بوو بیکەین. بە دە ڕۆژ ئەوسا گەیشتینە ئەوێ و ڕۆژی یازدەمین، نیوەشەو چووینە ترۆپکی چیاکە و بەڵام تاگەیشتینە سەری، ئاوی پێمان چوو ،ماندوو شەکەت بووین: خەریک بوو ئێسترەکەمان بگلێ و هەپڕوون بەهەپڕوون بێ، لە قەدی چیاکە نزیک ترۆپکەکەش ڕەشماڵێکمان هەڵدا و ماوەی حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوە، باوکت لەوێ دەمایەوە و منیش بەتاقی تەنیا هەموو شەوێ لەسەر ئەو چیایە سپییە ڕووتە و سارد و ترسناکە خۆم ڕووت دەکردەوە و خۆم دەدایە بەر شنەبا ، دوای گەڕانەوەشمان، مانگێک، چاوەڕێ بووین هیچ نەبوو ، ئینجا دێوەرەکە هاتە گوند و میوانی دیوەخانەکەی باوکت بوو. نازانم چۆن زانیبووی و لە کوێ گوێی لێ بوو کە ئێمە ئەوا حەوت ساڵە دنیا نەماوە نەیکەین، کەچی خوا منداڵێکی پێ نەداوین. بۆ شەو ئامۆژگاری باوکتی کرد کە جۆرە سێوێک لە باغی باغەوانێکی خواپەرست لەپشت چیای سپی هەیە بیهێنین و هەریەکێکمان کەرتێکی لێ بخۆین، بۆیە بۆ بەیانی زوو باوکت چەند سوارێکی ڕاسپارد و پارەیەکی چاکی پێ دان تا بچن لای ئەو باغەوانە سێوەکە بێنن، بەڵێنیشی دانێ ئەگەر سێوەکە بێنن و شتەکە ڕاست دەربچێ ئەوا خەڵاتێکی گەورەیان دەکات. پاش دوو هەفتە سوارەکان گەڕانەوە و دوو دانە سێویان لەگەڵ خۆیان هێنا . سێوەکان لە سێوی ئاسایی نەدەچوون و ، نەختێ گەورەترو سوورتر بوون. وەک قەترە خوێن سوردەچوونەوە ، ئینجا باوکت دانەیەکی دووکەرت کردو یەکێ کەرتێکمان خوارد: پاشان مانگ نەسووڕایەوە عەلی کەوتە زگم، کە عەلی لەدایک بوو عەلی چ عەلی، دەتگوت مانگە و هەر لە یەکەمین چرکەی لە دایکبوونی لە تەنیشتمدا لەسەر سەبەتە هاتە خوارێ وکەوتە گروگاڵ و بەبەرچاوی من و ژنە دراوسێکانمان کەوتە قسەکردن، لەماوەی چەند مانگێ گەورە بوو وەک منداڵێکی نائاسایی تەمەنی منداڵی بڕی وهەر زووبە سەرپێ کەوت، زوو نەشونمای کرد قۆناغی منداڵی عەلی زۆر کەم بوو ، هەتا هەڵسوکەوت و قسەکردن و ئەدگاریشی لە هی منداڵی ئاسایی نەدەچوو ، بەڵکو هی نەوجەوانی بوو ، ئەوانەی لە تەمەنی ئەو بوون بە شتی منداڵانە خەریک بوون کەچی ئەو شەیدای ئەسپ و سوارچاکی و ڕاوکردن و ئاسک بەخێوکردن بوون، سبەینان زوو لەگەڵ گەردی بەیانی ئەسپی زین دەکرد و تفەنگ و تفاقی ڕاوکردنی لەخۆ دەدا و لەماڵ

دەچووە دەرێ، بۆ مێرگە کەی دەستەڕاستی گوندەکەمان، دواتر بۆ دارستانە چڕوپڕەکە دەچوو، لەوێ بەڕاوە کەروێشک و ئاسک و کەو و تا ئێوارە خۆی خەریک دەکرد و نەدەهاتەوە، کە دەشهاتەوە بەخۆی و کەروێشک و کەوەکانی سەری بەماڵێدا دەکردەوە. سبەینێش بەهەمان شێوە دووبارەی دەکردەوە، عەلی برات هەرزوو لای مەلای گوند فێرە خوێندەواری بوو بەماوەیەکی کەم نووسین و خوێندنەوە فێر بوو، ژمارە و پیت و وشەکانی وەک بولبول دەگوتەوە، ئەو کات لای مەلا دەهاتەوە بۆ شەو شتی سەیر و سەمەرەی بەگوێی من و باوکت دادەچرپاند و چیرۆکی سەیری بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام لەپڕ گۆڕا. دەتگوت شتێ لە غەیبەوە پێی دەڵێ. بوو بەمرۆڤێکی دیکە کپ و بێ دەنگیی باڵی بەسەر داکێشا و گۆشەگیری هەڵبژارد. وەک جاران چیرۆکی بۆمان نەدەگێڕایەوە و کەمتر قسەی دەکرد، کەمتر تێکەڵمان دەبوو و کەمتر دەچووە ڕاو و کەمتر دەهاتەوە ماڵەوە، ئەگەر بشهاتبایەوە درەنگتر دەهاتەوە، زۆرتر لە دەرەوە دەمایەوە. جاری وا هەبوو چەند ڕۆژێ لە دەرەوە دەمایەوە. نەم دەزانی لە مێرگەکە دەمێنێتەوە یا دەچێتە شوێنێکی دیکە، ئەگەر لە ماڵەوەش بوایە سبەینان زوو دەچووە ناو باخچەکەمان و لەژێر دارهەنجیرێ دادەنیشت، هەردوو قاچی دەنووشتاندەوە و چوارمەشقی پشتی بەدار هەنجیرەکە دەدا، بێ دەنگ دەیڕوانیە بۆشایییەکەی پێش خۆی و لە بۆشای ڕادەما: بێ هەستوخوست تا ئێوارەیەکی درەنگ بەم شێوەیە دەیڕوانی، پاشان شەوان بێ ئەوەی بماندوێنێ دەچووە ژوورێ و دەخەوت، بۆ ڕۆژی دواتریش بەهەمان شێوە دەچووە شوێنی خۆی و لەوێ نە ئاوڕی دەدایەوە، نە دەجوولا و نە دەخەوت، تەنیا دەستی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد و خەیاڵ دەیبردەوە و دەیڕوانی، عەلی بچووک بوو لە جەستەی ئادەمیزادێکی کامڵ و ئەقڵ گەورە، باوەڕ ناکەم مردبێ: دڵم خەبەرم پێ دەدا کە بەم زووانە دەگەڕێتەوە. گەڵای دار شنەبا، دەنگی بولبولەکان وام پێ دەڵێن عەلی بەسواری ئەسپەکەی، لەشەوێکی سارد و ئەنگوستە چاودا. شاخ بەشاخ، دۆڵ بەدۆڵ دەشتایی بەدەشتایی دێتەپێش خوڕەی ئاو و چەم و ڕووبارەکان وام پێ دەڵێن عەلی وابەڕێوەیە ئەوەتا دەنگی سمی ئەسپەکەی دێ... ئیسماعیل وای گوت: بەدەم گۆرانی گوتنەوە باوکت لە ئاسمان دادەبەزێ

شمشاڵەکەی بەدەستەوەیە و دەیژنێ
ئاوازێ لە کونی شمشاڵەکەیەوە بەرزدەبێتەوە
ئەو کاغەزەی لەشوێن سەری بەجێ مابوو وای تێدا نووسرابوو
شەو پێم دەڵێ:
پیاوێکی نوورانی ڕیش درێژ بەگوێمدا چرپاندی عەلی وا بەڕێوەیە
هەکا کۆڕەوی ئاسکەکانی بەدەرکەوتن،





لە خەوما کۆترێک هاتەلام و پێی گوت:
کەوێک لە خەوما لە ئاسمانی ژوورەکەمدا کردیە خڕەخڕ
لە شەقەی باڵی داو لە قەفەس هاتەدەرێ
باڵندەیەکی دەنووک سوور، باڵ ڕەنگاوڕەنگ
بەسەر سەریەوە دەفڕێ و دێتە پێشێ
شاتووێک،
چیای سپی،
ئەشکەوتی محیەدین خەنجەر وان لە پێشوازی عەلی
دەست لەسەرسنگ وەستاون، چاوەڕێن بگاتە جێ
ئاسکێ لە خەوما پێم دەڵێ:
عەلی دایکم بوو
ئەشکەوتێ پێم دەڵێ:
مەشخەڵی ئاگرێ وا بەڕێوەیە و
شنەبا بۆی بەچۆک داهاتووە
دارسێوێ هاوار دەکات و پێم دەڵێ:
وا باپیرە گەورەی باغەوانەکەمان هاتەوە.

## ٧

بەناو زەڵ و قامیشەڵانەکاندا هاتین، یەکمان بەسواری ئێستر و ئەوی دیکەمان بەپێ، بەناو هەوراز و نشێوەکاندا هەنگاوی کوێرانەمان ناو نەمانزانی بۆ کوێ دەچین، لە کوێ دەگیرسێینەوە، شەوان لە ئەشکەوت و بن تاشە بەرد و پنچکە گیا خۆمان حەشاردا و بەنۆبەت خەوتین، ئەگەرچی وشکە ساڵی بوو، بەڵام سەرمایەکی وشک بەناو لەشماندا دەگەڕا و لەوردە گەڵای وشک و پووش شتێکی تر نەبوو بیکەینە ڕایەخ و سەرین، شقارتەشمان پێ نەبوو تا لە دەرگای ئەشکەوتەکانەوە هەندێ لقی داروچیلکە کۆکەینەوە ئاگریان تێ بەردەین، خۆمانی پێ گەرم کەینەوە، پێ بەپێ سێبەری ترس و لوورەی گورگ بەدوامانەوە دەهاتن و جار ناجارێ هەنگاویان پێ سست و خاوەدەکردین، بەڵام نەیانتوانی لە ڕۆیشتن وچوونە پێشەوە پەشیمانمان کەنەوە، گوتمان تازە تەواو بۆ کوێ بگەڕێینەوە و ئەوەی ژیانی تێدا نەماوە، ئەوکاتەی ئێمە بەڕێکەوتین ئەوێ چۆڵ ببوو. پێش ئێمە خەڵک دەستە دەستە بۆ ناودار و دەوەن و دۆڵەکان بۆ ناو دارستان و سەرچیا عاسێیەکان، بۆ پەنابەرد و لووتکە شاخەکان ملیان پێوەنا و خۆیان لە برسیەتی و قاتوقڕی و شەڕ و ماڵوێرانی قورتارکرد، کە باوکت و عەلی بەم دەردەچوون و وایان بەسەرهات بەرچاوم تاریک داهات و ئەوێ لێم بووە دوژمنی باوە کوشتە، لە تەنیاییدا خەریک بوو دیق بکەم، کەسێکیش نەبوو بخاتە بن باڵی خۆی و بمپارێزێ، جگە لە زارای خوشکم کەسێ لە گوند نەمابوو، زارایش منداڵێکی بچووک بوو و دەبوایە لەگەڵ خۆم بیهێنم، من و ئەو دوایین کەس بووین بڕیاری ڕۆیشتنمان دا و گوندمان بەنادیار سپارد، پشتمان لە زەویو زار و باخچە و مریشک و مەڕ و ماڵاتەکەمان کرد، جا ئەوانەمان بۆچی بوو، بەکەڵکی چی دەهات، لە بارودۆخێکی وا پڕگومان و ترس و برسیەتی و گرانی موڵک بۆ مرۆڤ چ سوودێکی هەیە، هەتبێ یا نەتبێ وەکو یەکە.

بەناو تاریکی نیوە شەودا وەک دوو چۆلەکەی بەسەزمانی بێ لانەی باڵشکاو ڕۆیشتین و ڕۆژمان دایە بەر شەو، بێ پسانەوە بەبزنەڕێ و قەدی چیاکان هەڵگەڕاین، لەوێ بمایناینایەتەوە لە ترسان یا لە برسان دەمردین، یا لەشکرێ دەهات و ئینجا خوا دەیزانێ چیمان لێ دەکەن، ئێمەیش وەک عەلی و باوکت دەگیراین یا دەکوژراین، ڕەنگەشتی خراپیشیان لەگەڵمان بکردایە پاش هەفتەیەک گەیشتینە ئاوەدانییەک و بینیمان چەند ڕەشماڵێ هەڵدراون، ناچار بەرەو ڕشماڵەکان چووین، خوا و ڕاستان ئێمەیان حەواندەوە و ماوەیەک لەوێ لای ئەوان ماینەوە، ئینجا بەڕێ کەوتینەوە، پیرەمێردێکی کۆچەری بەگەڵمان کەوت و ئێمەی گەیاندە شار لە دەوروبەری شار کۆمەڵێ پۆلیسی ئەسپسوارمان لێ پەیدابوو و ئێمەیان گرت، ئەوکات تۆ هێشتا لەدایک نەببووی. بەڵام





لەسەر ئانوساتی خۆت بووی. ئەوەبوو ماوەی چەند مانگێ من و پوورتیان بەند کرد و، لە مانگی یەکەمی بەندکردنەکەماندا تۆ لە شەوێکی سارد لەدایکبووی و ئەوێ بووە مەنزڵگای لە دایکبوونت و بەدەنگە تیژە ناسکەکەت، بەزاق و زیق بەندیخانەکەت هەژاندەوە تۆ بوویە مەرهەمی برینەکانم، بوویە فەرامۆشی و تەنیاییمت ڕەواندەوە، وەک پەپوولەیەک لە پەنجەرەکانەوە خۆت بەقاوشی بەندینخانەکە دا کرد و لەسەر سنگ و پەڕۆکی ئافرەتە بەندکراوەکان و لە باوەشی سارد و سڕی مندا هەڵنیشتی، هاتی و موژدەی ڕۆژێکی نوێ و ژیانێکی نوێت بەگوێمدا چرپاند، بوویە هەتوانی برینە قووڵە سارێژ نەبووەکانم، کە ئەوکات زەحمەت بوو وا بەئاسانی سارێژبیت، کاتێ تۆش لە دایک بووی باوکت لەمێژ نەبوو دوا ماڵئاوایی لێ کردبووم و منی بەژوور و حەوشێکی چۆڵ و تەنیا سپاردبوو، ئەو و عەلی برات بوون بەدوو ئاسکی بەستەزمان، یەکێ سەری نایەوە و ئەوی دیش بۆ دوور ڕۆیی، بەڵام کە تۆ هاتیە سەر دنیا بۆم بووی بەچرای ژوورەتاریکەکانی ڕۆح و ژیانمت کردە چراخان، وەک مۆمێکی هەمیشە داگیرسای و لە هەنگاونان وەهاتوچۆمدا بەرپێمت ڕووناک کردەوە، بووی بەچاو ساغی ژیانی ئەوسا و ئێستا و داهاتووم، کە تۆ هاتی بەرەبەرە یادگارییە تاڵەکانی ئەوسام لەبیرچوونەوە...

بەڵام کە ئازادیان کردین، ئافرەتێکی ناسیاو کە لە بەندیخانە ناسیبووم و پێش ئێمە لە بەندیخانە دەرچوو و بە بەسەرهاتی من و زارای خوشکمی دەزانی، لای خۆی گلی داینەوە، پاشان کەلاوەیەکی بۆ پەیداکردین، ئینجا بەهۆی نانکردن وخزمەتکردنی ماڵان توانیم لەسەرپێ بوەستم و بژێوی خۆم و زارا و تۆ پەیدا بکەم، هەتا جلشۆری و خزمەتکاریشم کرد، زارای خوشکیشم وەک من هەرچی هەبووایە دەیکرد و بەرە بەرە گەورە بوو، تا ئەوکاتەی خزمێکی ئافرەتە ناسیاوەکەمان هاتە خوازبێنی و لە نزیک کەلاوەکەی ئێمە خانووێکی بچکۆڵەی بەکرێ گرت، ساڵ هاتن و ساڵ ڕۆیشتن، تۆ ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتربووی و هەڵت دا. زاراش کچێکی بوو و بەرە بەرە ڕەوتی ژیانمان گۆڕا. پاشان تۆم خستە بەرخوێندن و لە قوتابخانەیەکی ناوشار بووی بەمەکتەبلی، پۆل پۆل چوویە پێش، هەرکە پۆلێکت دەبڕی و پەیژەیەک سەر دەکەوتی من گەز گەز باڵام دەگرت، گەز گەز باڵام بەرز دەبۆوە کچەکەی زاراش بەهەمان شێوە چووە بەر خوێندن، تا دوا ساڵ پلەیەکی باشت هێنا و بۆ خوێندن چوویە پایتەخت و زانکۆت تەواو کرد، ئینجا کە گەڕایەوە و بووی بەفەرمانبەر، کچەکەی زارام بۆ هێنای و هێندەی دیکە ژیانمان خۆش بوو، بەڵام هیچ کاتێ ئامادە نەبووم بەسەرهاتی مردنی باوکت و عەلی برات بۆ باس بکەم، نەم دەتوانی شتێ بدرکێنم، چونکە شتێ لە ناوەوە ڕێی پێ دەگرتم، ئەگەرچی لە ناخەوە دەکوڵام و شەوانە وەک تەنێکی زۆرگران دەهاتە سەرسنگم، ئەو نهێنییەی دەمێک بوو دەبوایە ئاشکرای بکەم، خۆشم پێم سەیرە چۆن توانیومە ئەو

هەموو ساڵە دوورودرێژە نهێنییەکە لە دەفەی سینگم تەقەت بکەم، ڕەنگە دەزگاکانی هەواڵگریش هەر هێندەی من بتوانن پارێزگاری نهێنییەکانی خۆیان بەتاڵ بکەن. چونکە ئەوان ماوە ماوە خۆیان بەتاڵ دەکەن و هەواڵەکانی خۆیان بەدنیادا بڵاودەکەنەوە. کێ هەیە وەک من ماوەی چل ساڵ بەدەم ئازارەوە بناڵێنێ و هەوڵی خۆ بەتاڵکردن و سارێژکردنی برینەکانی نەدات. ئێستا هەر یەکێ بزانێ واقی وڕدەمێنێ و پێی سەیر دەبێ کە چۆن ئەو ماوە دوورودرێژە توانیومە خۆم بەپێوە ڕابگرم و بژیم، ئەمە چارەنووسێک بوو و پێ بەپێ، ساڵ بەساڵ، قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵ خۆمدا هێنام و گەیاندمە ئەمڕۆ، لە دەفەی سنگمدا هەڵمگرت و هاتمە پێشەوە، گوێم نەدایە دەنگی ناڵە ناڵی ناخم، ژاوە ژاوی مێشک و دڵ و دەروونی خۆمم پشتگوێ خست و پشتم لە ناسۆری برینەکانم کرد، ئەو ناسۆرانەی بۆ خەڵک کە رشکێن، کەچی زەفەریان بەمن نەبرد، هەر یەکێکی دی لەشوێنی من بوایە وەک قامیش لەژێریدا دەچەمایەوە، بێ گومان کارەساتی وا دەیانی وەک منی وردوخاش کردووە و چەشنی گەڵای هەڵوەری و ڕاماڵیون. ڕەشەباو گەردەلوول لوولیانی داوە و دوور دوور فڕێی داون کەسێک وەک من دۆزەخێکی وای بینی بێ خۆی لەبەر زەبروزەنگی ڕۆژگار ناگرێ. نەیچەماندمەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئیسرِاحەت بکەم. چونکە دەزانم هێندەم نەماوە دوا ماڵئاوایی لەم ژیانە و لە تۆ بکەم. هاکا عیزرائیل هات و گەیشتە سەر ڕۆحم، کەواتە واچاکترە نهێنییەکان بدرکێنم و خۆم لە ئێش و ئازار بەتاڵ کەم. جا تۆش کەیفی خۆتە، بەدوای نهێنییەکاندا دەچی ناچی ئەوە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە، داوات لێ ناکەم تەلیسمی شمشاڵ و ئەو کاغەزە شی بکەیەوە، چونکە ڕەنگە سەر ئێشەی زۆرت بۆ پەیدا بکەن، نهێنی لێدانی شمشاڵەکە چییە، ئەو ئاوازە خەمبارەی لە کونەکانیەوە دەردەچوو مردووی دێنایە زمان و بەهەموو کون و کەلەبەرێکی حەوش و ماڵ و ژوورەکانماندا باوەدەبووەوە، نەمدەزانی بۆ هێندە کاریگەرە، بەڵام ئەوەی لام ڕوون نییە ئەوەیە کە ئەوانەی کاغەزەکەیان نایە گۆڕەکەی باوکت کێ بوون و بۆ باوکتیان کوشت، لەبەرچیش. تەرمەکەیان ڕفاند و کێ باوکتی کوشت. هەر کە شمشاڵ وکاغەزەکە و سبیلەکەم لە دایکم وەرگرت و چوومە ژوورە بچکۆلانەکەی خۆم، کەوتمە هەوڵی شییکردنەوەی ئەو وشە و پیتانەی لەژێر هێڵ و وێنە سەیر و سەمەرە و چوارگۆشە و لاکێشەکانی سەرکاغەزەکە، ماوەیەکی زۆر خۆم پێیانەوە خەریک کرد، ماندوو شەکەت بووم، بەڵام هیچم بۆ نەکرا، بۆیە شەو هەر زوو خەوم لێ کەوت. ئەگەر زوو نەخەوتبام ڕەنگ بوو لە داخی نەزانین و تێنەگەیشتنی مانای وشەکان دیق بکەم.



## ٨

بۆ سبەینێ هەمدیسان دەستم بەکارکردەوە و هەوڵم دا بزانم مانایان چییە و چی دەگەیێن، یەک دوو چاویلکەم کڕی و فڕێمدان، شەش حەوت زەڕەبینی گەورەو بچووکم بەکارهێنا. هەموو ئەو پارەیەی بۆ ڕۆژی ڕەش پاشەکەوتم کردبوو بەزەڕەبینم داو هەرچی کتێبی کۆن لە بارەی ژیانی میللەتان هەبوو و باسیان لەزمانی کۆن دەکرد و مانای وشەیان لێک دەدایەوە کڕیمن، لە ژوورێدا گۆشە گیربووم و لە دائیرە و هاوڕێ و برادەرەکانم دابڕام، ئەوەی پەیدام کردن هێنامنە ژوورەوە و خوێندمنەوە، بەدەیان شەو بەدیار لاپەڕە زەردەکانەوە خەوم لێ کەوت. چوار دەوری خۆم کردە هەڕاجیخانەی کتێبی کۆن و زەڕەبین و چاویلکەی شکاو. دەبووایە بەسەر کتێب و شووشەی شکاودا باز بدەم. هەر لەناو ئەوانیش نانم دەخوارد و دەخەوتم. جاری واهەبوو شەوو ڕۆژێک لە ژوورەکە نەدەچوومە دەرێ و قسەم لەگەڵ دڵپاک و بێگەرد نەدەکردو نەمدەبینین، ئاگام لێیان بڕابوو نەم دەزانی چۆن دەژین و چی دەکەن، دایکیشم لە ژوورەکەی دی لەسەر جێگا ڕاکشابوو و چاوی لە دەرگا دەتروکاند، چاوەڕێ بوو بەرلەمردنی عەلی برام خۆی بەژوورێدا بکات و پێی شادبێتەوە، ئەگەر چی ئەمە مەحاڵ بوو، بەڵام کێ دەڵێ وا نییە و عەلی برام بەرێگاوە نییە و ناگەڕێتەوە باوەشی دایکم، چونکە مرۆڤ پیربێ یا گەنج بێ، هەمیشە چاوی لە باوەشی دایکیەتی، دایکیش هەمیشە چاوی لە ڕێیە منداڵە بزربووەکەی سەروسۆراخێکی هەبێ، بێگەرد و دڵپاک نەبوونایە من هیچم بۆ چاودێریکردنی دایکم پێ نەدەکرا، ئەو دایکەی تەمەنی تێپەڕی کردووە و ڕووداو و کارەساتەکانی چل ساڵ بەر لە ئەمڕۆی بۆ دەگێڕامەوە و نهێنی بزربوونی عەلی برام و ڕفاندنی تەرمی باوکم و شمشاڵ و کاغەزێکی بۆ دەدرکاندم کە تائێستا بۆ کەس نەدرکاندبوو، کەس نەی دەزانی، ئیسماعیل و نەسرینی براژنم، سەرهەڵگرتنی خۆی و پوورم، بزربوونی عەلی و ڕفاندنی تەرمی باوکم، شمشاڵ و کاغەز و ئاسکە بچکۆلەکە، هەر یەکێ هەواڵێکی سەربەخۆ بوون و پێویستیان لەسەر وەستان هەبوو.

کە بێزاردەبووم شمشاڵەکەم دەگرتە دەست و خۆم بەشمشاڵەکەوە خەریک دەکرد، نەم دەزانی شمشاڵ بژەنم. بۆیە تەنیا دەمخستە دەمم و فووم تێ دەکرد، نەزانانە دەستم بەقەد و کونەکانی دەگێڕا و کۆمەڵێ دەنگی نەشاز لە ژوورەکە دەنگیان دەدایەوە، کە ماندوو دەبووم دام دەنایەوە شوێنی خۆی و ئەوسا سبیلەکەم دەگرتە دەست، دەمنایە دەمم و بێ ئەوەی تووتنی تێدابێ، هەڵم دەمژی، دەمکێشا، خۆشم نەم دەزانی چی دەکەم. ئێ ئەگەر تووتنی تێدا نەبێ چۆن دوکەڵ دەکات. لە دووبارەکردنەوەی ئەم کارەساتدا دەمویست بێزاری دەرببڕم، ئەم تەلیسمە چی بوو باوکم بۆی بەجێهێشتم،

باوکی خەڵکی مڵک و ماڵ و سامان بۆ منداڵەکانی بەجێدێڵێ، کەچی باوکی من کاغەزێک و شمشاڵێکی بۆ جێهێشتم، کاغەزەکەش پڕیەتی لە ئەلفازی سەیر سەیر و دەبوایە بەدوای کردنەوەیان وێڵ و سەرگەردان بم، کۆمەڵێ وشەو پیت و هێڵ و چوارگۆشە و لاکێشە شی بکەمەوە، کە باوەڕ ناکەم لەم دنیایە نەک کەسی ئاسایی، بەڵکو دامودەزگاش بتوانێ لێکیان بداتەوە و تێیان بگات، ئەو پیت و وشانەی لە فەرهەنگی هیچ زمانێکدا نین، هەتا لە سەرچاوە کۆنەکانیش بۆم نەدۆزرانەوە، شیکردنەوەی وێنەکانم بۆ دواتر هەڵگرت کە لە سەرووی نووسینەکان وێنە کێشرابوون، ئەوانیش لوغزێ بوون بۆ خۆیان و پێویستیان بەڕامان و بیرکردنەوە و ماندووبوون هەبوو، ئەو وێنانەی لە نەخشەی شارێک دەچوون، بەڵام کەس نازانێ ئەم شارە لە کام وڵاتە و کەوتۆتە کوێ، لە ئاسمانە یا لەسەر زەوی... هەموویان پێویستیان بەدوادا گەڕان هەبوو و دەبووایە خۆم بۆ گەشتێکی دوورودرێژ ئامادە بکەم، دەبووایە بچمە وڵاتان و لەو شوێنانە بگەڕێم کە ڕووداوەکانی تێدا ڕووی داوە. ئەو گوندە بدۆزمەوە کە زێدی باووباپیرانم بووە و دایکم چل ساڵ بەر لە ئەمڕۆ خۆی و پوورم جێیان هێشتووە و موڵک و ماڵ و زەویوزار و کێڵگە و مەزرامان لەوێ هەبوو، ئەو گوندەی نازانم ئێستا ماوە یا خاپوور کراوە و بۆتە وێرانە خاک، ئەو گوندەی وشکە ساڵی و قاتوقڕی و گرانی وەک بەرداش پیر و نەوجەوانانی ئەوێی وردوخاش کرد، شەڕی تێدا قەوما و منداڵ و ئافرەتی لە مێرد و باوک و برا کرد، هەزارانی وەک عەلی برامی کردە سووتەمەنی شەڕێکی نەگریس، ئەو شەڕەی تازە مەرگەساتەکەی دەردەکەوێ و تازە نهێنییەکانی ئاشکرا دەبن، بەر لە ئەمڕۆ کێ دەیزانی لە ساڵانی چواردە و دواتر چی لە گوندێکی دوورە شاری چیانشین قەوماوە، کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو ماڵوێرانییە تووشی خەڵکێکی ماندوونەناس بووە و ئافرەت و منداڵ لە برسان مشک و پشیلە و تەرمی مردووی خۆیانیان خواردووە، دەمە داسی نەخۆشی و برسیەتی جەرگی سەدان کەسی بڕیوە وخوێنی گەشیانی ڕژاندۆتە سەر خاکێکی وشکی زەرد هەڵاتوو، سروشتیش کەمی پێ نەکردوون، پێکەوە لەگەڵ شەڕ بەربوونەتە گیانی دار و بەردی ئەوێ و هەرچی پێیان کراوە درێخیان نەکردووە، شوێنێ ئەو هەموو ماڵوێرانییە بەخۆوە ببینێ، ئێستاکە چی لێ ماوەتەوە. بەڵام بەرلەوەی بڕۆم و بەدوای لێدانەوەی نهێنییەکان بگەڕێم، دەبوایە بچم دوا ماڵئاوایی لەدایکم بکەم و ئیزنی لێ بخوازم، پاشان دوو ماچ لە ڕوومەتی هەردوو منداڵە بێ نازەکانم بکەم کە دایکیان نەماوە و دەخاڵەتی دایکمیان بکەم، بۆ ئەوەی ئاگای لێیان بێ: دنیا مەرگ ومردنە وکێ دەڵێ دەگەڕێمەوە، یا جارێکی دی چاوم پێیان دەکەوێتە؟ دایکیشم لە سەرەمەرگ دایە و هاکا عیزرائیل بووە میوانی و ڕۆحی کێشا... لە هەمووان گرینگتر دۆزینەوەی گۆڕی





عەلی برام بوو کە نازی هاوسەرم بەر لە مردنی بۆی ئاشکرا کردم، ئەو گۆڕەی تەنیا بەرد و خۆڵی تێدایە و بەس، عەلی برام نەمردبوو تا تەرمی هەبێ و دایکم لە گۆڕ بیشارێتەوە، دایکم خۆی مەسەلەی گۆڕەکەی بۆ نەدرکاندبووم و شتێکی لەبارەوە بۆ باس نەکردبووم، بەڵام بەرلەوەی پوورم گیانی بسپێرێ شتێکی وای بەگوێی نازی کچی چرپاند بوو، گوایە لە گۆرستانی ئیمام محەمەد دایکم گۆڕێکی بۆ عەلی برام لێداوە و هەموو پێنجشەموان بەپشتی چەماوە و پریاسکەیەکی نەختێ گەورە سەردانی دەکات.

ئەویش وەک نهێنی شمشاڵ و کاغەز و ڕفاندنی تەرمی باوکم لوغزێک بوو بۆ خۆی.

ئێ چۆن گۆڕی بۆ عەلی برام هەڵچنیوە و چی لەناو داناوە، کە مرۆڤێک تەرمی نەبێ و نەزاندرێ مردووە یا ماوە چۆن دەخرێتە گۆڕ، باشە ئەو گۆڕە چی تێ دەخرێ، خاکوخۆڵ یا... ناز دەیگوت دایکم بۆی گێڕاومەتەوە کە دایکت ئەو ڕۆژانەی دەچووە سەردانی گۆڕەکە تا ئێوارەیەکی درەنگ نەدەگەڕایەوە. بەجوانترین شێوە گۆڕەکەی ڕازاندۆتەوە، دەوروبەری هەموو کردۆتە گوڵ و چیمەن و پاکی کردۆتەوە، دڕک و گیای بەردەی لێ بژارکردووە، دوو کێلی سپی گرانبەهای بۆ داناوە و لەسەر هەریەکێ ساڵی لەدایکبوون و وساڵی کۆچکردنی بەخەتێکی خۆش و بەڕەنگێکی خوێناوی نووسیوە... کە چوومە گۆڕستانەکە خەریک بوو لەناو ئەو هەموو دیوار و چێورمەیە، لەناو ئەو هەموو گۆڕ و کێلە جوان جوانانە، لەناو ئەو هەموو قەفەزە ڕێکانە بزربم، دارودرەخت بەڕیز لەم بەرو لەوبەری ڕێڕەوەکان چێنرا بوون و سەرەتای دەرگاکەم نەدۆزیەوە، هەموو سووچ و پەنا و گۆشەیەکی گۆڕستانەکە گەڕام، لەوسەر تا ئەوسەر لەبەشە جیا جیاکان پێداهاتم، یەک یەک کێلە قەبرەکانم خوێندەوە و گۆڕەکانم پشکنی. گۆڕستانەکە ئەوەندە گەورە بوو لە شارێکی ڕازاوەی پڕ دارودرەخت و گیاوگوڵی دەکرد، سێبەر لە هەموو سووچێک باڵی بەسەر ڕێڕەوە تەسکەکان و گۆڕەکان کێشابوو، هەوایەکی فێنک بەر گیانم دەکەوت و بۆن بخور و گوڵ و گوڵزار و گیا بەکونەلووتمدا تا ناو مۆخم دەچوو، بەڵام تا لە سووچێکی پشتەوەی گۆڕستانەکە گۆڕەکەی عەلی برامم دۆزییەوە ماندوو شەکەت بووم.

ئەو گۆڕەی بەناو هی عەلی برام بوو وەک ناز بۆی باس کردبووم وابوو، بەڵام خاکوخۆڵی دەوروبەری کۆن ببوو و گیا و دڕک و داڵ و لەناو خۆیاندا شاردبوویانەوە، لە نەخشەیەکی سەر پەڕەکاغەزێکی دڕاوی نیمچە زەردی خەت خەتی وەکو کە بەئاستەم نیشانە و دوورییەکانی لەسەر مابێ،گۆڕەکە گۆڕێکی ڕووبەر فراوان بوو، کەوتبووە ناو کۆمەڵێ گۆڕی نارێکی بچووک و سنگی خۆی دابووە بەر هەتاو و پرچی وشک دەکردەوە، لە دوورەوە دەوروبەری سەوز دەچۆوە وگیان بستێ بۆ سەروو هەڵکشابوو، ڕووی پێشەوەشی لەناو گوڵ و پەلکی داردا دیار نەمابوو و گیا بۆ سەر دیواری نزیک کێلەکەی سەررێگای شۆڕبووەوە، ئینجا لەودیوی تاسەرسنگی کێشابوو، گۆڕەکە

گۆڕێکی ئاسایی نەبوو، وەک چۆن گۆڕەکانی دیکەش ئاسایی نەبوون، هەندێکیان بچووک و لە شێوەی قوتوویێکی لاکێشەیی بچکۆلە دروست کرابوون ئەوانەی گەورە بوون لە گۆڕی مرۆڤی ئاسایی گەورەترینیان نرابوون، ئەوپەردانەی لە دروستکردنیان بەکارهێنرابوو. بەردی سەیر سەیربوون و ڕەنگێکی ڕەشی نیمچە سووریان هەبوو، هەتا نووسینی سەرکێلەکان لە نووسینی سەیر و ئەلفاز و شتی ئەنتیکە دەچوون، بەمانایەکی دیکە نووسین نەبوو، بەڵکو وەک کۆمەڵێ وێنەی خوار و خێچ و ناڕێک دەهاتنە بەرچاوم، لە ئەلفاز و وێنەکانی سەر کاغەزە بەجێ ماوەکەی ناوگۆڕی باوکم دەچوون، بەبۆیەی قاوەیی و سوورێکی تۆخ بۆیە کرابوون. هەر گۆڕێکیش بۆشاییەکی بەرفراوانی لە چوار دەوری خۆیدا گرتبوو و بەپەیژەیەکی نیمچە باریک بۆ سەرووتر هەڵدەکشا، دەتگوت پەیژەی شانۆن و بینەران لەوێوە سەیری شانۆ و لەوێوە سەیری نمایشەکان دەکەن. ئەوسا ڕێڕەوێکی باریک بۆ خوارەوە و بۆ ناو چیمەن و دار و درەختەکانی لای سەروو هەڵدەکشا، کە گەیشتمە سەر گۆڕەکەی عەلی برام و ڕوانیمە نووسینی سەرکێلەکان. بەچاکی نەمتوانی بیانخوێنمەوە، چونکە بەهۆی باران و تۆز و خۆڵ ڕەش ببوونەوە، ئەوەی ماشبوو هەندێ وشە بوون و لەناوەڕاستدا کەرت کەرت ببوون، لە ژمارەی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی تەنیا ژمارەیەک لە دەستە ڕاست و ژمارەی دوازدە لە دەستە چەپەوە دەبینران، وەک هێڵەکانی سەر کاغەزەکەی باوکم بەزەحمەت دەخوێنرانەوە و بەزەحمەت مانایان بەدەستەوە دەدا، دەبوایە وەک کاغەزەکەی باوکم بۆ شیکردنەوە ڕەوانەی شاری تر و پایتەختانیان بکەم تا بۆمی لێک بدەنەوە و ماناکانیان هەڵبێنن، ئەگەر لە پایتەختی وڵاتەکەی خۆمان سەرەداوێکم دەست نەکەوت ئەوا ڕەوانەی پایتەختەکانی فەرەنسا و ئەمەریکا و ئینگلتەرایان بکەم، تا لەوێ ئەرکۆلۆژیست وتوژەری زمانە کۆنەکان، ئەو زمانانەی ماون یا نەماون لێیان بکۆڵنەوە و ڕەمزودەلالەت و ئاماژەکانی شی بکەنەوە، وەرە لەم وڵاتە گەورەیە کە دەیان ئامۆژگا و کتێبخانەی دەستنووسی کۆن و بەڵگەنامەی مێژوویی کۆنی لێ بێ، کەچی نووسینێکی کۆن وکاغەزێکی زەرد هەڵگەڕاو نەخوێندرێتەوە، تۆ بڵێیی ڕەگەزێکی مرۆڤایەتی لەم جیهانە نەژیابێ کە تاکەکانی بەم زمانە قسەیان کردبێ و خوێندبیان و نووسینیان پێ کردبێ، ئەمە شتێکە ناچێتە عەقڵ و، مەنتیق قبووڵی ناکات، کە وردبوومەوە و و ڕامام و بیرم کردەوە، زانیم زەحمەتە بتوانم نووسینەکان بخوێنمەوە، بۆیە بۆم دەرکەوت کە کارەکەم هێندەی دی زەحمەت دەبێ و هەر بەجارێ نا ئومێدی باڵم بەسەر دادەکێشێ، ئەم ئەرکەشم هاتە سەرشان و قورستر بووم، بۆ چارەکردنی ئەم گرێ کوێرەیە نەم دەزانی چی بکەم و هانا بۆ کێ ببەم، تۆ بڵێیی زانایەکی زمانزان لە گۆشەیەکی لاپەڕی گوندێکی بچووکی ئەم دنیایە نەبێ





ئەم لوغزەی بۆتە لوغزی لوغزان، شی بکاتەوە، ئەو دیوارە قوڕسەی سەرناخم لاببات کە خەریکە دام دەتەپێنێ، وردوخاشم دەکات،... لە سەرووی گۆڕەکەی عەلی برام ڕێڕەوێکی باریک بەرەو کۆڵانێکی بن بەست دەچوو، کۆڵانەکە کۆڵانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ڕیزە دیوارێک بو و لەم دیوو لەودیوی ڕێڕەوەکە و بەخانوویەکی بچکۆلەی نزیک دوا گۆڕ دەگەیشت، ئەوەی بەوێدا بڕۆیشتبایە تا ئەژنۆ دەکەوتە ناو گیا، دار چنارێکی بالابەرزیش گەڵاکانی بەسەر سەربانی خانووەکەدا شۆڕ کردبۆوە، پێدەچوو خانووەکە خانووی گەچفرۆش و کەرپووچفرۆشەکانی ناو گۆڕستانەکە بێ، وە ناماقووڵ نییە لە بنەبانی گۆڕستانێکی لاتەریکی خەڵک خانوو دروست بکات و تێیدا بژی، جا کێ هەیە بوێرێ شەوان لەناو گۆڕستان بخەوێ و نان بخوات، بەدەیان جار گوێم لە خەڵک بووە دەڵێن فلانە کەس لەبەر ئەوەی شەوان بەناو گۆڕستاندا تێپەڕیوە شێت بووە... لە ڕۆژهەڵاتی گۆڕەکەش گۆڕێکی بەقەفەس دەوردراو سەرنجی ڕاکێشام: قەفەسەکە لە ئاسنێکی سپی وەک ئەلەمنیۆم دروست کرابوو و گۆڕەکەش لە ژوورەوە بەمەڕمەڕ هەڵچنرابوو، چەشنی مەزاری پیاو چاکێ لە دوورەوە خەڵکی بۆ خۆی ڕادەکێشا و دیوارەکانی بەجۆرەها ڕەسم و تابلۆ ڕازێنرا بۆوە. وەک وێنەی ئەسپێک کە دوو قاچی پێشەوەی بەرز کردبووەوە و لە هەڵوێستی بازدان و حیلاندن و سمکۆڵدان وەستابوو، دواتر سوارێ قاچی بۆ سەرزینی ئەسپەکە بەرزکردبۆوە و شمشێرێکی تیژی بۆ ئاسمان بەرز ڕاگرتبوو. وە بۆ ئەوەی چاکتر تەماشای وێنەکان بکەم و بزانم ئەم سوارە کێیە، لە دەرگای قەفەسەکە چوومە پێش و چاکتر چاوم بڕیە ئەسپ و سوار و شمشێرەکەی دەستی، جوانتر لێیان وردبوومەوە. بەمەزندەی خۆم وام لێک دایەوە کە هەبێ و نەبێ ئەم گۆڕە گۆڕی هونەرمەندێکی نیگارکێشە و بۆ گوزارشتکردن لە کاروانی هونەری ئەو هونەرمەندە هونەرمەندێکی دی ئەم وێنانەی لەسەر مەڕمەڕی گۆڕەکەی هەڵکۆڵیوە، لەسەر سنگی گۆڕەکەش چەپکە گوڵ ونیگاری هەمەجۆر هەبوو، وە کە بۆ ئەودیو سووڕامەوە بەهەمان شێوە وێنەیەکی دیکەم لەسەر دیوارکە بینی. بەڵام کە جوان سەیرم کرد، بەتەواوی بۆم دەرکەوت و زانیم بەهەڵەدا نەچووم، تابلۆکەی پشتەوە پتر سەرنجی ڕاکێشام، چونکە قەڵەباڵغتر بوو و ڕەنگی ڕەش گوزارشتی لە خەم و ئازاری کەسەکان دەکرد. بەڵام فەزای ناوەوەی هێندە نەبوو و کۆمەڵێک ئافرەت و منداڵ و پیری نیشان دەدا کە سەریان بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە و سەیری هەتاویان دەکرد. ڕیزێک منداڵی ساواش لەژێر تاجی کۆمەڵەی یەکەم بەسەر دەمدا کەوتبوون و جەستەی بەخۆین و جلوبەرگی دڕاوەوە دەیانڕوانی، خوێنەکانی ژێر ڕوومەتیشیان لە دڵۆپە خوێنی گەرم دەچوون کە لە برینی سەر جەستەی منداڵەکان چۆڕابێتەوە، منداڵەکان وەک ئەوەی بڕوانن، ئەوەی سەیری دەکردن دەیانڕوانییە چاوی و نیگایان لەگەڵ دەگۆڕیەوە، دەتگوت

زیندوون و لە واقیعدا دەژین و بەرانبەرم بەدەمدا کەوتوون، چاویان دەبزوا و لێویان لێک دەدا، فرمێسکیان دەڕشت، هاواریان دەکرد، دەیانقیژاند، هەستم دەکرد بەم هاوارە دەیانەوێ مەرگەساتێ بگێڕنەوە و تێم بگەیەن ئەوان کێن و چییان دەوێ، لەبەر چاومدا لەناو تابلۆکە گرۆگاڵیان دەکرد و دەست و پەنجەیان دەجوولاندەوە، قژی نەرمیان لەبەر شنەبایەکی فێنک دەشنایەوە، لە سەرووی ڕیزی یەکەمیشدا نەوجەوانێ کە تەنیا سەری دیاربوو لەسەر شانی ئەوانی دی ئاڵایەکی ڕەنگاوڕەنگی بەرز کردبۆوە، ئاڵاکە ڕەش وسوور و زەرد و سپی و سەوز لەبەردەمم دەهات و دەچوو، پاشان ئاڵاکە بۆ سەر جەستەی منداڵێکی سپیپۆش و ڕوومەت سووروسپی دەچوو، لەپی دەستی یەکێک لە منداڵەکانیش سەربوردەی ژیانی هەموو ئەوانەی لە ناو تابلۆکەدا بوون دەگێڕایەوە و وەک شریتی فیلمێک مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوون و گەورەیی ئەوانی نیشان دەدا. ئەوان لە ئاسمانێکی نەختێ تەماوی پڕ هەور لەناو کۆمەڵێ ئەستێرەدا ڕاکشابوون و دەیانڕوانییە خۆر، سەرووتریش لەسەر سنگی ئافرەتێ دروشمێ نووسرابوو، دروشمێکی دیار و گەورە لەگەڵ وێنەی بازێک وەک شووشەیەکی شکاو لەبەر پێی ئافرەتەکە دەبریسکایەوە و ڕووناکی و باقوبریقی بەڕوخساری ئافرەتەکە دەبەخشی، خوار و دارەبازێکی داپۆشراو بەئاڵایەکی تەنک لەسەر دەستی دوو نەوجەوان ڕاگیرابوو، تابلۆکە مێژووی ژیان و چیرۆکی کۆمەڵێ مرۆڤ و منداڵی برینداری نیشان دام. وای لێ کردم لە ناخەوە بۆ پاکی و بێ گەردی و مەرگەساتی ئەو منداڵە چاوگەشانە بهەژێم و بیر لە کارەساتێ بکەمەوە کە پێشتر نەم دەزانی و بیرم لێی نەکردبۆوە شتی وا ڕووی دابێ، لە وێنە و تابلۆی وادا گرینگ هێڵ و دابەشکردنی کوتلە و هارمۆنییەتی ڕەنگ و ڕوخساری کەسەکانە کە سەرجەم گوزارشتەکان لەخۆ بگرێ، منێک کە چاک شارەزای شێوەکاری نەبووم و نەم دەزانی ڕەنگ چۆن بەکاردێ، بەڵام دابەشکردن و تەعبیرکردنەکانی دەموچاوی کەسەکان بەس بوون تا تێبگەم و بزانم ئەم هونەرمەندە چی دەڵێ، کاتێ گەڕامەوە لای گۆڕەکەی عەلی برام خەریک بوو ڕۆژئاوا دەبوو و منیش لە دەم کەلی دیوار و گۆڕەکانەوە، لە دەم کەلی بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی خۆمدا ئاوا و بزر دەبووم و لە نەگەیشتن بەمانای کاغەز و شمشاڵەکەی باوکم و نووسینی سەرکێلەکانی گۆڕی عەلی ڕەشبینتر دەبووم، بەڵام کە گەیشتمەماڵەوە و چاوم بەڕوخساری دایکم کەوت دەموچاوی گەشی بێگەرد و دڵپاکم بینی، بۆم دەرکەوت و دڵنیابووم لەوەی نابێ ئەوانیش من ئاسا بێ داهاتووبن و هیچ شتێ لە تۆمار و لیستی باو باپیرانی خۆیان نەزانن، نابێ لەوە بێ ئاگابن باپیرەیان بۆ کوژراوە و کێ کوشتوویەتی، ناشبێ ئەوە نەزانن بەبنەچە خەڵکی کوێن و بۆ لە زێدی باووباپیرانیان ناژین.



٩

خۆم کۆکردەوە و یەکی مانگ بڕیارم دا بڕۆم، بەیانی زووی ئەو ڕۆژە چوومەلای دایکم و دەستیم ماچ کرد، پاشان بێگەرد و دڵپاکم کردە باوەش و تێر تێر ماچم کردن، پەیمانم دا کە لە مانگێ پتر نەمێنمەوە و بەزووترین کات کارەکەم ئەنجام بدەم، چونکە لە فەرمانگەکەمان لە مانگێ پتر مۆڵەتیان پێ نەدەدام و دەبووایە یەکی مانگی داهاتوو دەست بەکاربمەوە، ئەوەی بۆ سەفەریش پێویست بوو ئامادەم کرد و جانتایەکی پڕجلوبەرگم کردە شان و بڕیارم دا بەشەمەندەفەر سەفەرەکەم بکەم و بکەومەڕێ. چارەکێ پێش ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە گەیشتمە وێستگەکەو یەکسەر سواری فارگۆنێ بووم و بەدەم بیرکردنەوە و گومان و ئازار چەشتنەوە شەو و ڕۆژێک بێ ئەوەی لوقمە نانێ بخۆم پاڵکەوتم، بەیانی ڕۆژی پاشتر گەیشتینە وێستگەیەکی ئیسراحەتکردن، ماوەی نیو سەعات مۆڵەت بوو دابەزین و پێویستییەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین. کە سواری شەمەندەفەر بووینەوە و بەڕێکەوتین گەنجێکی سوورو سپی پرچ ئاڵۆز لە کورسییەکەی تەنیشتمدا دانیشت و، کەوتە تۆخم خواردن، بێ ئەوەی بیدوێنم یا بەخێرهاتنی بکەم بۆ خۆم لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکردو دەمڕوانییە ئەو دەشتایی و دۆڵ و چیایانەی دەوروبەری هێڵی ئاسنی شەمەندەفەرەکە، کە تیژ لەبەر چاوم تێ دەپەڕین و لەبەر چاوم بزر دەبوون، ئینجا کۆمەڵێ دار و درەخت و چیای دی جێیانی دەگرتەوە، بێ دەنگ دەمڕوانی ونەم دەتوانی چاو لەسەر شتێ ڕابگرم، بەواتایەکی دی شتەکان لەبەر چاوم جێگیر نەدەبوون، دەنگی فیکەفیکی باو شەمەندەفەرەکەش لە کونی پەنجەرەکانەوە بەردەوام دەهاتە ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکە و جارناجارێ وەبەر پرچم دەکەوت و چەند کەلێکی پرچمیان دەهێنایە سەر نێوچەوانم، کە ناچاربووم بەدەست لایان بەرم و دەستێ بەپرچم دابهێنم و ڕێکیان بخەمەوە ئەو گەنجەی لە وێستگەی ئیسراحەتکردن سواری شەمەندەفەرەکە بوو هەندێ بەدەم تۆخم خواردنەوە گۆرانی دەگوت و هەندێ جاریش ڕووی بەلای مندا وەردەگێڕاو پرسیارێکی لێم دەکرد، بەڵام من نەمدەزانی وەڵامی بدەمەوە نەخۆمی لێ نەبان بکەم، چونکە ئەگەر وەڵامم بدابایەوە ڕەنگبوو بەپرسیارتر دامبگرێ و بێزارم بکات، ئەگەر وەڵامیشی نەدەمەوە ئەوا بەگۆرانی گوتن و بەدەنگە ناخۆشەکەی بێزاری دەکردم. من خۆم بێزاربووم و حەزم نەدەکرد کەسێ بمدوێنێ و بێزارترم بکات، نازانم ئەو گەنجەم لەکوێ بۆ هات و لای من دانیشت، بۆ ئەوەی نەچوو لە شوێنێکی دی دابنیشێ. کورسییەکانی پشتەوەم چۆڵ بوون و فارگۆنەکە هێندە قەڵەباڵغ نەبوو تا بڵێم جێ نییە. کە وازی لێ نەهێنام ناچاربووم شوێنی خۆم بگۆڕم و بچم لەپشتەوە دوو کورسی پاشتر دابنیشم، ئێوارەیەکی

درەنگ کە خەریک بوو دنیا تاریک دادەهات گەیشتینە جێ، نەشارەزابووم و کەسێکم لەو شارەی لێی دابەزیم نەدەناسی، زمانی خەڵکەکەی ئەوێشم نەدەزانی بۆیە کە دابەزیم وەک کوێرولاڵێ هەندێ هەنگاوی کورت کورتم بەناو وێستگەکەدانا و ماوەیەک بەچوار دەوری خۆمدا سووڕامەوە، تا ئەوکاتەی گەنجەکە لێم نزیک کەوتەوە، بەڕوومدا پێکەنی و یەکسەر کەوتە دواندنم و بەڕێز و حورمەتەوە ڕەزامەندی نیشاندا بمگەیەنێتە ئەو شوێنەی دەمەوێ. گوتی: بۆ کوێ دەچی، من دەتبەم، بست بەبستی ئەم شارە شارەزام، تۆ خەمت نەبێ، من خۆم خەڵکی ئەم وڵاتە نیم بەڵام لە یەکێ لە زانکۆکانی ئێرە قوتابیم و ساڵی چوارەمە دەزانم تۆ شارەزای ئێرەنی و دەتەوێ بچیە شوێنێ، وەرە باپێکەوە بڕۆین، پاش گەیاندنی تۆ ئینجا من دەڕۆم، جارێ کاتم ماوە و سەعات یازدەی شەو بەرێ دەکەوم.)... کە گەنجەکە بەم نەرمی و میهرەبانییە داوای لێ کردم بەگەڵی بکەوم، سوپاسم کرد، ئەوسا بەجووتە لە وێستگەکە چووینە دەرێ و لە شەقامەکەی بەردەمی ئۆتۆمۆبیلێکی ڕاگرت کە سواربووین لە شوفێرەکەی گەیاند بمانباتە ئوتێلێ، لەوشارەی بوو بەیەکەمین وێستگەی هاتوچۆکردن و گەڕان و سۆراغکردنم، لە ئوتێلێکی پلە یەکی پێنج ئەستێرەیی دابەزیم کە دەیڕوانیە دەریا و لەسەر ڕووبەرێکی فراوانی قەراغ دەریا بنیات نرابوو و بەرانبەر دەرگا دوودەرییە شووشەکانی بازاڕێکی گەورە و شەقامێکی پان و بەرینی قەڵەباڵغ بەبەردەمیدا تێدەپەڕی. کە لە ئۆتۆمۆبیل دابەزین، زۆر سوپاسی گەنجەکەم کرد و زۆرم هەوڵدا تا بەیانی لام بێ و سبەینێ بڕوات، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، چونکە بەقسەی ئەو سبەینێ دەبوایە دەوام لە کۆلێژەکەی بکات، دەنا دوا دەکەوێ. بۆیە کە زانیم بێ سوودە نامێنێتەوە و خەریکە بڕوات، بێ ئەوەی داوای لێ بکەم ناوونیشانی خۆی لە کاغەزێک بۆم نووسی و دایە دەستم، ئینجا هەر بەهەمان ئۆتۆمۆبیل ڕۆیشت. لە ئوتێلەکە بردمیانە ژووری ژمارە سێزدە، ئەگەرچی ژمارە سێزدە ژمارەیەکی شووم بوو و، بەپێی بیروباوەڕی دایکم و زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتەی دەژیاین دەبوایە مرۆڤ خۆی لێ لابدا، بەڵام من گرینگیم پێ نەداو یەکسەر خۆم هەڵدایە سەر چوار پایەکە و پاڵکەوتم، گوتم با ئسراحەتێ بکەم و پشییە خەوێک بشکێنم، هەتا پێڵاویشم دانەکەند و چاوم نوقاند، ئەو ئوتێلە یەکەمین شوێن بوو بارگەم تێیداخست و کردم بەیەکەمین وێستگەی ئیسراحەتکردن و گەڕان، تا لەوێوە بەدوای هەواڵی باوکم و ئەو گوندەی نەمدەزانی ماوە یا خاپوور کراوە بگەڕێم، گوتم لەوێوە پەلوپۆ بۆ شوێنەکانی دی دەهاوێم و، ئەوێ دەکەمە خاڵی دەست پێکردن، هەر لەوێشەوە یەکەم هەنگاوی نەخشەکەم جێبەجێ دەکەم کە لە مێشکمدا تۆمارم کردبوو. ئوتێلەکە نە هێندە پاک و خاوێن بوو و نە هێندە ڕێکوپێک، بەڵام بۆی و خزمەتچییەکانی چوست و چالاک دەهاتنە بەرچاو، ژوورەکەم





جێی دوو کەس بوو و چوارپایەیەکی دوو نەفەری لە گۆشەی لای سەروو دانرابوو، دۆڵابێک و مێزێکی بچووک و دەستشۆر و حەمام و ئاودەستی لە خۆی بوو، دۆلکەیەک ئاو و پەرداخێکی ئاوخواردنەوە و دوو تەپڵەکی جگەرەشی تێدابوو. پەردەکانی گوڵ گوڵی بوون و بەسەرسکەیەکی ساج شۆڕکرابوونەوە کە بەئاستەم دەیانهێشت تیشکی خۆر بێتە ژوورەوە، ژمارە سێزدە وەک دایکم دەیگوت شوومە و دەبێ لە هەر شوێنێ، لە هەر هەڵوێستێ تووشی هاتی دەمودەست خۆتی لێ لادەی و بۆنی شتی خراپی لێ بکەی یا پێشبینی هەواڵی ناخۆشی لێ بکەی... لە ژووری ژمارە سێزدە ئارامم گرت و هەرزوو بێ ئەوەی خۆم بگۆڕم بەجلوبەرگەوە پاڵکەوتم. دەمزانی بەو ماندووبوون و هیلاکیە هیچم پێ ناکرێ و وا زوو خەوم لێ ناکەوێ، ژانی پشت و قاچەکانم و سەرئێشە ئەزیەتیان دام و خەوم لێ نەکەوت، بەڵام ئیسراحەتکردن لەوە باشترە لەسەر پێ بوەستی و پاڵنەکەوی، چەند جارێ خۆم وەرگێڕا و ئەم لاو ئەو لام کرد، لەسەر تەنیشتی ڕاستمدا خۆم کڕ کرد، کە خەوم لێ نەکەوت بەرزە پێ وەستام و چوومە بەر پەنجەرەکە کردمەوە و پەردە گوڵ گوڵییەکەم لادا و، ڕوانیمە دەریاکە کە شەپۆلی دەدا و هاژە هاژی بوو، بایەکی فێنک بەڕووم کەوت و پەردەکانی جووڵاندەوە، بەڵام کە هەستم بەسەرما کرد پەنجەرەکانم داخستنەوە، ئینجا هەمدیسان چوومەوە سەر چوارپایەکە و پاڵکەوتمەوە... جانتا و جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی سەفەرکردنم لەسەر مێزەکە جێهێشت و شمشاڵ و کاغەزەکەم لەبیر کرد، دەمویست ئیمشەو تەنیا بخەوم و هیچی دی نەکەم، تازە بۆچی بیریان لێ بکەمەوە. ئەی ئەوە نییە بەدوای ئەواندا وێڵی شاران بوویم و ئەو هەموو کیلۆمەترەم بڕیوە، لە وڵاتێکەوە هاتوومەتە وڵاتێکی دیکە، لە دوورەوە هاتووم و پشتم لە دایک و منداڵەکانم و کارەکانم کردووە، لێرە لەم شارە جەنجاڵ و قەڵەباڵغەی وەک شانەمێروولە تێک قژقژاون، نازانم کوێی ناوەندی شارە و کوێی سەرەتاو کۆتاییە... با ئیمشەو بۆ خۆم بخەوم و چاوی ماندووم لێک بنێم، با وەک جاران خەونی خۆش خۆش ببینم و بەخەیاڵ لە شەقەی باڵ بدەم، چونکە ماوەیەکە لە خەون و خەیاڵیش بووم و خەریکە لە خواردن و سەیران خۆم بێ بەش دەکەم، ئەو شمشاڵ و کاغەزە و لوغزی گۆڕەکەی باوکم، جۆری ڕفاندنی تەرمەکە و گرتنی عەلی برام کردمیانە گەریدەیەک و وا ئەم شارە و ئەو شار دەگەڕێم، ئەوەتا خاڵی یەکەم و هەنگاوی یەکەم تەواو کرد پێم نایە هەنگاوی دووەم: سبەینێ دووەم هەنگاو دەست پێدەکەم و هەرکە لەو ئوتێلە دابەزیم، خۆم بەناو ئاپۆرەی خەڵکدا دەکەم و شەقام بەشەقام، گەڕەک بەگەڕەک پێدا دێم کەلاوە و پەناوپێچ و گردۆلکە و زوورگ و دەشتاییەکانی دەوروبەری شاریش نابوێرم، پرسیار لە بەساڵاچووەکان دەکەم و هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێم، ئەگەرچی زمانی خەڵکی ئێرە نازانم، بەڵام بەئیشارەت تێیان

دەگەیەنم کە چیم دەوێ و لەچی دەگەڕێم، پێیان دەڵێم باوکم خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئەم شارە بووە و هەر لەوێش لەدایکبووە، دایکیشم هەروا، بەڵام بارودۆخی سالانی شەڕی یەکەمی جیهانی لێرەی نەهێشتوون، دایکم لەبەر بێ کەسی، لە ترسان، لە برسان ئاودیو سنوور بووە و لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە، گوندی (س) زێدی باوباپیرانمە و موڵک و ڕەز و باخچەیەکی زۆرمان لەوێ بەجێ ماون، ئێستاش هاتووم وەریانگرمەوە و گۆڕەکەی باوکم بەسەر بکەمەوە... بەرە بەرە پێڵوم گران بوون و خەوم لێ کەوت، بەیانی زوو سەعات پێنج و نیو کە وەئاگاهاتم، لە سەرمان پشتم ڕەق بوو و سەرم ژانی دەکرد، تاقەتم نەبوو لەسەر جێ ڕاست بمەوە، بۆیە هەر لە شوێنی خۆم، خۆم بۆ لایەکەی دی وەرگێڕا و چاوم بڕیە پەنجەرەکان و لە درزی پەردەکانەوە ڕوانیمە قوولایی ئاسمان، ئەستێرەکان هێشتا جریوە جریوەیان بوو و جارێ خۆیان لەژێر پەردە نەشاردبۆوە، هێشتا لە تاریکی شەو زوێر نەببوون و دەیانڕوانی، سەیری بەژنوبالای شارەکەیان دەکرد و پەنجەیان لە ڕوخساری دەرەوەی ئوتێلەکە دەخشاند، هێندەی کردم خەوم لێ نەکەوتەوە، بۆیە هەرچۆنێ بوو ڕاست بوومەوە و چووم خۆم بەشمشاڵ لێدان خەریک کرد و جلوبەرگ و دەرپێ و فانیلەکەمم ڕێکخست و خاولیەکەم بەعەلاگەکەی پشت دەرگا هەڵواسی. ئینجا هاتمەوە گژ شمشاڵەکە و چوومە بەر پەنجەرەکە، دەستم کرد بەژەنینی. بێ ئەوەی بزانم بیژەنم. دەستم کرد بەفووتێکردنی و پەنجەم بەکونەکانی داهێنا. دەنگێکی ناشاز وەک بۆڕاندنی گا لە شمشاڵەکەوە هاتەدەرێ، وەک گایەک لە ژوورەوە ببۆڕێنێ یا سەگێک بحەپێنێ، دەنگی نووزانەوە و پاڕانەوە دەهات، گایەک کە پەتیان لە مل کردبێ و بۆ سەربڕین ڕای بکێشن و بیکەنە قوربانی، بۆڕە بۆڕێ دەهات، بۆیە ناچار بووم واز لە شمشاڵەکە بێنم و بگەڕێمەوە لای مێزەکە، بەڵام کە دامنایە سەرمێزەکە ئەو خۆی کەوتە ژەنین، لە خۆیەوە دەنگی نەرم نەرم، خۆش خۆش، بەناو ژوورەکەدا بڵاوبۆوە، ئاوازێکی خۆش بەکونی گوێمدا دەهات و دەچوو. کە قەتاوقەت کەسێکی نەشارەزا خاوەنی نەبوو، چونکە ئاوازی وا پەنجەی مۆسیقاژەنێکی کارامە و دانەرێکی داهێنەر خاوەنی بوو و دەیژەنی، دەتگوت دەنگی جریوەی بولبولێکی بریندار و ئاسکێکی قاچ شکاوە، نەرم نەرم بەسەر ڕۆحمدا دەباری و ژووری ئوتێلەکەی دەخستە گریان، پەردەکانی دەهەژاندەوە، دۆلاب و دۆلکە و هەردوو تەپلەکی جگەرە و مێز و کورسی و چوارپایە و هەرچی لە ژوورەکە هەبوو دەجوولان، هەمووشتێ ئارام ئارام دەجوولا. من خۆشم لەگەڵ دەنگی ئاوازەکە لە جێی خۆم هەڵدەپەڕیم و فرمێسکم دەڕشت، وام دەزانی هەمووشتەکانی دەوروبەرم ببوونەتە شمشاڵ و هەموویان پێکەوە دەنگیان لێوە دێ، تا ئەو ساتەی هەموویان دەبوونە دەنگی ئاسکێ، ئاسکێکی جوان و خڕپن کە لە پەنجەرەکانەوە لەگەڵ کۆمەڵێ بولبول خۆیان بەژووریدا کرد و کەوتنە





جریواندن و باعە باع، نەم دەزانی ئێرە کوێیە، ژوورەکە ژمارەی سێزدەی پێدرابوو لەبەرچاوم ببووە مێرگێکی جوان و ڕازاوە و دارودرەخت، گیاوگوڵ و گوڵزار تا ئەژنۆم دەهات، ئاسکی جوان و خڕپن لە دەوروبەرم دەهاتن و دەچوون، بازبازێنیان دەکرد، بەدەورمدا دەسووڕان و دەهاتنە سەرشان و ملم و یارییان لەگەڵ دەکردم، دەستیان دەگرتم و خۆیان لە لەشم هەڵدەسوی، بۆنیان دەکردم و دەیانلێستمەوە، بەزۆر درێژیان دەکردم و دەهاتنە سەرسنگم، ئەودیو ئەودیویان دەکرد، ئینجا لەسەر سنگم درێژ دەبوون و دەمیان لەهەر دوو گوێی مەمکم دەنا و دەکەوتنە هەڵمژینی گۆکان، وایان دەزانی دایکیانم. بۆنی گوڵ و گوزاریش هێدی هێدی بەکونە لووتمدا دەچوو، بۆنی بخوور و بۆنی خاک و بۆنی ئاسک نەرم نەرم دەچوونە ناومێشکم و بەهەموو جەستەمدا بڵاو دەبوونەوە، تا دنیا ڕووناک بۆوە و ڕووناکی لە ژوورەکە کەوتە پێکەنین و، باعەباع و جریوە جریوەی ئاسک و بولبولەکان بەردەوام بوون. ئاگام لە دنیا نەمابوو، ئاسکەکان، بولبولەکان دەوروبەرمیان بەرنەدا، بەڵام ئەوکاتەی تیشکی خۆر کەلوپەلەکانی شەلاڵی درەوشانەوە کرد: ئاسک و بولبولەکان وەک چۆن لە پەنجەرەکانەوە هاتنە ژوورەوە بەهەمان شێوە ژوورەکەیان جێهێشت و بەرەو پێدەشت و باخچە و قەراغ دەریاکە لە شەقەی باڵیان دا و بەنەرمەغار دوورکەوتنەوە، ئینجا شمشاڵەکە بێ دەنگ بوو و خامۆشییەکی بێزارکەر دایگرتم، لە بێزارییان یەکسەر دەرگاکەم کردەوە بۆ سالۆنی ئوتێلەکە بەپەلە بەپەیژەکاندا چوومە خوارێ و لە سووچێکی سالۆنەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم، پاشان ئیشارەتم بۆ بۆیەک کرد قاوەیەکم بۆ بێنێ. دڵم گیرابوو و دڵم بۆ خواردن نەدەچوو، گوتم قاوە بۆ خاوکردنەوەی دەمارەکانی مێشکم باشترین دەرمانە. ئینجا کە قاوەکەم بۆ هات بەئیشارەت سەرنجی بۆیەکەم ڕاکێشا، کە لە هیچ نەگەیشت، ناچاربووم دەست هەڵبڕم و هەندێ جوولانەوەی سەیر سەیر ئەنجام بدەم، بەڵام بۆیەکە بەرامبەرم دەمی بەش ببۆوە و نەی دەزانی چیم دەوێ، تەنیا سەری دەلەقاندەوە و دەستی دەجوولا. وەک دوو کەڕولاڵ بەرامبەر یەک بەئیشارەت قسەمان دەکرد، هەردووکمان دەستمان دەهێنا و دەستمان دەبرد. جارێ بەرزمان دەکردەوە و جارێ پەنجەمان هەڵدەشەقاند، پاش ماوەیەک لە دەست هەڵبڕین بێزار بووین، من هەستام و ئەویش فنجانە قاوەکەی خستەوە سەر سینییەکەی و پاشەوپاش کشایەوە شوێنی خۆی و ڕۆیشت، منیش لە پەیژەی بەردەم ئوتێلەکە چوومە خوارێ و شەقامەکەی بەرامبەر ئوتێلەکەم گرتەبەر و چارەنووسی خۆم دایە دەست ئەو شەقامە، بەهەنگاوی سست و خاو بۆ سەر شۆستەکەی سەرکەوتم و لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا کەوتمە هەنگاونان و پشکنین و سەیرکردنی ئەوبەر و ئەمبەری، با بۆ کوێم دەبات بمبات، گرینگ بتوانم بێمەوە هەمان ئوتێل و کە گەڕامەوە لێم بزر نەبێ، شەقام و شۆستەکە ئەوەندە قەڵەباڵغ

بوون و دەتگوت خەڵکی شار گشتیان ڕژاونەتە ئەم شەقامە و لێرەوە بۆ شوێنی دیکە دەڕۆن. تۆ بڵێیی ئێرە سەنتەری شار نەبێ و فەرمانگەکان هەموویان لێرە و لەو ناوە کۆنەبووبنەوە، ئەی ئەگەر وا نییە بۆ هێندە قەڵەباڵغە. یەک یەک دەموچاوی هاتوچۆکەرانم بەسەرکردەوە و ڕوانیمە نیشانەکانی سەر دەموچاویان، بەڵکو ئێ یەکێ بدۆزمەوە لە ئیسماعیل بکات.

دایکم دەیگوت: ئیسماعیل پیاوێکی سمێڵ پڕی نەختێ سەر و کەللە زل بوو و خاڵێکی ڕەش لەسەر گۆنای لای ڕاستی هەبوو... بەر لە ئاوارەبوونی ئێمەش گوندی جێهێشت و ئیتر دەنگوباس براو نەمانزانی بۆ کوێ چوو، خۆی و کچەکەی کە ژنی عەلی برات بوو، پاش کارەساتی گرتنی عەلی بارگەی لە گوند پێچمایەوە و پەڕاگەندە بوو، ئەو ئیسماعیلەی سەرە داوی هەموو ڕووداوەکانی لابوو و، سەر لەبەری مێژووی گوندی بەهەموو ورد و درشتییەوە دەزانی، وەک دایکم دەیگێڕایەوە: ئیسماعیل ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دوور و نزیکی خەڵکی گوندی لە لیستێکی تایبەتی تۆمار دەکرد و بەڕۆژ و کات و شوێن و مانگ و ساڵیشەوە تۆماری دەکردن، لەدایکبوون و مردن و شەڕەکان و شایی و زەماوەند و تازیەوە هەرچی پەیوەندی بەدانیشتوانی گوندەوە هەبوو دەینووسین، ئیسماعیل پیاوێکی خۆش مەشرەب و خزمەتگوزار بوو، هەموو ژیانی خۆی تا ئەوکاتەی لە گوند بوو بۆ خزمەتکردنی خەڵک تەرخان کردبوو، ئەو وەک مەلا و زانا و ڕیشسپی گوند بەجووتە لەگەڵ باوکت خەڵکیان فێرە خوێندەواری دەکرد و بەرەو چاکەخوازی و دوورکەوتنەوە لە خراپە دەیانبردن. ئیسماعیل دۆستێکی گیانی بەگیانی باوکت بوو، دەیزانی چی دەکات و چی ناکات، کاتێ کە ڕاوکردن لە کەللەی دا و شەیدای ئاسکە کێوی بوو ئەویش بۆ ڕاوکردن لەگەڵی دەچوو، بەیەکەوە دەچوونە ئەشکەوتەکەی محیەدین خەنجەر، چەند شەو و ڕۆژێ لە دەشتودەر و چیاکان دەمانەوە، ئەویش وەک باوکت ڕاوچییەکی کارامە و شارەزا و بەبەزەیی بوو، هیچ گیانداری نەبوو نەزانێ چۆن دەژی و حەزی لە چییەوە و چۆن زاوزێ دەکات یا تەمەنی چەندە و چی دەخوات و لە کوێ دەژی، لە هەموو کەسێ پتریش ئاسکی خۆشدەویست و لە ماڵەوە بەخێوی دەکردن و دەیان ئاسکی لە ماڵەوە کۆکرد بۆوە. هەرچی ئاسکی جوان هەبوایە دەیهێنایە لای خۆی، دەیزانی ئاسکەکان بەچی تووڕە دەبن یا بەچی کەیف سازدەبن، حەزیان لە چییە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بەمیهرەبانی و خۆشەویستی لەگەڵیان دەجووڵایەوە، وای لێهاتبوو ئاسکەکانیش متوی ئەو بن و بێ ئەو هەڵ نەکەن، هەر ئەویش بوو وای لە عەلی برات کرد ئاسکی خۆش بوێ و دۆستایەتی لە نێوانیان بخولقێ، وەک چۆن لە نێوان دوو مرۆڤ دەخولقێ. عەلی برات شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئاسکەکان دەژیا و ئەو و ئیسماعیل کە لەماڵێ ببوونایە بەردەوام خەریکی ئەو





ئاسکانە بوون و لێیان جیا نەبوونەوە، لە کاتێکدا زەحمەت بوو دۆستایەتییەکی بەهێز لە نێوان دوو مرۆڤ دروست بێ، دۆستایەتی ئەوان لەگەڵ ئاسکەکان لەڕادە بەدەر پتەو بوو، جا ئێستا ئیسماعیل لە کوێ دەدۆزرێتەوە، کێ دەڵێ ماوە، ئەگەر ماشبێ خوا دەزانێ لە کام شارە، ئەو هەموو ماوە دووروودرێژ و ئەو هەموو ساڵەی نێوان ئەوسا و ئێستا گەلێ زۆرە، ڕەنگە مردبێ یا لە ماڵەوە لەسەرجێ ڕاکشابێ و چاوەڕێی مردن بێ، ئەویش وەک دایکم پیر بووە و کەوتۆتە ناوساڵ، لەو شارە گەورەیەی هەزاری بەهەزارە و نە سەری دیارە نە بن. ئەوەی ناوونیشانیشی دیاربێ بەزەحمەت دەدۆزرێتەوە جا چجای کەسێکی بێ ناوونیشانی وەک ئیسماعیل. تا نیوەڕۆ ئەم شەقام و ئەوشەقامم کرد، چوومە ناو بازاڕی شار و یەک یەک دوکانەکانم کرد، بەشە جیا جیاکانی گەڕام، گوتم ڕەنگە لە قەیسەری و بازاڕی کۆن بێ، چونکە پێم وابوو ئەوانەی بەناو ساڵدا دەچن لە قەیسەرییەکان دوکان دادەنێن، وەک لای خۆمان خەریکی پەنیرفرۆشتن و گوێز و مێوژ و گوڵەبەڕۆژە و هەنگوین فرۆشتن: کوتاڵفرۆشەکانیش هەر لە قەیسەری دوکان دادەنێن و بازرگانی کوتاڵ دەکەن. کێ ناڵێ ئێستا ئیسماعیلیش بازرگانێکی دەوڵەمەند نییە. بۆیە هەرچی بازرگان لە بازاڕەکەدا هەبوو سەردانم کردن و بەئیشارەت پرسیارم کرد، بەڵام بەهیچ نەگەیشتم. ئەمجارە بەگەڕەکە هەژارەکان و بازاڕە هەژارنشینەکان و خانووە لە قوڕ دروستکراوەکان داهاتم، هەرچی ماڵە هەژار هەبوو لە دەرگام دا. وەختی نانخواردن لە چێشتخانەیەکی سەرجادە کە پڕ کاسبکار و کرێکار بوو لامدا و دوو لەفەی گۆشتم کڕی و لەفەکانم لە چایخانەیەکی تەنیشت چێشتخانەکە خوارد، ئینجا لەوێ هەندێ ئیسراحەتم کرد، لەسەر تەختێکی پا شکاو قاچەکانم درێژ کرد و پشتم پێدا. نیو سەعات چاوم نووقاند و هەندێ ماندوویەتیم حەساندەوە، کە ژان و ئازاری قاچەکانم هێور بوونەوە، هەمدیسان کەوتمەوە گەڕان و وەک گەریدەیەک بەشەقام و کۆڵان و گەڕەکەکانی شاردا سووڕامەوە، تا ئەو کاتەی خەریک بوو ڕۆژئاوا دەبوو و تاریکی شەقامەکانی شاری لوول دەدا، بەتاکسییەک خۆم گەیاندەوە ئوتێلەکە. چووم لە ساڵۆنەکە لەسەر قەنەفەیەک بەرامبەر شەقامەکە دانیشتم و بیرم لە ماندووبوون و بێ ئاگایی و گەڕان و سووڕانی ئەم ڕۆژەم کردەوە، بەڵام ورەم بەرنەدا و گوتم: نەچووە بچێ، سبەینێ جارێکی دی گەشتەکەم دەست پێدەکەمەوە و ئەمجارە بۆ گەڕەکەکانی قەراغ شار دەچم. ئەوێ دەکەمە مەنزڵگا و لەوێوە دەست پێدەکەم، بەڵکو ئێ خوا لەوێ ئیسماعیل بدۆزمەوە و داوای لێ بکەم لەگەڵم بێ تا بچینە ئەو شوێنەی گوندەکەمانی لێ بوو. کە چوومە ژوورەکەشم یەکسەر بەجلوبەرگ و قۆندەرەوە خۆم هەڵدایە سەر چوارپایەکە و ڕاکشام. بواری ئەوەم نەبوو بیر بکەمەوە، چونکە ماندووبوون و خەو چەنگاڵیان لە پێڵوەکانم گیرکرد و چاویان پێ داخستم، ئەمشەو

هەر زوو خەوتم و تا سەعات حەفتونیوی بەیانی بەخەبەر نەهاتم، کە ڕاستیش بوومەوە خەو چاوی بەرنەدەدا و بەلادا دەهاتم، ئەو خەوە قوولەی شەو یەخەگیرم بوو وازی لێ نەدەهێنام، ئاگام لە مەحموودی بێ زەواڵ نەمابوو، خەوبینین وا لە مرۆڤ دەکات تێر خەو نەبێ و تا درەنگی ئەو ڕۆژە هەر خەوی بێ، بەڵام بەئاستەم خەونەکانی خۆمم بیر دەهاتەوە، دەمزانی خەونێک لەو خەونانەی بینیبوومن پەیوەندی بەشمشاڵ و تەرمی باوکم و عەلی برامەوە هەیە، بەڵام هێندەی خۆم کوشی نەمتوانی وێنەکانی لێک گرێ بدەم، چاک لێیی حاڵی نەبووم و چاک بەبیرم نەدەهاتەوە، ئەوەی بیریشم دەهاتەوە چەند وێنەیەکی پچڕ پچڕ بوون و بۆم لێک نەدەدرانەوە و بۆم نەدەچوونە پاڵ یەک، تا بتوانم مانایەکیان لێ هەڵێنجم، یەکێ لە وێنەکان پەنجەیەکی نەرم بوو لە بنمیچی ژوورەکە دەهاتە خوارێ و بۆ سەریەکێ لە کونەکانی شمشاڵە دەهات. وێنەی دووەم گریسێ لە ئاسمانەوە دەهات و شمشاڵەکەی بۆ سەروو هەڵدەکیشا. وێنەی سێیەم بەڕەیەکی گەورە بوو و دەهاتە سەر دەموچاوم و لەژێرەوەشی ئامێرێک پاڵی پێوە دەنام و بۆ ئاسمان بەرزی دەکردمەوە، ئینجا دەیبردمە نزیک پەنجەرە و لەودیو پەنجەرەشەوە دوو دەستی گەورە ڕوودەبووە ناوقەدم و بۆ دەرەوەی ئوتێلەکە ڕای دەکێشام، وێنەی چوارەم پەڕە کاغەزێکی پان بوو و لە ئاسمانی ژوورەکەدا لەت لەت دەکراو بەسەر جەستەمدا، بەسەر پرچ و شانمدا چەشنی باران دەباری و کاغەز بارانی دەکردم و هەر چوارلامی لەنێو لەتەکاغەزی وردکراو نقووم دەکرد، دەوروبەرم سەراپای دەبوو بەکاغەز و جەستەم لەناو کاغەزدا بزر دەبوو، تۆ بڵێیی ئەم هەموو شتانە چی بن و چی بگەیێنن، ئەو پەنجەی لە بنمیچەکەوە درێژ دەکراو دەهاتە سەرکونی شمشاڵەکە پەنجەی کێ بێ، ئەو دەمەی فووی بەشمشاڵەکە دەکرد دەمی کێ بوو، ئەی باشە کێ بوو گوریسەکەی بۆ شمشاڵەکە شۆڕ دەکردەوە و دەیویست بۆ کوێی ببات، باشە پەنجە و گوریس و کاغەز و شمشاڵ و جەستەی من چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، ئەی ئەو پارچە بەڕە و ئەو ئامێرەی لەژێرەوە پاڵی دەدام چی بوون و بۆ دەیانویست لە پەنجەرەکانەوە فڕێمدەنە خوارێ و بمدەنە دەست ئەو دوو لەپە گەورەیەی دەرەوە، کاغەزە لەتکراوەکان بۆ لەشەی منیان هەڵبژارد و بۆ دەیانویست لەناو لەتەکاغەزی وردکراو بمشارنەوە. ئەمانە هەموو کۆمەڵێ پرسیار بوون و هێماکانیانم بۆ شی نەدەکرانەوە. ماندوو و شەکەت بووم و هەوڵمدا و بیرم کردەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکم لە نێوانیاندا نەدۆزیەوە و هیچ مانایەکم لێیانەوە دەست نەکەوت، وە بۆ ئەوەی خۆم لە گێژاوی ئەو خەونە پچڕپچڕانە ڕزگار بکەم و لە گەڕان بەدوای ئیسماعیل و گوندەکەمان و عەلی برام دوانەکەوم بەپەلە لە ئوتێلەکە دابەزیم و بێ دوودڵی تاکسییەکم لە بەردەمی ئوتێلەکە ڕاگرت و پەلەتر سواری بووم، پاشان بەئیشارەت لە شوفێرەکەم گەیاند کە بۆ پێشەوە لێ بخوڕێ، لە





فوولکەکان ئیشارەتم بۆ ئەو ئاراستەیە دەکرد کە دەمویست، لەوبەر بۆ ئەوبەر و بۆ دوور دەستم بۆ هەڵدەبڕی و بەلێو و دەموچاو قسەم دەکرد، کە شوفێرەکە لێم بێزار بوو هێشتا ماوەیەکی باش مابوو بگەمە ئەو شوێنەی مەبەستم بوو ڕایگرت و دایبەزاندم. بۆیە ناچار بووم هەر لەوێوە بکەومە پشکنینی بینایە و باڵەخانە و ماڵەکان. ناوونیشانی تابلۆکانم بەسەر کردەوە. ئەگەرچی نەم دەزانی چییان لەسەر نووسراوە، بەڵام لە وشەیەک دەگەڕام، لە ناوێک دەگەڕام وەک ئیسماعیل نووسرابێ، زمانی خەڵکی ئەم شارەم نەدەزانی، بەڵام پیتەکانی هەمان پیتی زمانەکەی ئێمە بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبوو، یانێ ئەگەر چاوم بەوشەی ئیسماعیل بکەوتایە یەکسەر دەمزانی ئەوە ئیسماعیل نووسراوە، بەڵام ئەمڕۆش وەک دوێنێ نائومێد بووم و هیچم دەست نەکەوت، مردم و سووتام و کوێرایی چاوم داهات، ئارەقەی ڕەش و شینم دەرکرد، بنی پێم بوو بەپۆڕگ. شتێکم چنگ نەکەوت، بۆیە ڕەشبینی باڵی بەسەر ڕۆحمدا کێشا، سەرنەکەوتن لە یەکەم هەنگاوی سەفەرەکەمدا خەریک بوو پەڕوباڵم بکات و دامتەپێنێ. ڕۆژی سێیەم و چوارەم و ڕۆژانی دیکەش بەهەمان شێوە مایەپووچ بووم. خەریک بوو مۆڵەتەکەشم تەواوبێ. بەڵام کە بیست و سێیەمین ڕۆژ کوڕە گەنجەکەی لای خۆمانم کەوتەوە بیر، وەک ئەوەی گەنجینەیەک بدۆزمەوە، دڵخۆش بووم، ناوونیشانەکەیم لەناو جانتاکەم دەرهێنا و خستمە باخەڵم و بڕیارمدا سبەینێ بەدوایدا بڕۆم و بیدۆزمەوە، بۆ بەیانی بیست و چوارەمین ڕۆژ بەپەلە خۆم کۆکردەوە و شتەکانم خستە ناو جانتاکەم و چووم پارەی ئوتێلەکەم دا، پاشان بەپەلە ئوتێلەکەم جێهێشت و لەبەردەم ئوتێلەکە سواری تاکسییەک بووم، لە ڕێگا ناوونیشانەکەم دایە دەست شوفێرەکە و هەموو هیوایەکم لە دۆزینەوەی ئەو کوڕە کۆکردەوە،ئاواتم ئەوەبوو زوو بیدۆزمەوە، بەڵکو ئێ ئەو شتێکم بۆ بکات، قەی چی دەکات، ڕازی دەکەم لەگەڵمدا بێت و هەرچی بوێ دەیدەمێ، ئەو خۆی گوتی: ئەگەر پێویستیت بەیارمەتی هەبوو وەرە دووام. بەبیست سەعات ئەوسا گەیشتمە ئەو شارەی ئەو لێی دەخوێند، کە گەیشتمە بەردەم کۆلێژەی ئەو تێیدا قوتابی بوو لە تاکسییەکە دابەزیم، سەعات نۆ ڕەتی دابوو، بەڵام هەر لەخۆوە دڵم گیرا و نائومێدییەکی زۆر باڵی بەسەرمدا کێشا، نەمزانی بۆ وام لێ هات، دەتگوت لە ناکاو یەکێ هەواڵێکی ناخۆشی بەگوێمدا چرپاندووە. یا گەنجەکە ئامادە نییە یارمەتیم بدات، هەستم کرد دڵم دەگوشرێ، دەنگێ لەناخەوە پێی دەگوتم، شتێ لە قووڵاییەوە دەنگی دەدام و دەیگوت: بۆ کوێ، خەیاڵت خاوە. لێرەش شتێ هەڵناکرێنی.

پێشبینی و ڕەشبینییەکەم لەجێی خۆیدا بوو، چونکە هەر پرسیم و نەمپرسی یەکسەر پێیان گوتم: هەفتەیەکە لە شوقەکەی خۆی لە پەنجەرەوە خۆی هەڵداوەتە خوارێ. ئینجا

پاش دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی سپاردووە، ئەوە چەند ڕۆژێکە چاوەڕێ دەکەین ناسیاوێکی پەیدا ببێ بینێرینە نەخۆشخانە و تەرمەکەی پێ ڕەوان بکەینەوە. بۆیە هەر کە منیان بینی وەک ئەوەی گەنجینەیەک بدۆزنەوە یەکڕاست ڕایانکێشامە ژوورەوە و بردمیانە لای بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆلێژەکە، ئەویش بەتەلەفۆن مامۆستا و ڕاگر و پەیوندارەکانی ئاگادارکردەوە، هەر زووش لەگەڵم هات و بەئۆتۆمۆبیل بردمیە نەخۆشخانەکە، ئینجا لەوێ بێ ئەوەی بزانن من کێم یا ئامادەم تەرمەکە ببەمەوە. یەکسەر چەند شوێنێ و چوار پێنج نووسراویان پێ مۆرکردم، هەر ئەو ڕۆژەش بەئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتنی نەخۆشخانە، من و تەرمی کوڕە گەنجەکەیان ڕاوانەی شارێکی سەر سنوور کرد، پاشان سواری شەمەندەفەرێ بووین، ئەوان گەڕانەوە و من و تەرمەکەیان بەدۆڵەکانی ئەوبەر سپارد لەناو دەنگی فیکەفیکی بەڕێکەوتنی شەمەندەفەرەکە و واق وڕمانی خۆم و سندوقی تەرمی کوڕە سوور و سپییەکەدا، ڕەشەبای گومانێک دەیهێنام و گەردەلوولێ دەیبردم، وژە وژێ لە گوێم دەزرینگایەوە و جەنجاڵییەک مێشکی دادەگرت، ئەمە چ کارەساتێ بوو لەناکاو هات و هەموو شتێکی لێ هەڵوەشاندمەوە، نهێنی شمشاڵ و لوغزی کاغەز و تەرمەکەی باوکمی لەبیر بردمەوە، دەست و قاچی کەلەپچە کردم و دامیە بەر وەیشوومەی ڕەشەبایەک، جەستەو ڕۆحمی هەژاندەوە، خەیاڵی سەیر سەیر بەمێشکمدا هات، بیرم بۆ زۆر شت چوو، باشە من بۆچی چووم، چۆن هاتمەوە، لەچی گەڕام و چیم دۆزییەوە، تۆ بڵێیی ئەم گەنجە سووروسپییە کێ بێ و بۆ لەم ناوەختە، بۆ لەو کاتەی کە من پێویستم بەیارمەتی ئەو هەبوو خۆی هەڵدایە خوارێ و دوا ماڵئاوایی کرد، چ پێویستی دەکرد خۆی بکوژێ، ئەی باشە بۆ خۆی کوشت، چی وای لێ کرد لەو تەمەنەدا خۆی بکوژێ، چ بێزاریەک یەخەگیری ببوو، تۆ بڵێیی کوڕی کێ بێ و خەڵکی کام شاری وڵاتەکەمان بێ. لە شپرزەیی و پەلە پەلی نازانم ئەو نووسراوەی نەخۆشخانە پێیان ئیمزا کردم، لە کوێم دانا، جانتاکەم سەراوبن کرد، هەموو کەلێن و قوژبنێکم پشکنی، ناو گیرفان و باخەڵی خۆم گەڕام، وەک ئەوی ئەژدیها قووتی دابێ یا کەوتبێتە قووڵترین و عاسێترین شوێنی دەریا بۆم نە دۆزرایەوە، نەمزانی لە کوێم داناوە، بەبزربوونی نووسراوەکە هێندەی دی دڵم توند بوو و ریسەکەم لێ بۆوە خوری، ئاخر کە ناوونیشانی ماڵەکەیان نەزانم، کەنەزانم باوکی ناوی چییە و خەڵکی کامە شارەو ماڵەکەیان لە کوێیە، بیبەمەوە کوێ و بیدەمە دەست کێ. بەچی بزانم کوڕی کێیە و ماڵیان لە کوێی شارە، لە چ گەڕەکێکن و کۆڵانەکەیان ناوی چییە، دەرگای ماڵەکەیان ڕەنگی چۆنە، باوکی دەوڵەمەندە یا هەژارە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانن یا لە گەڕەکی خوداپێداوەکان، باوکی چ کارەیە، بازرگانە یا کرێکار، ئێستا من چی بکەم و چۆن لەو گرفتە ڕزگاریم بێ؟





شەمەندەفەرەکە هێدی هێدی ڕێی دەبڕی و منیش بیرم دەکردەوە، کە شەوداهات هەمان ئەو بارودۆخە تووشی منیش هات کە پێشتر تووشی دایکم هاتبوو، کە دایکم چل ساڵ بەر لە ئەمڕۆ تووشی هاتبوو، منیش ئەو ئاسا لە فارگۆنێکی چۆڵوهۆڵ و بەتەنێ لەگەڵ سندووقێ کە تەرمی کەسێکی نەناسراوی تێدایە دەژیم، نازانم کێیە، تەرمێ کە هێدی هێدی لەناو سندووقەکە کاری لە دەمار و مێشک ودڵ و دەروونم دەکرد و چەشنی کەرتە شاخێ دەهاتە سەرسنگم و ترس و گومانی دەکردە دیاری بۆ ڕۆحی ماندووم، لە جەستەم دەئالآ، ماری گومان و ترس خۆی لە قاچەکانم وەردێنا، وێنەی سەیر و سەمەرەم دەبینی، وێنەی گیانلەبەری زرت وزەلام لەبەر چاوم دەهاتن و دەچوون، نەم دەزانی چۆن بەسەریاندا زاڵبم و چۆن لە خۆمیان پاس بکەم، ئاخرشەومانەوە و دانیشتن لەگەڵ مردوو جەربەزەیی دەوێ، جەرگ و ئازایەتی دەوێ، منێک کە هێندە حەوسەڵەی چاوڕوانی کردنم نەبێ و نەبوو، چۆن بتوانم بەرامبەر ئەرمێک دابنیشم و بیرنەکەمەوە، وەهم و خەیاڵ شاڵاوم بۆ نەهێنن. ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە لەکوێ هات، من چیم کردبوو تاتووشی حاڵەتێکی وا ببم و ڕەوتی ژیانم بەتەواوی بگۆڕێ. کێ دەیگوت ئەنجامی سەفەرەکەم ئەوها کۆتایی دێ و تەرمی مردوویەک لەگەڵ خۆم دێنمەوە کە نازانم کوڕی کێیەو خەڵکی کام شاری وڵاتەکەمە، ماڵیان لەکوێیە. پێشتر نەمدیبوو، تەنیا ماوەی چەند سەعاتێ لەتەکمدا دانیشت و تەواو، هێندە حەوسەڵەی گوێ لێگرتنی نەبووم، ئەو چەند سەعاتەیش کە لە تەنیشتمدا دانیشت دووقسەم لەگەڵ نەکرد و ڕووم پێی نەدا و لەبێزاریا شوێنی خۆمم گۆڕی و چووم لەسەر کورسییەکانی پشتەوەی مت بووم، خۆم بەشتێکەوە خەریک کرد تا نەیبینم و قسەی لەگەڵ نەکەم، نەوەکا پتر بێزارم بکات، چووم دوو لەو، لە ڕیزی چوارەم دانیشتم، بەڵام نەمزانی بەمردوویەتی دەبێتە هاوڕێم و من دەیبەمەوە، من و ئەو بەتاقی تەنیا لە فارگۆنێکی ساردوسڕدا دەمێنینەوە.. کە زیندووبوو لێی بێزار بووم، بەڵام کە مردبوو بەهاوڕێم... بوو بەدۆستێکی گیانی بەگیانم و ئێستا کەسێ نییە لە نێوانمان، بێ فەرامۆشیمان بداتەوە، دڵمان بداتەوە، جگە لە فیکە فیکی شەمەندەفەرەکە شتێ نییە تەنیاییمان بڕەوێنێتەوە، فیکە فیک وەک مۆسیقایەکی نەشاز بەناو فارگۆنەکەدا بڵاو دەبێتەوە و لوولمان دەدات. تاریکی ڕەشەبایەودێ و ڕامان دەپێچێ، جگە لە منیش کەسێ نییە لەم نیوەشەوەدا بێزاربێ، هاوڕێ نەناسراوەکەم خەوتووە و چاوی نوقاندووە، بێ دەنگ لەناو سندووقێکی ڕەقوتەقدا ڕاکشاوە و نادوێ، ڕێبوارەکانی دی نووستوون و خۆیان لە بێزاری کات دەپارێزن، ئەو ماوە دوور و درێژەی هێندەی دی کارەکەی منی قورس کردووە و ناهێڵێ بنووم، خەو ناچێتە چاوم و ئەو سندووقە تۆقێنەرەم لە کۆڵ نابێتەوە، ترسێک زەحمەتە ئیمشەو بڕەوێتەوە، ترسێ دێت و ماری حەوت سەرە و لە جەستەم

دەئاڵێ و نازانم کەی وازم لێ دێنێ، کەی لەم وەحشەتە ڕزگاریم دەبێ لەم حاڵەتەدا ناچارم بۆ ترس ڕەوینەوە شمشاڵەکە دەربێنم و فووی پێدا بکەم، بەڵکو ئێ ئاوازێکی ترسڕەوێن لە کونەکانیدا بێتە دەرێ. ئازاری ناخم لە بیر بباتەوە، ئەو تەرم و سندووقەم لەبەرچاو و لە خەیاڵ لاببا و توڕیان هەڵدا، بەڵام شمشاڵەکە نە دەنگی لێوە هات و نە ئاوازێ. دەڵێی کونەکانی گیراون یا لە ناوەڕاستدا بۆتە دووکەرت، جگە لە دەنگێکی کڕ و دەنگی فووتێکردنی من شتێ نەبوو لێیەوە بەرزبێتەوە. ئەو دەنگە خۆشەی پێشتر چەندین جار جەستەمی خستبووە سەما و دار و دیواری دەهێنایە هەڵپەڕین، کوا لە کوێیە، بۆ کوێ چووە، زویر بووە یا نەماوە، کەوتۆتە ناو بیرێکی قووڵ و کەسێ نییە دەریبێنێ؟ وەک تەرمی هاوڕێ نەناسراوەکەم خەوێکی قووڵی لێ کەوتووە و لە خەو ڕانابێ، شەمەندەفەرەکە تەپ تەپ بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و پتر تەنیایی و وەحشەتی نیوە شەوی لە ناخمدا دەچەسپاند، دای دەتەپاندم، ورد وردی دەکردم، گازی لە ڕۆحم دەدا. تا بەیانی چەندین جار مەرگم بەچاوی خۆمەوە بینی، وێستگەی ئیسراحەتکردن، بەهەمان شێوەی جاران، لە هەمان کاتدا وەستا و ماوەیەک لەوێ ماینەوە، دابەزین و ئەوەی پێویست بوو جێبەجێمان کرد، پاشان سواربووینەوە و بەڕێکەوتینەوە، بەڵام ئەمجارە کەسێ نەهات لەتەنیشتمدا دابنیشێ، گەنجێ، پیرێ، ئافرەتێ نەهات بمدوێنێ و ترس و لەرزم بڕەوێنێتەوە. چەند حەزم دەکرد، کوڕە گەنجەکە زیندوو بێتەوە و بێت بەدەنگ و ئاوازی قسەکانی ئارامم کات و لەم وەحشەتە بێزارکەرە ڕزگارم کات، چی دەبوو ئەگەر لە سندووقەکە بهاتبایە دەرێ و بهاتبایە تەنیشتم. با بەس بێت و تەنیا لەناو فارگۆنەکە دانیشێ. با لە کوێ دادەنیشێ با دانیشێ گرنگ نییە. با تەنیا هەست بەبوونی مرۆڤێکی زیندوو بکەم، خۆ ئێرە گۆڕستانی مردووان نییە و منیش نەهاتوومەتە گۆڕستان، سەردانی مردووان ناکەم، ڕۆژی پێنجشەممەش نییە تا سەرم لەسەر سنگی کەسێکی ئازیزی وەک نازی هاوسەرم دانابێ و خۆم لە خاکوخۆڵی گۆڕەکەی وەربدەم، تێر تێر لەسەر سنگی بگریم و بەگریان فەرامۆشی ڕۆحی بریندارم بدەمەوە... شەمەندەفەرەکە بەفیکە فیک بەرەو پێشەوە دەڕوات و نازانم ئەو کەسەی لە ناو سندووقەکە ڕاکشاوە کێیە و بۆ کوێ دەیبەم، بۆیە بۆ ئەوەی بزانم تەرمی کێم. هەڵگرتووە و دەیبەمەوە لای کێ و بۆ جاری دووەم کەوتمەوە پشکنینی جانتاکەی و لە نووسراوەکە گەڕام، یەک یەک جل و بەرگەکانیم هەڵدایەوە لەسەر کورسیەکەی تەنیشتم ڕیزم کردن، لەناو قەدەکانیان گەڕام، گوتم نەوەکا کەوتبێتە قەدی پانتۆڵێک یا کراسێک، کە لەناو قەدی خاولیەکە چاوم بەنووسراوەکە کەوت شاگەشکە بووم، گوتم ئۆخەی خۆ دۆزیمەوە، لەژێر نووسراوەکەشدا زەرفێکم دۆزییەوە، بۆیە بەپەلە زەرفەکەم دڕاند و کاغەزەکەی ناویم دەرهێنا، ئینجا کەوتمە خوێندنەوەی. یەکەمین وشە و





دەستەواژە بروسک ئاسا لە چاومیان دا و گێژوویژ بووم... چونکە دەستپێکی نامەکە چەند وشەیەکی پڕ مانایان تێدابوو، گوزارشتیان لە زۆربەی ئەو نهێنییانە دەکرد کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەمێژووی ژیانی دایکم وعەلی برام و باوکم هەیە... کاغەزەکەش بەم جۆرە نووسرابوو:

بەناوی خوای دلۆڤان

بۆ داپیرەم کە نەمدیوە و ماوەیەکی زۆرە بەدوایدا دەگەڕێم بۆ مامم کە ئەوکاتەی باوکمیان گرت و شوون بزریان کرد، ئەو هێشتا لەدایک نەببوو...

بۆ پوورم کە نازانم ناوی چییە و ئێستا لە کوێ دەژی، بەڵام ڕەنگە لەدایک بووبێ. دەستتان ماچ دەکەم و هەواڵیتان دەپرسم.

سڵاوتان لێ بێ و لە هەمان کاتدا ماڵئاواییتان لێ دەکەم. ناشزانم ئێستا لە کوێن و کەوتوونەتە کام وڵات و لە کام شاردا گیرساونەتەوە مردوون یا ماون...

نازانم لەکوێ دەست پێبکەم و لەکوێ کۆتایی پێ بێنم، بەڵام ئەوەی دەمەوێ بۆتان ڕوونی بکەمەوە و زۆر لام گرینگە، ئەوەیە کە بزانن من هەم و پاش گرتنی باوکم لەدایک بووم.. دایکم کە پاش لەدایکبوونی من کۆچی دوایی کرد و من هۆکاری مردنەکەی بووم، وە ئەگەر من نەهاتبمە سەر دنیا و لەدایک نەبووبام ئەو سەری نەدەنایەوە.. بەڵام پاش مردنی ئیسماعیلی باپیرم، هەشتساڵی ڕەبەق وێڵی چیا و چۆڵان بووم و بەدوای باوکی بزربوومدا گەڕام، نەمزانی لە کوێیە... ماوە یا کوژراوە. وەک چۆلەکەیەکی باڵ شکاو کەسێ نەبوو داڵدەم بدات و پێم بڵێ ئێوە لە کوێن. بەتەنیا شارە و شار، گەڕەک گەڕەک، گوند گوند، دۆڵ و پێدەشتەکان گەڕام. کەچی نەتانم دۆزییەوە و خەبەرێکی ئێوەم نەزانی.

کە دایکم و باپیرم ئیسماعیل مردن. بەتاقی تەنیا و بێ کەس و بێ مێژوو مامەوە، وا دیارە بەبێ ئێوە و بێ مێژووش سەردەنێمەوە. باپیرم ئیسماعیل هێشتا تەمەنم لە یازدە ساڵی ڕەتی نەکردبوو نەخۆشی زۆری بۆ هێنا و خوا بۆ خۆی بردییەوە. پاش مردنی ئەویش هەر بەجارێ ژیانم تاڵ بوو و ڕووم لە هەر کوێ کرد دەرگاکانی بەڕوومدا داخرا، وەک ئەوەی غەزەبی خوا بێ و بەسەرمدا بباریێ، یا

تۆڵە کردنەوەیەک بێ، تووشی هەزار گێرمە و کێشە و گرفت بووم. وام لێهات لە هەموو شتێ بێزار و نائومێدبم و دنیا بەتەواوی لەبەرچاوم ڕەش بێ. بۆیە بڕیارم دا خۆم بکوژم و خۆم لەم بێزاری و نا ئومێدی ئەو وەحشەتە ڕزگارکەم... کە نەزانم باوکم لە کوێیە. ماوە یا نەماوە، کە نەزانم ئێوەش کەوتوونەتە کوێ. بۆچی بژیم. دنیا هێندە ناهێنێ بۆی بژیم، کە مرۆڤێک نەزانێ ڕەگوڕیشەی لە کوێ داکوتێ و نەزانێ باوکی کێیە، خزم و کەسوکاری لە کوێن، مام و پوور و داپیرەی لە کام وڵات دەژین، چۆن تام لە ژیان دەکات، چۆن ژیانی لێ نابێتە دۆزەخ. کە نەزانم لە کام بستە خاک ڕەگوڕیشە داکوتم و کەسم نەبێ، کە باوەشێکی گەرم نەبێ وەک باوەشی ئێوە، ئەو لاشە سست و خاوەم لە باوەش بگرێ، ژیرم کاتەوە... وەک منداڵێ ڕامژەنێ. با سەر بەخاکوخۆڵی گۆڕەکەم بکەم باشترە. چەند خۆش بوو ئەمێستاکە ئامێزی داپیرەم، یا ئێوە لە ئامێزم نێن. سەرم بخەنە سەر ڕانتان و گۆرانیم بۆ بڵێن و دەست بەپرچمدا بهێنن... تا تێر بخەوم، داسەکنێم و ئیسراحەت بکەم، چیتر وێڵی شاران نەبم. ئیسماعیلی باپیرم بەر لەوەی بمرێ هەموو شتێکی بۆ گێڕامەتەوە و باسی سەربووردەی ژیانی باوکم و باپیرم و داپیرمی بۆ کردووم. دەزانم باوکم لە کاتی گرتنیدا چ ئازایەتییەکی نواندووە و چۆن بەرەنگاری دوژمنەکانی بۆتەوە. دەزانم باپیرەم خەڵکی کوێ بوو، خۆشی لەبەرچی لە زێدی باووباپیرانی هەڵقەڵاوە. بۆ ئەوێی جێ هێشتووە و چ کاتێ لەگەڵ دایکم ئاوارە بوون. بەسەربووردەی یەک بەیەکی باوکم و باپیرم و داپیرەم ئاگادارم دەزانم چۆن مرۆڤێک بوون. ئەی باوکم و باپیرم ڕاوچی نەبوون، ئیسماعیلی باپیرم دەیگوت باوکم و باپیرم ڕاوچی زۆرکارامە و شارەزا بوون. هەتا لە بارەی ئاسکەکانی خۆشی قسەی بۆ کردووم. ئاسکە خرپن و جوانەکەی باوکیشم هەروەها... دەیگوت: چاوم بەرایی نەدا باوکت لێم دووربێ، بۆیە دایکتم لە گوند دوورخستەوە. گوتم نەوەکا شتێکی لێ بێ. بەڵام لە بارەی ئێوە شتێکی دەزانی. نەی دەزانی داپیرم و پووری باوکم چیان لێ هاتووە و بۆ کوێ چوون، چونکە ئەو بەر لە ڕۆیشتنی ئەوان گوندی جێهێشتبوو و لەگەڵ دایکم ئاوارە ببوون. دەیگوت: جەندرمەکان بەجۆرێکی نامەردانە باوکتیان ڕاپێچی سەربازی کرد و بەکەلەپچەکراوی دایانە پێش خۆیان و





بردیان، منیش ناچار بووم دایکت کە تۆی لە زگدابوو لەوێ دووربخەمەوە. نەوەکا لە خەفەتان تۆی لە باربچێ، بۆیە پاش ئەم ڕووداوە هاتینە ئەو دیو سنوور و لە گوندێکی شاری (د) گیرساینەوە. ئینجا تۆ پاش حەوت مانگ لەدایکبووی. بەڵام هەزار مخابن بەسەر منداڵبوونەوە، واتا بەسەر تۆوە مرد و گیانی پاکی سپارد بەکۆچی دوایی کردنی دایکیشم ئیتر باپیرەم ڕۆژ بەڕۆژ لە کورتی دا و لە خەم و خەفەتان پووکایەوە. تا پاش چەند ساڵێ بەزگی دا و ئەویش مرد. سڵاو لە هەمووتان، لەوانەی ماون و لەوانەی نەماون. سڵاو لە مامم، یا پوورم کە پاش بزربوون و شوون بزربوونی باوکم لەدایکبوون. چونکە ئیسماعیلی باپیرەم دەیگوت: داپیرەت بەر لە ڕۆیشتنی ئێمە زگی هەبوو... جا نازانم ئێستا مامێک یا پوورێکی بۆم هێناوە... یا نا

سڵاو لە ڕۆحی باپیرە گەورەم،... لە داپیرەم

لە باپیرە ئیسماعیل، لە دایکم...

ماڵئاوا... ماڵئاوا... بەخوام سپاردن

مەم عەلی

کە لە خوێندنەوەی نامە پڕ لوغز و نهێنییەکە بوومەوە. وەک ئەوەی ئاوی سارد، یا بەفراو بەلەشمدا بکرێ لە شوێنی خۆم سڕبووم، خەریک بوو خوێن لە دەمارەکانم وشک بکات، سەرم لەناو گێژاوی وشە کاریگەرەکانی گێژ و کاس بوو. سەر ئێشەیەکی توند دایگرتم... بێ دەنگ و سەرسوڕما و چاوم لەسەر پیتەکانی وشەی مەم عەلی ڕووا... دەتگوت حەب و دەرمانی خەوتنم پێ دراوە و خواردوومە. هێدی هێدی کەللەی سەرم گران بوو... دڵم داخورپا و هێندەی نەمابوو ببوورێمەوە... یانێ ئەو کوڕە گەنجە سوور و سپییەی لە سەفەرکردندا هاتە ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکە و لەتەنیشتم دانیشت و ئێستا وا لەناو سندووقێکدا بەرامبەرم ڕاکشاوە... برازامە، واتا کوڕی عەلی برامە، ئەویش وەک من پاش مردنی باوکی لەدایکبووە. تەنیا جیاوازیەکیش کە لەنێوانماندا هەبێ ئەوەیە کە دایکم کاتێ منی بوو، گیانی نەسپارد، بەڵام دایکی ئەو بەسەر ئەوەوە لە کاتی لەدایکبوون مردووە. ئینجا پاشتر ئیسماعیلی باپیری هەموو ڕووداوەکانی بۆ گێڕاوەتەوە و وای لێ کردووە بەدوای ئێمەدا وەک گەریدەییەک شارە و شار دنیا تەی بکات، بەڵام لە ئەنجامی نائومێدبوون و بێ ئاکامی گەڕان و سووڕانەکەی بڕیاری خۆکوشتنی داوە. کەواتە وەک من نەگەیشتۆتە هیچ. من ئاسا هەمان پرسیار هەڵەتەی هەردوو کێوانی کردووە:

– کێ باوکمی برد و بۆ بردیان و چی لێهات؟

ئەمە چ ڕێکەوتێکی سەیرە ئێمەی بەیەک گەیاند... لە ماوەیەکی کەمدا تووشی دوو ڕێکەوتی سەیر بووم... خەبەری مردنەکەشی هەر ڕێکەوت بوو. ئەگەر چی زۆرم پێ ناخۆش بوو کاتێ لە نەخۆشخانەکە ئەرکی بردنەوەی تەرمەکەیان پێ سپاردم. بەڵام ئەوەتا لە جیاتی دۆزینەوەی عەلی برام، تەرمی کوڕەکەی دەهێنمەوە. وا دەیبەمەوە... تازە تەواو زۆربەی شتەکانم بۆ ڕوون بووەوە. ئێستا دەزانم تەرمەکەی بۆ کوێ دەبەم و مردووەکەش کێیە، باوکی ناوی چییە و کەسوکاری کێن، خەڵکی کام وڵاتە. دایکم وەک ئەوەی هەست بکات هەواڵێ لە بارەی عەلی برام بەڕێوەیە و زۆری نەماوە بگات... خەونە پچڕ پچڕەکانی بەشەوقەوە دەگێڕایەوە و لە کاتی گێڕانەوە و درکاندنی نهێنییەکانی ماوە ماوە دەهاتە سەر گەڕانەوەی عەلی برام... بۆیە وا ڕشت بوو و دەیگوت عەلی وا بەڕێوەیە و دێتەوە. جگە لە نەبوونەوەی گرێکوێرەی کاغەزەکەی ناو گۆڕی باوکم کە پاش ڕفاندنی بەجێ مابوو، شتێکی دیکە نەما ژیانم لێ تاڵ بکات... وا خۆم و تەرمی مەمی برازام دەچینەوە باوەشی دایکم. ئەو دایکەی خوا دەزانێ ئێستا لە چاوەڕوانیدا چی لێهاتووە... ماوە، یا مردووە. ئەگەر مردبێ ئەوا خوای لەگەڵ، بەڵام ئەگەر مابێ چاوەڕێیە خۆم و دیارییەکەم بگەمە جێ... واتا دەبێ تەرمی کوڕەکەی عەلی بەدیاری ببمەوە ماڵەکەی خۆمان... پاشان گۆڕێکی دیارکراوی بۆ لە گۆڕستانی شێخ محەمەد لەتەنیشت گۆڕی بەناو باوکی بۆ لێدەم و هەر لەوێ بینێژم... لەو حاڵەتەشدا ئەو لە باوکی و باپیرەی بەختەوەرتر بێ، چونکە ئەوان گۆڕی ڕاستەقینەیان نییە و کەس نازانێ ڕۆحیان بۆ کوێ هەڵفڕیوە... هەر کە گەیشتمە ماڵەوە دایکم دەتگوت زانیویەتی دەگەڕێمەوە و هەواڵێکم پێیە. لە دەرگا وەستا بوو و چاوەڕێ بوو. بەڵام نەمزانی چۆن لە شوێنی خۆی هەستاوەتەوە

و ڕاست بۆتەوە. ئینجا تا دەرگا هاتووە... یەکسەر بەرەو ڕووم هات و پێشوازی لە تەرمەکە کرد. تا منیش سندووقەکەم هێنایە حەوشە ئەو گەیشتە سەرمان و سنگی پێدا کرد، پاشان کەوتە ماچکردنی سندووقەکە و لەسەر تەرمی برازاکەم کە کوڕی کوڕی خۆی بوو دوا هەناسەی دا و دوایین فرمێسکی لەسەر ڕشت. ئینجا پاش بێ دەنگییەکی بێزارکەر دەنگی شمشاڵێ هات و هێدی هێدی لە حەوشەکەدا پەرت و بڵاو بۆوە، نەرم نەرم هات و تووڕەیی ناخمی هێور کردەوە هەر چوار دەورمی خستە جۆش و خرۆش ماڵەکەی لێ کردمە مێرگێکی خۆشی پڕ گوڵ و گوڵزار پڕ ئاسکی خرپن

پڕ نووری خوا
ئەم دەنگە خۆشە لەم کاتە پڕ ماتەمینیەدا
لە کوێ دەهات





لە قووڵایی دەریای ڕۆحی ئاسکە خرپنەکەی عەلی برام
یا لە گەرووی شمشاڵە بەجێ ماوەکەی ناو گۆڕی باوکم
ئەم دەنگە خۆشەی دنیای دەهێنایە هەژان
لە کوێ دەهات
لە سندووقەکەی تەرمی مەم
یا لە ڕۆحی پەپوولەیی دایکم
ئەودەنگە خەم ڕەوێنەی لەو دیو سنوور دەهات
ڕێ ڕێ وەک بۆنی هەڵاڵە و بەیبوون دەڕۆیشت
دەهات و مەرگی دایکمی پیرۆز دەکرد
لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە
لە ئاسمانەوە
لەودیو سنوورەوە دەهات و
دەیگوت مەرگتان پیرۆز ئەی پەپوولە ڕۆح سووکەکانی بەهەشت

١٤- ٣ تا ٢٠ - ٤ - ٢٠٠٢

## چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣

١٧٧:١ – بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام
١٧٨:٢ – البارزاني. مسرحية للأطفال. تأليف: أحمد إسماعيل إسماعيل
١٧٩:٣ – بارزانی. شانۆگەری بۆ منداڵان. نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەهدی خۆشناو.
١٨٠:٤ – کابینەی چوارەم: تەمەنێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر. چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.
١٨١:٥ – من مهاباد الى اراس. ترجمه من الفارسية الى الكردية: شوكت شيخ يزدين. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي.
١٨٢:٦ – تەمی سەر خەرەند. ڕۆمان. شێرزاد حەسەن.
١٨٣:٧ – بارگەی یاران. سەرجەمی شیعری هێمن.
١٨٤:٨ – هەواری خاڵی. سەرجەمی نووسینی هێمن.
١٨٥:٩ – زیندەخەو – ڕۆمان. نووسینی: فەتاح ئەمیری.
١٨٦:١٠ – پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین. ڕۆمان: د. فەرهاد پیرباڵ.
١٨٧:١١ – هەیئە. ڕۆمانی: سەلام عەبدوڵلا.
١٨٨:١٢ – ئاڤێستا – لەمێژینەترین سروودی کورد. کۆکردنەوە و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی – ج. قەقنەس.
١٨٩:١٣ – خەنجەرە زێڕینەکەی عومەر قادر. نووسینی: جۆن هنری میولر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی. بژارکردن و داڕشتنەوەی: غەریب پشدەری.
١٩٠:١٤ – الجَيْش الأيوُبي في عَهْد صَلاح الدّين (تركيبه. تنظيمه. أسلحَته. بحريَّته. وَ أبَرز المعارك التي خَاضهَا). تأليف: الأستاذ الدكتور مُحسنِ محَّمد حُسَين.
١٩١:١٥ – کورد و کوردستان– لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بەباری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ کراوە. نووسینی: کۆمەڵێک لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز. وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف.
١٩٢:١٦ – ئەنفال و ئافرەتی کورد. دانانی: عەدالەت عومەر سالح.



١٩٣:١٧ – کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە. نووسینی: هاوڕێ باخەوان.
١٩٤:١٨ – الإنتفاضات البارزانية. تأليف: كاوس قفطان.
١٩٥:١٩ – گۆرانیبێژە نەمرەکان – بەشی دووەم. دانانی: باکوری.
١٩٦:٢٠ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ١ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٧:٢١ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ٢ . د. جمال رشيد أحمد.
١٩٨:٢٢ – کۆچڕەو... کۆچڕەو. عەبدوڵڵا سەڕاج.
١٩٩:٢٣ – بەهاری ڕەش. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
٢٠٠:٢٤ – بەفر یا ئەشکەوتی مراز. ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی.
٢٠١:٢٥ – خاتوون T. ڕۆمان: میلان کوندێرا. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە. د. ئەحمەدی مەلا.
٢٠٢:٢٦ – پەیام بۆ گریکستان. نیکۆس کازانتزاکیس. یادەوەری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی.
٢٠٣:٢٧ – فرانسیسکۆس قەدیسی من. ڕۆمان. نیکۆس کازانتزاکیس. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی.
٢٠٤:٢٨ – ژیان و بەرهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس. کۆکردنەوە و پێشەکی: ئومێد ئاشنا
٢٠٥:٢٩ – پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی.
٢٠٦:٣٠ – ڕۆمانی نامۆ و لێکدانەوەیەک، لەگەڵ دوو شانۆگەریی بەدحاڵی بوون و دادپەروەران. نووسینی: ئەلبێر کامۆ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمەکەریم عارف.
٢٠٧:٣١ – جەنگ – ڕۆمان. سەلاح عومەر.
٢٠٨:٣٢ – هەژان – چەند کورتە چیرۆک و ڕۆمانێک. نووسینی: کاروان عەبدوڵڵا.